




# بێکەس... کێوی بەرگری و کزەبای شیعر

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی

# پێرست

١- نەوەیەک لە ڕێگەی بێکەسەوە ئاوڕی لە مانگ دایەوە و سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی ........................................ ٣

٢- گۆران دەزانێ بێکەسی هاوڕێی چ گەوهەرێکە و بۆ ئەو کۆمەڵگە دواکەوتووە چەند پێویستە ........................ ٩

٣- بیست و حەوت ساڵەکەی بێکەس لەدەرەوەی مێژوو بۆ ئەبەد بەردەوامە ........................................ ١٤

٤- بەهەشتی کورد سەربەخۆییە، رووحی کوژراوی کورد لە سەربەخۆییدا دەگاتە بەهەشت ................................ ٢٠

٥- شیعری (داری ئازادی) گوتاری بەرگری و نیشتیمانیی شیعری کوردی گەیاندە لووتکە ................................ ٢٧

٦- تووڕەترین ڕەخنەگرە کە سلێمانی لە دروستبوونییەوە تا ئەمڕۆ بەخۆیەوە دیبێ ................................ ٣٣

٧- یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی کۆچ ئەو کۆتوبەندەیە کە کۆمەڵگە دەیخاتە دەست و عەقڵی تاکەکانەوە ............ ٣٩

٨- کەسێک سامانی ڕاستەقینەی نییە کە خۆی موڵکی خۆی نەبێ ................................................ ٤٥

٩- تووڕەبوونی بێکەس، تووڕەبوونی رۆحیەتی بریندراری شیعرە لە خوێنەر و گوێگرەکانی ................................ ٥٠

١٠- ڕەخنەگرە گەورەکەی سەدەی ڕابردوو فایق بێکەس ................................................ ٥٦

١١- ئەم شیعرە لە دیوانەکەدا ڕێکەوتی نووسینی لەسەر نییە ................................................ ٦١

١٢- دوو دیوی دیار لە ژیانی بێکەسدا هەیە ................................................ ٦٧

١٣- تووڕەییەی بێکەس بەرامبەر جەهلپەرستیی نەتەوەکەی رۆژ بەڕۆژ فروانتر بووە ................................ ٧٣

١٤- من ئەوە چواردە هەفتەی تەواوە لەگەڵ بێکەسدا دەژیم ................................................ ٧٩



سەرچاوە
Serchawe

# بێکەس... کێوی بەرگری و کزەبای شیعر




## نەوەیەک لە ڕێگەی بێکەسەوە ئاوڕی لە مانگ دایەوە و سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی

١

پێشتر نووسیم، گەورەترین پێناس و شانازی بۆ من ئەوەیە کە خوێنەری شیعر بم، ئاخر ئەوەندەی شیعر شاگەشکەی کردووم، ئەوەندەی شیعر رووحی لاواندوومەوە، ئەوەندەی شیعر فریام کەوتووە، هیچ شتێک فریام نەکەوتووە، مەگەر سروشت، ئەویش تەنیا لە تەمەنێکی تایبەتدا، پێش ئەوەی مرۆڤ سروشت ڕاونێ تا ئەودیوی سنوورەکان. شیعریش تووشی ئەو ڕاونانە بووە، بەڵام جارێ ناچمە سەر ئەو بابەتە، ئەوەش تەنیا لەبەر ئەوەی پێناس و شانازییەکەم دوچاری کەموکوڕییەک نەکەم. بێکەس وەک پاشایەکی مەملەکەتی شانازییەکەم، هەمیشە فریام کەوتووە. تاکە پاشا و دەروێشێک کە دەبوو راستەوخۆ دوا یان پێش نالی باسی کەم، مەحویی نوور و ویقارە، کە ئەوەندە شەرمەزارم لە ئاستیدا مەحاڵە بتوانم سەر هەڵبڕم. دەشێ بۆ هەتاهەتایە و سەد وتاریشی دەربارە بنووسم، قەرزی مەحویم پێ نەدرێتەوە. بۆ دەرۆزەکەرێکی بەر قاپی مەحوی، تەنیا شەرمەزاری شیفایە.

دەمەوێ دەربارەی بێکەس بدوێم، دەربارەی منداڵی و دەربەدەری و دەردەسەرییەکانی، کەچی مانگەکەی ڕێگەم پێ دەگرێت و بوارم نادات. مانگەکەی بێکەس بە لای کەمەوە ئەوەندەی ئەو مانگەی منداڵی کار تێ کردووم کە هەمیشە لە ئاسمانەوە بەدوامەوە بوو. بۆیە ناچارم لەپێش هەموو شتێک، یادێکی بکەمەوە:

ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین،
هەردوو گرفتار یەک ئاهی سەردین،
تۆ وێڵ و ڕەنگ زەرد بە ئاسمانەوە،
منیش دەربەدەر بە شارانەوە.

بێ گومان ئەو شیعرە یەکێکە لە شیعرە هەرەبەرزەکانی بێکەس، تەنیا ئەو هۆنراوەیە بەسە بۆ ئەوەی بێکەس کەسی هەموومان بێت. شاعیرێکی تاقانە بێت، نەوەیەک لە ڕێگەی بێکەسەوە ئاوڕی لە مانگ دایەوە، گەلێک بەهۆی بێکەسەوە سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی، بۆ یەکەم جار بێکەس پێی گوتین مانگیش لە گەڕان و پیاسەدا نییە و گرفتارە، هەر لەو ڕۆژەوەش مانگ بووە قیبلەگای عاشقان. لەو ڕۆژەوە ڕەنگی مانگ لە سپییەوە گۆڕا بۆ زەرد، زەردی هەناسەساردی. هەر لەو ڕۆژەوە هەموو ڕێبوارێک هەستی کرد هاوڕێ و هاودەردێک بەدواوەیەتی.

من جارێ دەمەوێت لە بێکەس بدوێم، بێکەسێک کە هێشتا ناوی فایقی عەبدوڵا بەگی کوڕی کاکە حەمەی کوڕی ئەلیاسە قۆجە (زانیارییەکانم دەربارەی ژیانی بێکەس لە دیوانەکەی وەرگرتووە، کە کاکە حەمەی مەلا کەریم پێیدا چووەتەوە و پێشەکیی بۆ نووسیوە)، بەڵام بەدڵنیاییەوە سەرەڕای ئەو هەموو ناو و بەگ و بنەماڵەیە، فایق، بێکەس بوو. فایق لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا لە ١٩٠٥ لەدایک بووە، ئەو سەدەیەی کە جارێ کەڵبە ترسناکەکانی دەرنەکەوتبوون. بێ گومان هیچ گیاندارێک هێندەی سەدەی ڕابروو زوو نەکەوتە سەر پێ و زوو کەڵبە ئەژدیهاییەکانی سەریان دەرنەهێنا. ناکرێ ئەو بەشەی ژیانی بێکەس وەک خۆی نەگوازمەوە:

(ساڵی یەکەم و دوومی تەمەنی لە سیتەکی بەسەربردووە و پاشانماڵیان هاتووەتەوە سلێمانی. لە تەمەنی سێ ساڵانا ئاوڵەی دەرداوە. هەر بە منداڵی باوکی لە حوجرەی (فەقێ) خستوویەتییە بەر خوێندن، لە ساڵی ١٩١١دا باوکی بە ئیشی میری نێردراوە بۆ خانەقی و لەوێوە بۆ بەغدا. لە بەغداوە ئەینێرێ بەدوای ماڵ و منداڵەکەیا و ئەیانباتە ئەوێ. پاش ساڵێک خۆی چووە بۆ تورکیا و ئەمانی لە بەغدا بەجێهێشتووە، ئیتر فایق باوکی نەدیوەتەوە. هەر لەو ماوەیەدا حەمەسەعیدی برا گەورەی لە ئاوی دیجلەدا ئەخنکێ و دوابەدوای ئەو دایکیشی کۆچی دوایی ئەکا و فایق ئەکەوێتە لای خاڵی. ئەویش پاش چەند مانگێک ئەمرێ و فایق و تاهیری برا بچووکی بە بێکەسی ئەمێننەوە). ئەو سەدەیە ئیشتیهای بە

خێزانەکەی بێکەس دەکاتەوە. دوای دوو ساڵ ناچار دەبن بێنەوە سلێمانی، کە فایق دەبێتە شەش ساڵان باوکی لێیان دوور دەکەوێتەوە، ئەو خێزانە هەژار و ساوایە دوای ساڵێک لە بەغدا یەک دەگرنەوە، ئەوەش درێژە ناکێشێ و ساڵێک دواتر باوکیان دەڕواتە تورکیا، ئەگەر ئەوە یەکەم زەبری بێ قەرەبوو بێ کە بەر فایق بێکەس و خێزانەکەی کەوتووە، ئەوا زەبری دووەم خنکانی حەمەسەعیدی برا گەورەیەتی، بۆ ژنێکی تەنیای کورد لە شاری بەغدا چ کارەساتێکە بەجێهێشتنی مێرد و مردنی کوڕی گەورە! زەمەن چاوەڕێ ناکات ئەو خێزانە لەو زەبرە بەئاگا بێنەوە، زەبری سێیەمیان لێ دەدات، کە کوشندەترین و کاریگەرترین زەبرە، ئەویش کۆچی دوایی دایکیەتی. ئەوەش بێبەزەیترین شەڕە زەمەن دژی کەسێک هەڵیگیرساندبێ. بە مردنی خاڵیشی بەڕاستی فایق بێکەس دەبێت. لێرەوە دەزانین کە هەموو شاعیرەکان نازناویان بۆ خۆیان دانابێ، ئەوا بێکەس بۆ فایق ناسناو نییە و ناوی ڕاستەقینەیەتی.

**دەمەوێت لە سێ ڕوانگەوە لەو پیاوە هەرە بەبرین و دەردە بدوێم، کە توانی بەو هەموو زامەوە نەک هەستێتەوە سەر پێ، بەڵکو بەرامبەر دنیا بوەستێتەوە؛**

**یەکەم**، وەک شاعیر، ئەوەیان تۆزێک ئاڵۆزە، مەبەستم بێکەسە لەناو ئەو شیعرانەیدا کە وەسوەسە و جوانیناسی تا ئەوپەڕی بیرکرنەوە و تەئەمولی دەبەن و گەوهەرە شیعرییەکانی دەنووسێ، وەک شیعری (ئەی مانگ، داری ئازادی، بەهار نامەوێ...) بێکەس لەو شیعرانەیدا بە رووحێکی جیهانبینەوە بەسەر سروشت و بەها مەعنەوییەکانی ئینساندا دەڕوات.

**دووەم**، من بێکەسم زیاتر وەک ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی بەلاوە گرنگە. ئەو لایەنەی بەلای منەوە پڕشنگدارترین لایەنی فکر و ژیانی بێکەسە. ڕەخنەی توندی لە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان هەبووە، بەوپەڕی بوێری و ڕاشکاوییەوە دەنگی بەرز کردووەتەوە، بە جۆرێک کە تا ئەمڕۆ نموونەی کەمە.

**سێیەم**، هەستی نیشتمانپەروەری و هەستی بەرگری. بێکەس وەک نیشتمانپەروەرێک، ئەو هەستەی بۆ خۆشەویستیی نیشتمان لای من جیاوازە لەو رووحە بەهێزەی بۆ بەرگری هەیەتی. دوو کایەی جیاوازن، بەڵام تەواوکەری یەکتریشن. ئەگەر روونتر بدوێم، دوو بیرکردنەوە و هەڵوێست، یەکێکیان خۆشویستنی نیشتمان و زێدە کە تێکەڵێشە بە مرۆڤدۆستی، واتا ئەو خۆشەویستییەی بۆ وڵاتەکەمان هەمانە دەبێ لە ڕێزگرتنی ئینسانەکان و خۆشەویستیی کانییەکدا هەبێ. هەر وەک ئەوەی گۆرانی هاوسەردەم و هاونەوەی بێکەس گوزارشتی لێ دەکات (کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو)، بەڵام ئەو هەستە مەرج نییە تێکەڵ بێ بە سیاسەت، من ئەو هەستە لە شیعرەکانی بێکەسدا دەبینم. بەشی دووەمی ئەو وڵاتپەروەرییەی هەستی خۆشەویستیی نیشتمان و بەرگرییە، بێ گومان ئەو هەستی بەرگرییە تێکەڵێشە بە سیاسەت، کە جارێ حزب

سیاسەتی بەرگری و نیشتمانپەروەری هێندە لیخن نەکردبوو.

کەواتا دەبێ قەرزی سێ دیوی بێکەس بدەینەوە. هەستە ئێستاتیکە شاعیریەکەی، هەڵوێستە رەخنەییە مەزنەکانی، رووحیەتە بەرگرییەکەی. بێ گومان بۆ گرێدانەوەی ئەو بەشەی ئەو وتارەکە بەو کێشە و سەنگەر لەیەکگرتنەی نێوان کۆرۆنوالیس و جەمیل مەدفەعی دەبێ لە خاڵی سێیەمەوە دەست پێ بکەم.

ئێمە لە حەوت وتاری ڕابردوودا (کە من ئەم وتارە بە بەشێک لەوان نازانم) لە کێشە و موناقەشەیەکی زۆر قورس دواین لەنێوان بیرکردنەوە و ڕایەکی ئەوروپایی بەرامبەر بیرکردنەوە و ڕای دەسەڵاتدارانی بەغدا دەربارەی کورد. ڕاستە ڕایەکان بەرامبەر یەکتر توند و پێچەوانەی یەکتر بوون، هیچیشیان نیەت و مەبەستی خۆیان نەشاردەوە، کە بەدرێژی باسمان کردن. ئەوەی ماوەتەوە و لە سۆنگەی بێکەسەوە دەمەوێ لێی بدوێم، هەڵوێستی کوردە، ئەوان لەو سەرەوە بەرنامە بۆ کورد دادەنێن و چارەسەریی بۆ دەدۆزنەوە و پیلانیشی لە دژدا دەگێڕن. ئایا کورد خۆی ڕۆڵی چی بووە؟ ئایا کورد نیگەران و ناڕازی بووە لە دەسەڵاتی بەغدا؟ ئایا هەر وەک ئێستا گرووپێک خەریکی ڕێککەوتنی ژێربەژێر و گرووپێکی دیکە خەریکی شۆڕش یان کێشە و گۆبەند بوون؟ ئایا هەر لە بنەڕەتدا کورد کێشەیەکی نییە و سەربەگۆبەندەکان دروستی دەکەن؟ ئایا جەمیل مەدفەعی ڕاست دەکات ئەو کێشەیەی بە کێشەی کورد ناوزەد کراوە (کێشە و گۆبەندێکە لەبن سەری چەند گێرەشێوێنێک)؟ ئایا کۆرۆنوالیس ڕاست دەکات و کورد کێشەی نەتەوەیی هەیە و بە سزادانی چەند کەسێک، لەناوبردنی جوڵانەوەیەک کۆتایی نایەت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە و چەندانی دیکەش کە سەرچاوەکەیان یەک شتە، ڕێگاو میکانیزم و بەڵگە زۆرن، بەڵام من تەنیا پشت بە دوو سەرچاوە دەبەستم، یەکێکیان مەزبەتەیەکی گرنگی پیاوماقووڵانی سلێمانییە (وەک نیشتمانپەروەر) کە ئازاد عەبدولواحید لە ژمارە ٩١ی گۆڤاری (ڕامان)ی کانوونی یەکەمدا بە شرۆڤە و لێکدانەوەوە بڵاوی کردووەتەوە. دووەم سەرچاوەشم شیعرە نیشتمانی و بەرگرییەکانی بێکەسە. لە هەردووکیشیان پشتئەستوورم بە یەک شت، ئەویش ئەوەیە ئەو مەزبەتەیە نموونەی دەیان مەزبەت و نامەی سکاڵا و داواکاریی دیکەیە، کە لەوپەڕی دڵسۆزیی نیشتمانپەروەری و خۆنەویستیدا نووسراون. شیعرەکانی بێکەسیش لەو بوارەدا پاکتر و خۆڕسکترین بەرهەمن کە گوزارشت لە ڕای نەک تەنیا خەڵکی سلێمانی، بەڵکو تەواوی کورد بکەن.

## مەزبەتەکەی پیاوماقووڵانی سلێمانی:

ئازاد عەبدولواحید کە بۆ یەکەم جار ئەو بەڵگەنامە گرنگەی بڵاو کردووەتەوە، لە سەرەتای شرۆڤەکەیدا دەنووسێ (ئەم بەڵگەنامەیە کە لە نیسانی ١٩٣٠، بە ناو و ئیمزای (کورد) لەلایەن چەند منەوەر و سیاسەتمەدارێکی کوردەوە پێشکەش

وەزارەتەکەی (نووری سەعید..سەعدییە) کراوە، ئەم دۆکیومێنتەش بێجگە لەوەی بۆ ئەو ساڵە و لە کاتی خۆیدا گرنگیی خۆی هەبووە لەوەی پاڵەپەستۆ و فشاری خستووەتە سەر ئەو وەزارەتە لە بەدیهێنانی داواکانی کورد و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی، بۆ ڕۆژی ئەمڕۆکەش و لەدوای تێپەڕبوونی ٧٤ ساڵ (کاتی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکە ٢٠٠٤) بەسەر نووسینی ئەو یاداشتنامەیەدا هەر زیندووە و ئەو گرنگییەی خۆی لەدەست نەداوە).

ئەو بەیاننامەیە تا ڕادەیەک درێژە (بۆ ڕۆژنامە) منیش بۆ ئەوەی لە مەبەستەکەی خۆم دوور نەکەومەوە، هەمووی نانووسمەوە. تەنیا بەدوای هەستی نارەزایەتیی کورددا دەگەڕێم، بۆیە هەوڵ دەدەم ئەو بەشانەی بگوازمەوە. بەیننامەکە ئاوا دەست پێدەکات (لاحیقە ژمارە (٢ - ٣)، نیسانی ١٩٣٠، مولاحەزاتمان دەرحەق بە بەیاناتی وەزارەتی حازرە (سەعیدیە). هەر وەک کاک ئازاد دەڵێ، بەپێی ژمارەکە و (لاحیقە) دیارە پێشتر داواکاریی دیکەیان ناردووە، بەڵام بۆ من ئەو دۆکیومێنتە بەسە.

هەر لەسەرەتاوە پیاوماقووڵانی کورد بەوپەڕی ڕاشکاوی ڕای خۆیان دەنووسن (لە پاش تەدقیق و تەحقیقی ئەو بەیاناتە ڕەسمییە وەزارەتی حازرە کە لە (٣٠ی نیسانی ١٩٣٠)دا لە جەرائیدی بەغادا نەشر کرابوو، لە نەزەر میللەتی کورد وادیارە کە: سیاسەتی وەزارەتی حازرە، سیاسەتێکی تەفرەدان و وەقت بەسەر بردنە).

زۆر بەڕوونی بە بەغدا دەڵێن (تەفرەدان و وەقت بەسەر بردن). من لەو بڕگەیەدا تەنیا بەوە دڵخۆشم کە ئەوکاتە پەرلەمانتاری کوردی وەک ئێستا سەیر و سەمەرەمان لە بەغدا نەبووە، دەنا لەبەرامبەر (تەفرەدان و وەقت بەسەربردن) لە پیاوماقووڵانی سلێمانی بەدەنگ دەهاتن و دەیانکردنە بەکرێگیراو و گێرەشێوێن. لەمێژوودا هەرگیز، هەتا لەسەردەمی مەلیکیشدا کە نوابەکان دەکڕدران و بە فرتوفێڵ دەردەچوون و نەخوێندەواریش بوون، هەرگیز کورد ئەو جۆرە نوێنەرانەی نەبووە کە ئەوەندە بەتوندی بەسەر هەرێمەکەی خۆیان و کورددا هەڵشاخێن و ببنە پارێزەرێکی خۆبەخش بۆ حکوومەتی بەغدا، بەبێ ئەوەی هیچ نیازپاکییەکیان لە بەغداوە دیبێت و هیچ دەسکەوتێکیشیان بۆ نەتەوەکەیان بەدەست هێنابێ.

هەر چۆنێ بێ پیاوماقووڵانی سلێمانی گوێ نادەنە بریندارپوونی هەستی پەرلەمانتارەکانی ئەمڕۆی کورد و کاربەدەستانی حکوومەتی نوری سەعید و لەسەر نووسینی خۆیان بەردەوام دەبن (میللەتی کورد وای لا خۆش ئەبوو کە وەزارەتی حازرە دەرحاڵ ئیکمالی بەقیەی بکردایە، ئیتر میللەتی کورد نایەوێ ئەوقاتی خۆی بە تەفرەدان زایع و بە وەعدی ئیمڕۆ سبەی خۆی ئیغفال بکا...). سەرەڕای ئەوەی کە ئەزموونی ئەو پیاوماقووڵانە و کاربەدەستانی عێراق تەنیا چەند ساڵێکە، بەڵام ئەو ساڵانە بەس بوون بۆ ئەوەی لە مەبەستی ڕاستەقینەی بەغدا بگەن کە تەفرەدانە. دواتر لەسەر ڕوونکردنەوەکەیان



سەرچاوە
Serchawe

بەردەوام دەبن (لە مەسائیلی ئیداریی حازردا هەرچەندە لە تەعینبوونی ( تۆفیق وەهبی بەگ) بۆ متەسەریفی سلێمانی نامەمنوون نین، چونکە ئومێد و ئینتیزاری چاکەی لێ دەکرێ، لە عەینی وەقتدا وامان ئەویست بۆ لیواکانی تریش پیاوانی دڵسۆز و حاڵ شوناس و کورد خواهر و کوردنەژاد تەعین بکرایە و بکرێ، لەبەر ئەمە: بۆ جەلبی ئیعتیمادی میللەتی کورد دەبوایە لە تەعین کردنی متەسەریفی کەرکووک ئەم حوجەتە بخرایە بەرچاو،....... ئیتر لە ئەقوال زیاتر ئینتزاری ئەفعال ئەکرێ و کوردیش قسەی خۆی بۆ دوایی هەڵگرتووە). ئەوەی کوردی کوشتووە هەر ئەو ئینتیزارەیە، کورد با خۆی نەک بەشێک، بەڵکو بە دڵی بەغدا بزانێ، هەرگیز ناتوانێ کێشەکانی لە بەغدا چارەسەر بکات، تەنیا و تەنیا دەتوانێ (ئینتیزار بکات)، گەورەترین تێچووی ئینتیزاریش کاتە، ئێمە بۆ ئەوەی هەموو جارێ ئەو تێچوونە زۆر قورس لەسەرمان ڕانەوەستێ، دەکرێ بزانین (ئینتیزاری پیاوماقووڵانی سلێمانی) کە هەر لەسەرەتاوە بۆنی بێ ئومێدیی لێ دێت چی بەسەر هات؟ ئەنجامەکان روونن، کوردیش بەخۆڕایی قسەی خۆی بۆ دوایی هەڵنەگرتووە؟ ئینتزاری کورد ڕووبەڕووی وەڵامە قورسەکانی بەغدا بووە و قسەی کوردیش شەڕی بەردەرکی سەرا و شۆڕشی سەد ساڵە بوو. لێرەدا پێش ئەوەی بچمە سەر وەڵامی بێکەسی شاعیر و شیعرە بەرگرییەکانی، بۆ تۆکمەکردنی بابەتەکە و ساویلکەیی کوردی نەخوێندەوار کە وادەزانێ بەغدا تەنیا سەرچاوەی پارەیە، چاو لە یاسای حەرەس قەومی و حەشدی شەعبی دەپۆشێ، ئاوڕێکیش لە هەڵوێستی مەزنی مارف جیاووک بدەمەوە. (مارف جیاووک لەو مشتومڕ و دانوستانەشیدا کە لە ٨ - ٨ - ١٩٣٠دا لە شاری هەولێر کردبووی، هەڵوێستی کوردانە و بوێری خۆی بەرامبەر بەو وەفدە کە لەو ڕۆژەدا هاتبوونە شارەکە، نیشان دابوو. دیارە وەفدەکە جەعفەر عەسکەری، وەکیلی سەرۆک وەزیرانی ئەوسا، هەروەها وەکیلی مەندوبی سامی و چەند کەسێکی دیکەی لەگەڵدا بووە، مارف جیاووک داوای جێبەجێکردنی بڕیاری ئەوسای کۆمەڵەی گەلان لەمەڕ کێشەی کورد لە عێراق کردووە، جیاووک لە بڕگەیەکی قسەکانیدا لەبەرامبەر وەفدەکە دەڵێ: جەعفەر پاشا چاکی ئەزانێ ئێمە لەگەڵ عەرەبا موکین نییە بە سوورەتی تەوحید (جیاووک پەنجەکانی خستنە ناو یەکترەوە) گوتی بەم سورەتە بژین، فەقەت بە سورەتێکی (ئینجا ئەمجارە پەنجەکانی جووت کرد) گوتی قابیلە بەم نەوعە وەکو نوستریا و مەجەڕستان بژین: کەمال مەزهەر: کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیادا لاپەڕە: ١٥١ یان ڕۆژنامەی ژیان: ژمارە: ٢٠٧: ١٤ - ٨ - ١٩٣٠).

جگە لەو بەڵگە مێژووییانە، لە وتاری دادێ وەک شاهیدێکی زیندوو گوێ لە شیعرە بەرگری و نیشتمانییەکانی بێکەس دەگرین.



سەرچاوە Serchawe

## گۆران دەزانێ بێکەسی هاوڕێی چ گەوهەرێکە و بۆ ئەو کۆمەڵگە دواکەوتووە چەند پێویستە

## ٢

هەمووان پێیان وایە نیشتمان ئەو مانگایەیە کە چیدی شیر نادات و دەبێ بفرۆشرێ یان سەربڕدرێ، ئەوەش حەقیقەتی تراژیدیای کورد بوونە.

**بۆ شاعیرێ کە گیانی**
**لێی هەڵئەقولا جوانی**

ئەو شاعیرەی کە گیانی لێی هەڵئەقولا جوانی، وەک مامۆستا گۆران دەڵێ، کەمترین جار روو بەڕووی جوانی بووەتەوە. ئەو هەموو ژیانی خۆی بۆ شیعر و نەتەوەکەی، بۆ نەتەوەکەی و شیعر تەخان کرد. بۆیە ئەمڕۆ من وەک گرنگترین نموونەی بەرگری و دیارترین دیاردەی کولتووری و کۆمەڵایەتی پەنای بۆ دەبەم.

بێکەس تەنیا دەنگێک یان کەسێک نەبوو، ئەو ئیرادەی نەتەوەیەک بوو، بۆ خۆیشی باش ئەوەی دەزانی. بێکەس کەم شیعر یان دێڕە شیعری هەیە لەپێناو نیشتمانەکەیدا نەنووسرابێ، من تا ڕادەیەک بێ پەروا هەوڵی ئەوە دەدەم کە سێ بێکەس لە یەکتری جیاکەمەوە، وەک پێشتر دیارم کرد، (بێکەس)ێک کە خولقێنەری ئێستاتیکا و داهێنانە لە شیعردا، (بێکەس)ێ کە رەخنەگرێکی توند و بوێری هەموو دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگەکەی خۆیەتی، من بەتایبەتی ئەو بێکەسە رەخنەگرەم مەبەستە. سێیەم (بێکەس)ی نیشتمانپەرست، نیشتمانپەروەر، بەرگریکاری نەتەوەکەی، خۆبەختکەری وڵاتەکەی.

ئەگەر پێش ئەوەی پەنا بۆ شیعرەکانی خۆی بەرین، لە چاوی (گۆران)یشەوە نیگایەکی بکەین بەرچاومان روونتر دەبێتەوە، بۆ کۆچی دوایی بێکەس، گۆران دەتاسێ و ڕادەچڵەکێ؟ ئەو خەمە قووڵە چییە بێکەس لەدوای خۆی بۆ برادەرەکانی جێ دەهێڵێ؟ لەگەڵ ئەوەی بێکەس شۆڕشگێڕ بوو، کەسایەتییەکی دیاری شار و مامۆستا و رابەری لاوانیش بوو، بەڵام گۆران جیا لەوانە بە (هاوڕێم بێکەس) شیعرەکەی دەست پێ دەکات.

یەکەم وشە کە بۆی دەنووسێ (هاوڕێم)، یەکەم سیفەتە کە باسی دەکات، ئەو پلە ئینسانییەیە کە گۆران بە شایانی بێکەسی زانیوە، ئەو بێکەسەی کە مردنەکەی بۆ گۆران بووەتە کۆست. ئەو شیعرەی گۆران ڕەمزی شیعری وەفا و دۆستییە. بەدەگمەن هەستێکی دیکەی هێندە بریندار و دانایانە لە شیعری کوردیدا دەدۆزییەوە، کە هاوڕێیەک بۆ هاوڕێیەکی نووسیبێ. ئەو سیفاتە گشتییانە چین کە گۆران لە هاوڕێیەکەیدا دیوە؟ (کە وتمان بێکەس بەسە. شاعیرێک بوو، فەننان بوو، ئەدای خۆر، خرۆشوان بوو بۆ باخچەی شیعری کوردی، بولبول بوو نەغمەی وردی، سەرەڕای بەهرەی فەنی، دڵسۆز بوو بۆ وەتەنی) ئەوە تەنیا شعرێکی شینگێڕی نییە بۆ بێکەس، بەڵکو ئەوە یەکەم هەڵسەنگاندنیشە بۆ هونەری شیعری و کەسایەتیی بێکەس لەلایەن گرنگترین شاعیری سەردەمەکەی خۆیەوە نووسراوە.

شینی قورسی گۆران بۆ بێکەس، کە تایبەت بێت بە هەستی هاوڕێیەک و لەدەستدانی دۆستێک لەو چەند دێڕەدا دەگاتە لووتکە (پەری شیعری شۆخ و شەنگ، تۆ دڵتەنگ و من دڵتەنگ. با سکاڵا بۆ یەکتر، لەگەڵ ئاهی سارد و سڕ. دوور و درێژ هەڵڕێژین! مەیتی بێکەس ئەنێژین).

لێرەوە گۆران سیفاتە هەرە دیارەکانی کەسایەتیی بێکەس و شیعری بێکەسمان دەخاتە بەرچاو، چونکە ئەو پیاوە زانایە و هەستی هەڵسەنگاندن و جوانیناسی بەرزە، لە سادەترین دیاردەوە دەست پێدەکات، کە کەسانێک ئەوە وەک ڕەخنە لە بێکەسدا دەبیننەوە، بەڵام گۆران ئەوە دەکاتە ئەو بەردەبازەی لێیەوە بۆ ناو دنیای فراوانی بێکەس دەمانگوازێتەوە، (چونکە بێکەس بچووک بوو، پایەی کۆمەڵی سووک بوو، کام پیاوماقووڵ، کام گەورە، کە بەرزی و جێی ژوور هەورە. وێنەی ئەو جوامێر بوو، بەرابەر دوژمن شێر بوو) لەو چەند دێڕەدا گۆران تێگەیشتنێکی گشتی لە ڕێگای کەسایەتیی بێکەسەوە پێچەوانە دەکاتەوە، بچووکی ئەو شوێنە نییە کۆمەڵگە بەهۆی تێگەیشتنی هەڵەوە بۆ ئەندامەکانی دیاری دەکات، بەڵکو ئەو هەڵوێست و بەرهەمانەیە ئەندامەکان دەیبەخشن بە وڵاتەکەیان. ئەوەتا لە ڕۆژگاری بێکەسدا چەندان پیاوماقووڵ و خاوەن پایەی ڕواڵەتی هەبوون لەگەڵ نەمانیان پایەکانشیان و کەسایەتیشیان سڕانەوە. گۆران لە دیاریکردنی کەسایەتیی بێکەس بەردەوام دەبێ (بەڵێ بێکەس نابووت بوو، جار جار برسی بوو ڕووت بوو) نابووتی و برسیەتی سیفاتی هەمیشەیی بێکەس بوون، بەڵام هەرگیز ئەوانە لە شکۆی ئەو پیاوەیان کەم نەکردووە، بە پێچەوانەوە بەشێک بوون لە ڕەمزی غەدری سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو پیاوە خاوەن هەڵوێستە. (کێ وا لەژێر زنجیرا، ئازادی هات بە بیرا.. بە شیعری جوان نەڕانی بەیادی کوردستانی!)

گۆران بەوپەڕی سەلیقەوە بێکەس وەک خۆی دەناسێنێ (کە گیرۆدەی مەستی بوو.. مەستی ئەو مەبەستی بوو، ناوچە و سەردەمی ژینی.. پڕ بوو لە ناشیرینی) بێکەس بە هەموو ئەو دەردە قووڵانەوە دەزانێ و هاوار دەکات (هەزاران هاوار بکرێ

.. کەس نییە ڕێی ڕاست بگرێ)، (داخی دڵی خۆ ئەڕشت بە جوێن، تـوانج، سەرزەنشت) گۆران لە وەسفی بێکەسدا سڵ لە هیچ ناکاتـەوە، هەتا لە خەوشی رووخساریشی، ئەوەش تـەنیا لەبەرئەوەی ئەو لە ناخەوە بێکەسی ناسیوە و خۆشی ویستووە، خەوشە ڕواڵەتییەکان لای ئەو هیچ گرنگییەکیان نەبووە (ئەگەرچی هۆی بەختی خۆی، جوانیی فەساڵ نەبوو بۆی.. ناقۆڵا و تێکسمڕاو بوو، ڕوومەت کونج، کزەچاو بوو.. هونەر بوو رووخۆش بوو، کە خەوشی داپۆشیبوو). هەموو ئەو جوانییە ڕواڵـەتی و چاوهەڵخەڵەتێنانە لای گـۆران بایـەخیان نییـە، ئـەو دەزانـێ هاوڕێیەکەی چ گەوهەرێکە و بـۆ ئـەو کۆمەڵگە دواکەوتووە چەند پێویستە (یـەک جوانییـە بـای پـایز، گەڵای زەرد ناکا هەرگیز. کە لە گیـان سەرچاوەی دڵ، سەرهەڵبدا قوڵە قوڵ).

## بێکەس. گریانێک بۆ وەتەن

ڕاستە ئەمڕۆ کەس بـۆ نیشـتمان نـاگرێ، لـە شەڕێکی سیاسی قـورس و پۆخڵدا هەمووان بـراوەن، تـەنیا نیشـتیمان دۆڕاوە، ڕاستە هـەمووان پێیـان وایـە نیشـتمان ئـەو مانگایەیـە کـە چیـدی شیر نـادات و دەبـێ بفرۆشـرێ یـان سـەربڕدرێ، ئـەوەش حەقیقەتی تراژیدیای کورد بوونە. هەمووان لە خەمی بەشە گۆشتی خۆیاندان، یەکێک پـێ بە دڵـی دادەنـێ و یـەکێک چـاوی دەردێنێ و یەکێکی دیکە گورچیلەکانی بۆ خۆی داناوە. کەس پەرۆشی ئەوەی نییە کە دەبینێ نیشتمان وەک ژنێکی کوێر دوای ئەوەی منداڵەکانی گەورە بوون، فڕێیان داوەتە نـاو کێڵگەی مینـەوە. کـەس ئـەرکی ئـەوە ناکێشێ دەستی بگرێت، یـان هیچ نەبێ داوای لێ بکات لە شوێنی خۆی دانیشێ تا گڕکانەکان دەنیشنەوە. منیش هەستێکی برینـدار و شـەرمن و دەربەدەرانـەم هەیە، کاتێک دەمەوێ لە دیدی بێکەسەوە یادی ئەو نیشتمانە بکەمەوە کە کەسانێک خوێنیـان بـۆ ڕشت و کەسـانێک خوێنی دەڕێژن.

کە نیشتمان لەبەرامبەر لەشکرێک یان دەریایەک لە نەوەی سپڵە دەبینم، سپڵە و برسی، دەتـوانم بڵێم بـازرگـان و درنـدەش! دەپرسم ئەرێ گریانی بێکەس، ئەرێ یادکردنەوەی ئەو گریانە قووڵەی بێکەس و نەوەی بێکەس دادی نیشـتمان دەدات لـەو زەمەنە شوومەی نیشتماندا؟ ئەرێ وەفای ئەو نەوە دڵشکاوە، کە جگە لـە زینـدان و نەهامەتی و دەربـەدەری لـە نیشـتمانیان نەدی، فریای وەستانی دڵـی نیشتمان دەکەوێ؟ لەو زەمەنەدا کە هەموو دنیا دەزانێ کورد برسییەتی، کە هەموو دنیـا دەزانـێ برسیەتی ڕەگی هاری بەدەمەوەیە، تەنیا دەسەڵاتدارانی کورد خۆی نەبێ؟ ئەرێ لە زەمەنێکدا کە بـاس باسی نەوتە، بـاس باسی ئەندام پەرلەمانی ساویلکە و گەندەڵی و پۆست و فرۆشتن و مانگای بێ شیرە، باسی نیشتمان نابێتە جێگـای گاڵتە و قەشمەری؟ باسی نیشتمان نابێتە مایەی پێکەنین؟

**کەچی من گوێم لێیە بێکەس هاوار دەکات:**

**ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە**
**وەختی بەندیی و ئەسارەت، پێ بە تەوق کۆتەوە**
**من لە زیکر و فکری تۆ غافڵ نەبووم وا تێنەگەی**
**حەپس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە**

هێشتا بێکەس ترسی لەو دڵە ماندوو و کوژراوەی خۆی هەیە. من قسەیەک دەکەم با لەسەر ئەو قسەیە لە دار بدرێم، هەر ئەوەندەی من لەبیرم بێ، نیشتمان یان کوردستان بە دەیان و سەدان جار لەسەر دەستی سیاسییە تێروپڕەکان و ڕەنگاوڕەنگەکان فرۆشراوە، مامەڵەیان پێوە کردووە، مەزادیان کردووە، لە ڕقی یەکتر ریسوایان کردووە، ئەو نیشتمانەی کە ئەمڕۆ ماوەتەوە و سیاسییەکان خەریکە جارێکی دیکە لەدەستی دەدەن، ئەوە تەنیا نیشتمانی شیعر و خۆبەختکەرانی وشە و کوردستانە، شیعر شانازیی ئەوەی هەیە کە لە هیچ سەردەمێکدا پشتی لە خاکەکەی نەکردووە، تەنیا شیعر دڵی داگیرکەرانی لەرزاندووە، تەنیا شیعر تەسلیم نەبووەتەوە، هەموو شۆڕشی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا ئەوەندەی شیعر یەکپارچەیی کوردستانیان نەپاراستووە، هەموو گوللە و شەڕی کورد ئەوەندەی (دەمگرێ ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم)ی هێمنی موعجیزە و شیعر، شکۆی نیشتمانی نەبردووەتە حەوت تەبەقەی ئاسمان.

سەد ساڵ پێشتر گەنجێکی شاعیری تەنیا و بێکەس، لەناو میللەتێکی داگیرکراو و کۆیلەدا هاوار دەکات و دەڵێ: (ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زبان) دوای سەد ساڵ پەرلەمانێکی کورد، لەناو کوردستان، بە پاسەوان و دەسەڵاتی کوردەوە ناوێرێت کە تەنیا گوێ لەو (ئەی ڕەقیبە) بگرێت. ئەرێ ئێستا شکۆی دڵداری شاعیر شکاوە یان هی پەرلەمانی پینەوپەڕۆ؟ من نازانم دەردی حزبایەتی چی دیکە بەسەر ئەو پەرلەمانە دێنێ، بەڵام داوا دەکەم ئەگەر هەموو کۆبوونەوەیەکی ئەو پەرلەمانە بە یادی دڵدار و سروودی ئەی ڕقیبەوە نەبێت هەرگیز کارا نەبێتەوە. (ببوورن من لە بێکەس تۆزێ دوور کەوتمەوە).

یەکەم هەنگاوی ئەو شیعرەی، لە یەکەم وشەوە روو لە (وەتەن) دەکات، واتا بێکەس ڕاستەوخۆ لەگەڵ وەتەن پەیوەندیی هەیە. ئەو پەیوەندییە راستەخۆیە لەنێوان دوو بوونەوەری لێک نزیک و هاوشاندایە. کەواتە لەنێوان بێکەس و وەتەندا هیچ وەسیلەیەک، هیچ بەرژەوەندییەک نییە پێکیانەوە ببەستێ، هیچ حزب و ڕێکخراوێک نییە ئاڕاستەیان بکات، وەک چۆن زۆر لە عاریف و زانایان پێیان وایە پەیوەندی لەنێوان (بەندە و خودا) دەبێ پەیوەندییەکی راستەخۆ بێت و پێویستی بە وەسیلە نەبێ، ئەوەش لەبەر یەک هۆکاری زۆر زۆر سادە، یەک هۆ هەیە پێمان دەڵێت نابێ لەنێوان خودا و بەندەدا،



سەرچاوە
Serchawe

لەنێوان نیشتمان و دانیشتوانەکەیدا وەسیلەی هەبێ، گرووپ و حزب هەبێ، رێکخراو و شێخ یان رابەر هەبێ، ئەویش ئەوەیە کە وەسیلە قابیلی بۆگەنکردنە. واتا ئەو حزبەی تۆ لە رێگایەوە خوداپەرستی دەکەی، ئەو حزبەی تۆ لە رێگایەوە نیشتمانت خۆش دەوێ، دەشێ کۆن بێت و بۆگەن بکات و هەڵوەشێ، دەشێ بەلاڕێدا بڕوا، ئەوکاتە تۆ دوای وەسیلەکە دەکەوی و مەبەستەکەت (هەدەفەکەت) لێ ون دەبێ.

بێکەس نەک یەکەم وتەی ئەی وەتەنە، بەڵکو (مەفتوونییەت) شێت و شەیدا و عاشقیەتی، هەر لەو دوو بەیتەدا، ئەگەر هەر لە رووی وشەناسییەوە بیخوێنینەوە، بەرامبەر (مەفتوون بوون بۆ وەتەن) چی دەبینین، یان بەرەو رووی چی دەبینەوە (بەندی، ئەسارەت، پێ بە تەوق، کۆت، حەپس، تێهەڵدان، زیللەت) بێکەس تەنیا بەرامبەر (مەفتوون)، تەنیا بەرانبەر خۆشەویستیی وڵات رووبەڕووی حەوت سزا بووەتەوە. ئەوە جگە لە سزا گەورەکە کە لەسەر شیعر گیرۆدەی بووە (کە بێ بەرگی و بێ نانی، خۆی لە رووی تۆ ئەزانی). وتووێژی بێکەس لەگەڵ وەتەندا کە بە مەفتوون دەست پێدەکات، تەنیا بەو سزایانەی سەرەوە کۆتایی نایەت.

بێکەس کە عاشقی نیشتمانەکەی خۆی بووە، لە ناخی خۆیدا بەردەوام گوێی لە دەنگ و لاوانەوەی وەتەنە، بەردەوام هەست بە ئازارەکانی دەکات (باسی مەحزوونی و کەساسی خۆت نەکەی توخوا وەتەن، چونکە بەو باسە برین و زامەکەم ئەکولێتەوە)! بێکەس خۆی بە خاوەنی نیشتمانەکەی دەزانێ، بۆیە هەموو (مەحزوونییەکی) نیشتمان بە کەمتەرخەمیی خۆی دەزانێ. ئەو لەودیو سنوورەکانەوە سروود بۆ نیشتمانەکەی نالێ، ئەو لە ژێرزەمین و شوێنی خۆشاردنەوە هاوار بۆ نیشتمانەکەی ناکات، ئەو لە هێڵەکانی پێشەوەی بەرگری، لەناو زیندان، بەرامبەر بە ستەمکاران شیعرەکانی خۆی دەڵێ. باشترین رێگا و هەوڵ بۆ رزگاری تەنیا جەستەی خۆیەتی، تەنیا ورەی لەبن نەهاتووی خۆیەتی، بەو ورە و توانا و باوەڕە خۆفیداکارییەی هەیەتی، ئەوپەڕی دڵخۆش و ئومێدەوارە، بۆیە مژدە دەداتە وەتەن (نەگبەتی لاچوو، سەعادەت بۆتە پشتیوانی تۆ، کەوکەبی بەخت و فریشتەت بەرزە ئەدرەوشێتەوە). لاچوونی نەگبەتی ئەوە نییە دوژمن شکاو و بەزیی بێ و بەرەکانی شەڕی چۆڵ کردبێ، نەخێر لای بێکەس ئەو کاتە نەگبەتی لاچوو کە (بێ قسوورە چەند جسوورە سەد شوکر ئەولادەکەت، وا لە رێی تۆدا لە خوێنا سەیری چۆن ئەتلێتەوە)، ئەو باوەڕی وابوو سەرکەوتن ئەوەیە کە ئەولادی (وەتەن) لە خوێنی خۆیدا دەتلێتەوە، ئەو تلانەوەیە ئازادی دروست دەکات، زنجیرەی بیرکردنەوەکانی بێکەس بەو شێوەیە یەکتر تەواو دەکەن (داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ)، کە باسی خوێن دەکات، ئازادبوون دەبینێ، ئەو بینینەی زۆر شەخسییە و وەتەن ئەو رزگارییەی لا بەرجەستە نەبووە،

**بۆیە هەست دەکات وەتەن لۆمەی دەکات:**

بەسیە تەعنەم لێ مەدە هەر ڕۆڵەکەی جارانتم
هێندە حیلمت بێ هەتاکو دەست و پێم ئەکرێتەوە
شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ گەر خودا دەستم بدا
دوژمنت پەت کەم وەکوو سەگ بیخەمە ژێر پێتەوە

بەشێکی گرنگی مەبەستەکەی من ئەوەیە، کە ئەو شیعرەی بێکەس لە ساڵی ١٩٣٠ نووسراوە، بە تەواوی لە سەروبەندی موناقەشەکەی نێوان جەمیل مەدفەعی و کۆرۆنوالیسدا، ئەرێ ئەو هەست و سۆزەی بێکەس دەیخاتە ناو شیعرەکەیەوە، یان ئەرێ ئەو ئازار و مەینەتییەی بێکەس لەو شیعرەدا باسی دەکات (بە کاریگەریی چەند گێرەشێوێنێکە وەک جەمیل مەدفەعی دەڵێ) یان (هەستێکی قووڵی نەتەوایەتییە وەک کۆرۆنوالیس دەڵێ). دەپرسم ئەرێ ئەو شیعرە بە گۆڕینی تۆفیق وەهبی و گرتنی ڕابەرانی کورد و ڕاوەدونانی چالاکوانانی کورد تەسلیم دەبێ، وەک حکوومەتی عێراق بەرنامەی بۆ داناوە؟ یان کەلەپچەکردنی ئەو شیعرە، سوپای عێراق بە هیلاک دەبات و سامانی وڵاتەکە وێران و مایەپووچ دەکات، وەک کۆرۆنوالیس دەڵێ؟

---

## بیست و حەوت ساڵەکەی بێکەس لەدەرەوەی مێژوو بۆ ئەبەد بەردەوامە

### ٣

بۆ قسەکردن: یەکەم لەسەر نارەزایی کورد و هەڵوێستی نیشتمانی و رووحی بەرگریی بێکەس، پەنا بۆ پێنج شیعری بێکەس دەبەم، (ئەی وەتەن، بیست و حەوت ساڵە، کورد، قەومی کورد ئیسپاتی کرد، داری ئازادی). لە بەشی رابردوودا بۆ ئەوەی لە فەزایەکی دەروێشانەدا یادی بێکەس بکەمەوە و لەبەر گرنگیی ڕای گۆران و جوانییەکەی بە شیعری (هاوڕێم بێکەس) دەستم پێ کرد. خودی شیعری (ئەی وەتەن)ی بێکەسیش ئەوەندە گرنگە، هەم لە بواری شیعری نیشتمانیی کوردی و هەم بۆ رووحییەتی بەرگریی نەتەوەیەک و هەم بۆ بێکەسیش، بە ڕادەیەک کە ئەو شیعرە مانای خۆی بەسەر تەواوی ئەو وشانەدا زاڵ کردووە کە تێیدا بەکارهاتوون، وەک مەفتوون و ئەی وەتەن تا دەگاتە دوژمنت پەتکەم وەک سەگ. ئەوە جگە لەوەی کە ئەو شیعرە نەک شیعری نیشتمانی، بەڵکو ئاستی نیشتمانپەروەریشی بۆ ئاستێکی بەرزتر گواستەوە.

(بیست و حەوت ساڵە) تەنیا شیعرێک نییە و بەس، بیست و حەوت ساڵەکەی بێکەس زەمەنێکی تایبەتە بە خەبات و

چەوسانەوەی نەتەوەیەک کە لە مێژوویەکی سەدان ساڵە دەرکێشراوە و هەرگیز کۆتایی نایەت، واتا ساڵەکان کۆتاییان دێت با سەدیش بن، بەڵام بیست و حەوت ساڵەکەی بێکەس هەرگیز کۆتایی نایەت. چەوسانەوەی کورد بۆ زیاتر لە سەد ساڵیش درێژ بووەوە، بەڵام هەر ئەو بیست و حەوت ساڵە لە رووی زەمەنەوە درێژترە. شیعرەکە هەمووی یازدە کۆپلەیە، دە کۆپلەیان بە بیست و حەوت ساڵە دەست پێ دەکات و هەر یازدەشیان بە هەمان دوو دێڕ قوفڵ دەدرێن، کە مەبەستی سەرەکیی شیعرەکەی تێدا کۆکردووەتەوە.

**تامی وشەکانی لە هەر هەموو کۆپلەکاندا هاوبەشە، بەبێ ئەوەی هەست بە دووبارکردنەوە یان سوان بکەین.**

**بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم**
**بە نان و ئاو و جل و بەرگی خۆم**
**خزمەتم کردی لە ئێران ڕۆم**
**لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم**
**کەچی هێشتا هەر دیل و ڕەنجەڕۆم**
**گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم!؟**
**بۆچی بە ناهەق وا سووکت کردم**

من بە دوو دیودا ئەم شیعرە دەخوێنمەوە، یەکەمیان سەدا و نەبرە و هێزی ئەم شیعرە تەرخان کراوە بە سەرکۆنەکردنی ئینگلیز و حاکمە سیاسییەکەی لە سلێمانی، سەرکۆنەکردنەکە لە یەک وشەدا کۆ دەکەمەوە (دەستخەڕۆکردن)! بێکەس دیبلۆماسییەت و قسەی بە توێکڵ فڕێ نادات و پێش سیاسی و مێژوونووسەکان بەسەر خودی ئینگلیزەکاندا هاوار دەکات (بۆ دەستخەڕۆتان کردم، بۆ رەنجەڕۆتان کردم)؟. بە ڕای من هەرچەندە تۆنی شیعرەکە زۆر بەرزە و هاوارێکی بێ برانەوەیە، بەڵام دیسانەوە هاوارێکی دۆستانەیە، گلەییەکی توندی هاوڕێیانەیە، سەرزەنشت و سکاڵاشە. دووەم دیدم بۆ خوێندنەوەی ئەم شیعرە، لێکدانەوەیەتی لە رێگای ئەو وشانەی لە بونیاتنانی شیعرە و سکاڵایەکەدا مەسرەف کراون، وەک لەکۆتاییدا دیارە ئەم شیعرە لە ساڵی ١٩٤٦ نووسراوە، بیست و حەوت ساڵ پێشتر رێک دەکاتە ئەو ساڵەی کە سوپای ئینگلیزی تێدا هاتە سلێمانی. بێکەس ئەو ماوەیەی بە دۆستایەتی حیساب کردووە. نەک هەر ئەوە، وای داناوە لەو بیست و حەوت ساڵەدا (رەنجبەر)یان بووە، بە نان و ئاو و جل و بەرگی خۆیشی، وەک رەنجبەرێک خزمەتی کردوون (بێ گومان بە ناوی خۆیەوە لەجیاتی هەموو کورد قسە دەکات)، نەک هەر لەناو کوردستان، لە ئێران و ڕۆمیش (ئەوەش دەلالەتە کە لە ململانێ دەرەکییەکانیشدا کورد هەر پاڵپشتیی ئینگلیزەکانی کردووە). لە پێناوی ئەودا (ئەستۆی شکاوە) کە نیشانەیە بۆ ئەو دژایەتییەی کورد لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێوە لە پێناو دۆستایەتی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا رووبەڕووی بووەتەوە.

لە دوو ڕستەی کۆتایی کۆپلەی یەکەمدا کۆکراوەی مەبەستەکەی (conclusion) دەخاتە روو (گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم!؟ بۆچی بەناحەق وا سووکت کردم). ئەو کۆتاییە بۆ هەموو کۆپلەکانی دیکەش دووبارە دەکاتەوە. ئەو دوو دێڕە وەک یەکەیەکی سەربەخۆ وەرگرە، بزانین کێ بە کێی دەڵێ، بێ گومان دۆستێک بە دۆستەکەی، هاوڕێیەک بە هاوڕێیەکەی. ئەوەی گرنگە لە چ کاتێکدا؟ لە کاتی (ڕەنجەڕۆییدا)، لەو کاتەدا کە تەواو لە بیرکردنەوە و ئەتوارەکەی بێ ئومێد بووە. بەڵام دیسانەوە باری شێوازەکەی لەبەرچاو نەگرین (بە پرسیارە) گوناهم چی بوو؟ بۆچی بەناحەق؟ هەموو پرسیارێکیش داوای وەڵام دەکات، کەواتە لێرەدا شتێک لە ئومێدیش هەیە.

**لە کۆپلەی دووەمدا ئاستی ڕەخنەکە پلەیەک بەرزتر دەبێتەوە، ئەوەش پێویستی بە ئاستێکی بەرزتری تۆنی خوێندنەوەکە و حەماسی زیاتر هەیە. ئێمە چۆن و لە چییدا هەست بەو بەرزبوونەوەی ئاستی کۆپلەکە دەکەین؟**

بیست و حەوت ساڵە من ئەڕەتێنی
بە فڕ و فیشاڵ ئەم خەڵەتێنی
ڕۆژی نەوعێکم هەڵ ئەپەڕێنی
بۆ مەرامی خۆت ملم ئەشکێنی
کە ئیشت نەما وازم لێ دێنی
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم!؟
بۆچی بە ناهەق وا سووکت کردم.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی سەرەوە، جگە لە جۆری وشەی بەکارهاتوو ڕێگایەکی دیکەم لەبەردەمدا نییە. ئەوانیش (بە فڕ و فیشاڵ، ئەم خەڵەتێنی، مەرامی خۆت، ملم ئەشکێنی، وازم لێ دێنی) ئەم وشانە لە گلەیی دەچنە دەر، دەبنە جۆرێک لە ئالییەتی شکاندن و تاوانبارکردن، جگە لەوەی ئەوە کێیە ئەو سیفەتانەی هەیە؟ فڕوفێڵ و هەڵخەڵەتاندن، کە ناکرێ فریشتە بێ و دەبێ شەیتان بێ. بنەمای ئەو کۆپلەیەشی لەسەر چوار کردار داناوە (ئەڕەتێنی، ئەخەڵەتێنی، هەڵ ئەپەڕێنی، ملم ئەشکێنی) ئەوانەش سزای کەسێک نییە کە تاوانێکی کردووە، بەڵکو ئەوانە وەک جەزا بۆ دۆستێک دانراوە کە ڕەنجبەرت بووە و خزمەتی کردووی. هەموو ئەوانەشی بە ورەیەکەوە کردووە کە لە کوردبوونی ناخی خۆی وەرگرتووە، نەک دەرەوەی خۆی، کوردبوونی ناخ نە موسیبەتە و نە دەردە و نە گومڕابوون، کوردبوونی ناخ ورەیەکە کە بە هیچ هێز و توانایەک بەراورد ناکرێ. ئەوە تەنیا کوردبوونی ناخ بوو بەرامبەر هێزە وێرانکەرە دەسەڵاتدارەکان وەستا نەک شتێکی دیکە. ئەو بنەمایەی ئەو ڕستەیەی لەسەر دروست کراوە (کە ئیشت نەما وازم لێ دێنی)، تا ئەمڕۆ بەردەوامە، تا ئەمڕۆ ئینگلیزەکان یان ئەو هێزانەی نەخشەی دنیایان بەدەستە (کە ئیشیان بە کورد نەما وازی لێ دێنن). بەڵام کورد لەوە

تێنەگەیی كە پرنسیپی كاری دنیا لەسەر (گلەیی) بەڕێوە ناچێ. تۆ چ كارێک دەكەی و بەرامبەر چی؟ هەموو ئەوەی كورد بۆ ئینگلیزەكان و هێزە دەرەكییەكانی كردووە و لەسەر بنەمای بیروڕایەكی كۆرۆنوالیسە، كە بە حكوومەتی بەغدا دەڵێت (تا ئێوە دەرەتان بۆ ژیان و لێكتێگەیشتن بۆ كورد نەهێڵنەوە، كورد هەمیشە چاوی لە فریادڕەسێكی دەرەكی دەبێ).

كۆپلەی سێیەم لە ڕووی مانا و وشە و ئاستی سكاڵاكەی، درێژكراوەی ئەوانەی پێش خۆیەتی. ئینگلیزەكان و بەتایبەتی حاكمی سیاسی، بە هۆكاری (پێش نەكەوتن، لاتی و پەژموردەیی) خۆی دەزانێ. لە كۆپلەی چوارەمدا سەرەڕای سكاڵای توندی، پێناسەی دەوڵەتی مەزنی بەریتانیا دەخاتە ژێر پرسیارەوە. گرنگترین شانازیی بەریتانیا ئەوە بووە كە (حامی) واتا پارێزەری گەلانە، بەڵام ئەو بەو پارێزەری گەلانە دەڵێ (بیست و حەوت ساڵە تاڵە ژیانم، لە ژێردەستی تۆ زۆر پەرێشانم، لە ئینسان ناچم، عەینی حەیوانم، كەی ڕزگار ئەبم ماڵی وێرانم؟ وا بە خۆت ئەڵێیت (حامی) گەلانم).!

بێكەس لەو شیعرەدا گرنگترین ئومێد و گرێی دەروونیی كوردی ئاشكرا كردووە، وەک كوردێک هەموو دیوارەكانی شەرمی ڕووخاندووە، دانی بە كەموكوڕی و شەرمەزارییەكانی نەتەوەكەی خۆیشی دا ناوە. دانپێدانانە قورسەكان لە ڕێگای ئەو دەستەواژە و وشانەوە ئاشكرا دەكات (چاوەڕێی نەختێ لوتف و خەڵاتم، ئەزانی بێ دەسەڵاتم، لە زوڵم و جەورت هەر چاو ئەپۆشم، بۆ ڕەزامەندی تۆ تێدەكۆشم، لەبەر تۆ زەربەم داوە لە خۆشم، چەند بێ هۆشم، تەفرەی خۆم داوە. ئەپاڕێمەوە، هاوار ئەكەم)، لەگەڵا دەیان وشەی قورستر.

بێكەس خۆی بە سەنتەری كوردایەتی و مرۆڤپەروەری زانیوە، هەرگیز چاوەڕێی نەكردووە یەكێک یان حزب و گرووپێک باری قورسی نەتەوەكەی هەڵگرێ. بە ڕای من ئەركی قورسی شاعیریەتیشی هەر لەو پێناوەدا هەڵبژاردووە. ئەو باوەڕشم ڕامدەكێشێ بۆ خوێندنەوەی شیعرێكی دیكەی بە ناوی (كورد)، كە ئەویش لە ساڵی ١٩٤٦ دا نووسراوە و لەلاپەڕەی ٧٤ی دیوانەكەیدا بڵاو كراوەتەوە.

**خەیاڵاتی شەو و ڕۆژم ژیانی میللەتی كوردە**
**تەمەننام لای خودا دائیم ژیانی میللەتی كوردە.**

كورد دوو نیشتمانی هەیە، نیشتیمانێكی جوگرافی، ئەو نیشتمانەی بەدەست سیاسییەكانەوەیە، ئەو نیشتمانەی هەلاهەلایە و هەر ڕۆژەی بەدەست كەسێكەوەیە، ئەو نیشتمانەی بێ چارەنووسە. نیشتمانەكەی دیكە ئەوەیە شاعیرەكان، كە نووسەر و ڕۆشنبیرەكان، لەسەر كاغەز، لەناو كتێب و دەفتەر كێشاویانە، ئەو نیشتمانە بە شیعر، بە وتار و هەستی قووڵی

نەتەوەیی لە زاکیرەی هەر کوردێکدا کێشاویانە. ئەوانەی بەرپرسی نیشتمانی جوگرافین زۆر جار ماندوو بوون، زۆر جار مامەڵەیان پێوە کرد و ویستیان دەست لەو نیشتمانە بەردەن، ئەوەی کە هەرگیز شایانی فرۆشتن نەبوو، ئەوەی کە هەرگیز شایانی سڕینەوە و لەبیرچوونەوە نەبوو، ئەو نیشتمانە موقەدەسە بوو کە شاعیران لە زاکیرەی کوردیان کێشاوە و کێشابوویان.

بێکەس تەنیا بەو هێزە وەهمییەی هەیەتی دەتوانێ لە ڕێگای شیعرەوە (خەیاڵاتی شەو و ڕۆژی) خۆی کە (میللەتی کوردە) بگوازێتەوە بۆ ناو یادەوەریی هاونیشتیمانییەکانی. هاوکێشەکە پێچەوانە دەکاتەوە، لەجیاتی ئەوە خۆی بکاتە نوێنەری نەتەوەکەی، یەکە بەیەکەی خەڵکەکە دەگۆڕێت بۆ (بێکەس)، بێکەسێک کە خەیاڵاتی شەو و ڕۆژی ژیانی میللەتی کوردە. (بە دائیم دڵ پەشێواوی پەشێوی میللەتی کوردم، وەکو بولبول سەحەر خوانیم ژیانی میللەتی کوردە).

بێکەس لە نائاگاییدا یان لە هۆشیاریدا هەستی بەو دوو نیشتمانە کردووە و کاریشی لەسەر کردووە، ناویشی ناوە خەیاڵاتی شەو و ڕۆژم، چۆن؟ ئەو زانیویەتی نیشتمانی جوگرافی دەشێ لەدەست چێ! دەشێ وێران بکرێت و بە دیل بگیرێ، یان ئەوەتا ڕۆژ بەرۆژ دوژمنەکانی زیاد دەکەن، ئەو بێکار دانانیشێ، چەند ئەو نیشتمانە زیاتر دەکەوێتە بەر مەترسی و بچووکتر دەبێتەوە، ئەو هەوڵی بەهێزکردن و فراوانکردنی نیشتمانی دووەم، واتا نیشتمانی ناو شیعر دەدات. (بە ڕاستی چاکترە مردن، حەیاتی وا لەلام تاڵە، ئەوی ناوی نەبێ ئەمڕۆ ژیانی میللەتی کوردە). ئەوە لە نیشتمانی جوگرافیدایە (کە چاکترە مردن) ئەوە لە نیشتمانی جوگرافیدایە کە کورد هەرگیز هی خۆی نەبووە کە (ئەوی ناوی نەبێ ئەمڕۆ ژیانی میللەتی کوردە)! بێکەس زۆر بەوریایی لە نیشتمانی شیعردا لەناو بیرەوەریی کورددا پێچەوانەی مردن دەچێنێ، ئەوەی ناویشی دەبێ لەو نیشتمانەدا هەر نەتەوەکەیەتی. کارکردن بە ئاڕاستەی نەمری، کارکردن بە ئاڕاستەی شیعرە، واتا نیشتمانی ناو شیعر بۆگەن ناکات، نارزێت و لەناو ناچێ. لە هەمووی گرنگتر نیشتمانی ناو شیعر نافرۆشرێ، داگیر ناکرێت و دیل ناکرێ. سنووری ئەو نیشتمانەش هەروا ئاسان بونیات نانرێ، ئەگەر سنووری نیشتمانی جوگرافیا هێڵێکی سووری سەر کاغەزی نەخشە بێ، بەڵام سنووری نیشتمانی ناو شیعر، ئەو نیشتمانەی شاعیر لە زاکیرەی یەکە یەکەی تاکەکان هەڵی دەکۆڵێ، سنووری ئەو نیشتمانە بە خوێنی دڵ و ئەسرینی چاو دەکێشرێ (دڵم خوێن ڕێژ و سەر گێژە. دوو چاوم پڕ لە ئەسرینە). باوەڕم وایە تا نیشتمانی ناو یادەوەری و زاکیرە دروست نەبێ و نەخەملێ، هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە نەبنە هاوبەش و و هاوخوێن و هاوئەسرین لەو نیشتمانی سەرکاغەز و ناو شیعرە، هەرگیز نیشتمانی جوگرافیا، نیشتمانی سەر کاغەزی نەخشە دروست نابێ. واتا تا کورد بە یەک دڵ نەبێتە خاوەنی نیشتمانی شیعری، هەتا ئەو نیشتمانە لەناو زاکیرەی گشتیدا دروست نەبێت، هەرگیز لەسەر زەوی نابینە خاوەنی وڵاتێک کە هێڵێکی سووری دانپێدانراو لە تەواوی دنیای جیا بکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

لەگەڵ هەموو وشەیەکدا کە بێکەس نووسیویەتی، ناکرێ ژیانی سەختی ئەو پیاوەمان نەیەتەوە بەرچاو. لە کۆتایی ئەو بەشەدا دەمەوێ هەندێکی دیکە لەسەرەتای تاڵی ژیانی بێکەس بخەمە روو، بۆ ئەوەی بزانین ئەو خوێنە خەستە لە کوێوە دەرژێتە شیعرەکانیەوە. بێکەس وەک لەسەرەتادا باسم کرد، لەگەڵ دوو برا و دایکی دەچنە بەغدا بۆ لای عەبدوڵا بەگی باوکی، کە پێش ئەوان بەساڵێک، واتا ساڵی ١٩١١ بە فەرمانی میری چوو بووە بەغدا، باوکی دوای ساڵێک لە گەیشتنیان سەفەر دەکات بۆ تورکیا، دوای ئەوە برا گەورەکەی لە ئاوی دیجلەدا دەخنکێ و دایکی دەمرێ و کە بە خۆی و تایەری برا بچووکیەوە دەچنە ماڵی خاڵی، لە ماوەیەکی کەمدا خاڵیشی دەمرێت و بێکەس و براکەی بە تاقی تەنیا لە بەغدا دەمێننەوە، سەرەڕای لەدەستدانی برا و دایک و خاڵی، بێکەس جارێکی تر چاوی بە باوکیشی ناکەوێتەوە. چۆن نیشتمانەکەی بێکەس هێلێکی سووری نەبوو لە دنیای جیاکاتەوە، خودی بێکەسیش ماڵێکی نەبوو دیوارەکانی لە ماڵەکانی دیکەی جیاکاتەوە، زیاد لەوانەش ئەو کاتە، واتا کە بێکەس لە ساڵی ١٩١٢دا دەچێ بۆ بەغدا، تەنیا دوای دوو ساڵ، شەڕی قورسی یەکەمی جیهان هەڵدەگیرسێ، هاوکات لەگەڵا مردنی هەزاران کەس لەو شەڕەدا کەسوکاری بێکەسیش دەمرن، تا ئێرە کۆتایی نایات، لە کاتی بێکەسکەوتنی فایەقدا، رێگای سلێمانی و بەغدا داخراوە و هاتوچۆ نەماوە، بۆیە (حاجی ئەمینی کاکە حەمە)ی مامی لە سلێمانییەوە ئەنێرێتە لای حاجی عەلی ئاغا، کە لە بەغدا بووە، کە چاودێریی فایەق و براکەی بکا و هەر میراتێکیان لە باوک و دایکیان بۆ مابێتەوە بۆیان خەرج بکات. ئەویش ئەیانداتە دەستی (حەبەخان) ناوێک، کە ژنی ئەفسەرێکی خەڵکی سلێمانی بووە و لە بەغدا دانیشتووە. ژنەکەش مەردانە ئەیانخاتە ژێر باڵی بەزەیی خۆی و وردە وردە پێیان دەخوێنێ. دوو سێ ساڵێک بەم جۆرە رائەبوێرن. لە ساڵی ١٩١٧دا کەساسییەکی زۆریان تووش ئەبێ. لە ١٩١٨دا ئەیانباتەوە بۆ سلێمانی بۆ لای حاجی ئەمینی مامیان...دیوانی فایق بێکەس، ئامادەکردنی محەمەدی مەلاکەریم لاپەڕە: ٣).

من لێرە بەراوردکردنی هەتیویی بێکەس و هەتیویی نەتەوەکەی بۆ ئێوە جێ دەهێڵم، ئەوەی ماوە بیڵێم، کە بێکەس دەگەڕێتەوە سلێمانی هێشتا بۆنی تەرم و مردن کۆڵانەکانی سلێمانیی جێ نەهێشتبوو، چونکە کاتێک ئینگلیزەکان دەچنە ناو شاری سلێمانییەوە، هیچ کۆلانێک نەبووە چەندان تەرمی لێ نەکەوتبێ، کە لەبرسان مردبوون. مردن چەند بێ بەزەییانە گەمارۆی بێکەسی داوە! ئەو تێکشکانە قووڵە شاعیرێک دروست دەکات، کە مێژوو هەرگیز لەبیری ناکات.

## بەهەشتی کورد سەربەخۆییە، رووحی کوژراوی کورد لە سەربەخۆییدا دەگاتە بەهەشت

٤

بێکەس جوانترین شیعرە نیشتمانی و بەرگرییەکانی لە ساڵانی ١٩٤٦ تا ١٩٤٨ نووسیون. وەک دوو نموونەی هەرە گرنگ، هەم لە شیعری بێکەس و هەم لە شیعری کوردیدا (قەومی کورد) و (داری ئازادی)یە. ئەو دوو شیعرە ستوونی سەرەکیی ڕاگرتنی شیعری نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێڕین، من کە ئێستا لەبەردەم پەیکەری پڕ خوێنی تەمەنی 69 ساڵەی ئەو شیعرانەدا وەستاوم، سەرسام و حەیرانم و شەرمەزاریشم، سەرسامی شکۆ و هەیبەتیانم، حەیرانی باوەڕی پتەو هێزی کوردبوونیانم، شەرمەزارم هەم بۆ خۆم و هەم بۆ تەواوی هاوسەردەمەکانم، کە نەوەی یەکەمی قوتابخانەی و خوێندنی مۆدێرن بە چ دڵ و رووحێکی مەزن! و خۆنەویستییەکی چەند سروشتییەوە ژیاون. بە چ زمانێک ئەو شیعرانە بهێنمە گۆ، کە بەڕاستی چرای ئاسمانی ئازادی و شکۆی بێ نەزیری نەتەوەیەکن. دەبێ لەسەر قەومی کورد بدوێم، بەڵام گەورەیی (داری ئازادی)ی تەواوی جەستەی داگیر کردووم، (داری ئازادی) هاواری تەواوی گەلێکە بۆ ئازادی، مانیفێستی کۆیلەکانە بۆ ڕزگاربوون.

### قەومی کورد و چوار ئەفسەرەکە

**هەزاران کورد بوونە ئەفسەر و پلەداری سەربازی، کەچی تەنیا ئەو چوار کەسە شایانی ئەوەن تا هەتایە بە ئەفسەری ئازادیخوازی کورد بناسرێنەوە. چونکە بەهۆی ئەو چوار ئەفسەرەوە، (قەومی کورد ئیسپاتی کرد):**

**قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین**
**میللەتێکی قارەمانن هەر دەبێ سەربەست بژین.**

ئەوە چ ڕووداوێکە! سەربەستیی قەومێک ئیسپات دەکات؟ بۆ (عالەمی سەر ڕووی زەمین). جگە لەوە کە سەربەستیش نەبن، ئەوا قارەمانن. بەبێ یادکردنەوەی چوار ئەفسەرەکە ناکرێ لە شیعری (قەومی کورد) بدوێین. لە لاپەڕە (٧٩)ی دیوانی بێکەسدا لەژێر ناوی شیعرەکە نووسراوە (بە بۆنەی هاتنەوەی لاشەی چوار ئەفسەرە قارەمانەکەوە بۆ سلێمانی لە ١٩٤٧ دا وتراوە). چوار کوڕی گەنج، دوای ئەوەی بەوپەڕی زەحمەتی خوێندن تەواو دەکەن و دەگەنە پلەیەکی سەربازیی وا کە

بتوانن، ئیدی ئارام بژین و نەهامەتییەکانی ژیان لەبیر کەن، دوای گوزەرانی خۆیان بکەون. تەواو لەو کاتەدا بڕیار دەدەن کە ئەوان بۆ نەتەوەکەیان پێگەیشتوون نەک خزمەتی خۆیان. ئەوان ژیانی ئارامیان بەبێ گەلەکەیان ڕەت کردەوە، بە ئامانجی دروستکردن و بەهێزکردنی لەشکری کوردستان لە سەروبەندی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەچنە مهاباد و هەموو توانا و شارەزایی خۆیان دەخەنە خزمەتی ئەو کۆمارە ساوا و تاقانە و بێکەسە. رووخاندنی کۆماری کوردستان ڕەمزی تەعدای سیستەمی نوێ و دیموکراتیی جیهانە لە نەتەوەی کورد. تەنیا لەبەرئەوەی ئەو هێڵە سوورە نەعلەتیەمان نەبوو، بەرامبەر لەشکرکێشی و لەناوبردنی ئەو کۆمارە ساوایە کۆک بوون. ئەو چوار ئەفسەرە هەست بە پێویستی و گرنگیی خۆیان دەکەن و واز لە هەموو بەرژەوەندییەکی خۆیان دێنن و دەچنە مهاباد، دوای لەشکرکێشیی ئێران بە ڕەزامەندیی هەموو جیهان و وێرانکرنی کوردستان و گرتن و کوشتن و رووخاندنی کۆمارە تاقانەکەی کورد، ئەو چوار ئەفسەرە لەسەر ڕەزامەندی و بەڵێنی حکوومەتی عێراق دەگەڕێنەوە، بەڵام بۆ تاقە جارێکیش لە مێژوودا رووی نەداوە، دەسەڵاتدارانی بەغدا بەرامبەر کورد بەڵێنێکیان بردبێتە سەر. بۆیە بەڵێنەکەیان دەشکێنن و هەر چواریان دەستگیر دەکەن، ئەوان هیچ هەڵەیەک لە خۆیاندا شک نابەن، ئەوەی کردوویانە بە ئەرکی سەر شانی خۆیان زانیوە و لێی پەشیمان نابنەوە. {لە بەرەبەیانی رۆژی ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٨ دادگەی سەربازیی عێراقی بە فرمانی ساڵح جەبر، سەرۆکی حکوومەتی ئەوکاتی عێراق، بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەر هەر چوار ئەفسەری کورد (محەمەد قودسی، خەیروڵا عەبدولکەریم، مستەفا خۆشناو، عیزەت عەبدولعەزیز)دا }.

هەرچەندە ئەو بڕیارە جەرگبڕ بوو، بەڵام چاوەڕوانکراویش بوو، چ بۆ خەڵکی کوردستان و چ بۆ خودی چوار ئەفسەرەکە، بۆ چرکەیەک دوودڵ نەبوون و داوای لێبوردنیان نەکرد، شەوێک پێشتر واتا شەوی ١٨ی حوزەیران، نامەیەک لە شێوەی ڕاسپاردەوە و وەسیەتدا بۆ گەلی کورد دەنێرن. پێش ئەوەی نامەکەش بخەمە روو دەپرسم، ئەمڕۆ کێ هەیە ئامادە بێ ئەو نامەیە وەرگرێ؟

**لە شوهەدای ڕێگای نیشتمانەوە**
**بۆ برایانی میللەتی کوردی خۆشەویست،**

**لەدوای تەبلیغی حوکمی ئیعدام بە یەک سەعات نووسراوە:**

**برایان**: لە ژیانی ژێردەستی و ئیستیعماردا لە نووسینی ئەم نامەیەوە تەنیا ١٤ سەعاتمان ماوە بە پەتی ئیستیعمار دەگەینە دنیای ئازادی و گیانمان دەگاتە گیانی پاکی شوهەدای ڕێگای نیشتمان.



سەرچاوە Serchawe

**برایان**: خۆمان زۆر بە بەختیار دەزانین کە بەرامبەر واجبی میللی هیچ دوانەکەوتین، تەنیا نەسیحەتی ئێمە ئەوەیە کە لاوان و نیشتمانپەروەرانی کورد نیکرانی زات بکەنە نیشانە و یەکیەتی بکەنە پەیڕەوی خۆیان بۆ شکاندنی تەوقی ئیستیعمار و رزگارکردنی هەموو میللەتێکی مەزڵووم بێ جیاوازی.

**برایان**: دوژمنی جەهالەت بن، بە هەموو تواناتان شەڕی جەهالەت بکەن، وە دوای جەهالەت مەکەون. ئێمە نیشانەی تێکۆشینی میللی میللەتی کوردین لە ساڵی ١٩٤٧ دا. برایانی ئێمە کە ماون بۆ ڕێگای شەرەف تێدەکۆشن و پشت بە خودای گەورە میللەت ڕزگار دەبێ.

**برایان**: هاتنمانە بەر سێدارە لە بێ دەسەڵاتییەوە نەبوو بۆ تێکۆشین، بەڵکو هەر وەکو سەربازێکی ئازاد تا ئاخرین توانا هەوڵمان داوە و گەیشتینە ئەم نەتیجەیە. ئیدی بۆ یەکیەتی وە بۆ ئازادی. بژی کورد و کوردستان.

ئیمزا:

خێروڵا عبدولکەریم، مستەفا خۆشناو، عیزەت عەبدولعەزیز، محەمەد مەحمود

ڕاستە من کاتی خوێنەرانم بە لاوە گرنگە، ئەو نامەیەش هەروا کەمێک لە بابەتەکەمان دوورە، بابەتەکەی ئێمەش شیعری بەرگریی بێکەسە، (قەومی کورد)ی بێکەسیش کە نیازمە لێی بدوێم بۆ شەهیدبوونی ئەو چوار ئەفسەرە نووسراوە. بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بچینەوە ناو هەستی خۆنەویستانەی ئەو چوار ئەفسەرە، نامەکەیانم بڵاو کردەوە، مەبەستێکی دیکەم تیشک خستنە سەر چەند لایەنێکی نامەکەیە، تەنیا لەبەرئەوەی کە بیرکردنەوەی خۆبەختکەرانە و نیشتمانییانەیان تا ڕادەیەکی زۆر گشتی بووە. واتا بەرەنگاربوونەوە و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی بەغدا لە رووحیەتی گشتیی نەتەوەوە هاتووە، نەک کێشەی چەند گێرەشێوێنێک. گرنگیی نامەکە و پرسیارێک:

* نامەیەک چوار ئەفسەر بینووسن کە وازیان لە هەموو خۆشییەکی ژیان هێناوە و دوای تێکۆشان کەوتوون.
* ئەو نامەیە سەعاتێک دوای بڕیاردانی لەسێدارەداریان نووسراوە.
* ئەوەش ئەوە نیشان دەدات کە ئەوان چەند سوور بوون لەسەر بیر و باوەڕیان.
* تەنیا ١٤ سەعاتیان ماوە لەسێدارە بدرێن، ئەو کاتە کەمەش کە هەیانبووە، بۆ قسەکردن لەگەڵ نەتەوەکەیان تەرخانیان کردووە.



سەرچاوە
Serchawe

* نامەکە کەسێک بە تەنیا نەینووسیوە و گرووپێکی چوارکەسی نووسیویانە کە لەپێناو هیچ حزب و تاقمێک نەچوونە بەر پەتی سێدارە، تەنیا و تەنیا خۆشەویستییان بۆ کورد، تەواوی نامەکەی داپۆشیوە.
* هەموویان خزم یان خەڵکی گەڕەک و شارێک نەبوون و لە شارە جیاوازەکانەوە هاتبوون، دوو تەرمییان بۆ هەولێر و دووانیشیان بۆ سلێمانی نێردرانەوە، ئەوان خۆیان بە خەڵکی کوردستان زانیوە.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئەو نامەیە بۆ ئەوەندە هەتیو و بێ خاوەنە؟ بۆچی هەموومان ئەزبەرمان نییە؟ ئەرێ لە شیعری موتەنەبی گرانترە بۆ قوتابییان؟ بۆ کەس خۆی بە خاوەنی نازانێ؟ ئەرێ بۆ کەسێکی وەهمی نووسراوە؟ ئەرێ کورد نەتەوەیەکی وەهمییە و لە (واقیعدا وەک عەشیرەت) هەیە، بەڵام وەک نەتەوە نا؟ ئەرێ (کورد) کە لەو نامەیەدا بە (برایان)یش ناوی هاتووە، لەو زمانە تێ ناگات؟ زمان هەم مەبەستم زمانی قسەکردن و وشە و ڕستەیە، هەم مەبەستم زمانی مەجازییە.

**چەند تێبینیەک لەسەر نامەکە:**

**یەکەم**: ئەوان پێش ئەوەی لەسێدارە بدرێن، خۆیان وەک (شوهەدا) ناساندووە، واتا ئەو نامەیە وا نووسراوە وەک کەسێک لەدوای مردن نووسیبێتی.

**دووەم**: بەڵگەی ئەوەی پێش مردنیان نووسراوە ئەوەیە، کە بە خوێنی خۆیان نووسیویانە.

**سێیەم**: ژیانی خۆیان بە کۆیلەیی و ژێردەستەیی داناوە، مردنیان بە ئازادبوون حیساب کردووە نەک (بەرەڵاکردنیان).

**چوارەم**: گرنگیی ئەو نامەیە کە دوا وشە و قسەی شەهیدانی ڕاستەقینەی کوردە بۆ نەتەوەکەیان، لە سێ خاڵی کۆ کردووەتەوە.

١- **(نیکران زات)** **تاکە مەرجی خۆشەویستی و سەرکەوتنی نیشتمان و سەربەخۆیی** **(نیکران زاتە)** خۆنەویستییە، وەک لە وەسیەتنامەکەدا نووسراوە. پێچەوانەکەی خۆویستی و هەوڵدانە بۆ بەرژەوەندیی خۆت. بەپێی وەسیەتی ئەو شەهیدانە بێت (دەبێ چەندان!! لەوانەی تاکە هەوڵ و ئاواتیان (خۆپەرستییە) و لە رواڵەت و دەسکەوتدا لە لووتکەی (نیشتمانپەروەری)دان، هەر بە پێڵاوی ئەو شەهیدانە دەبێ فڕێ بدرێنە تەنەکەی خۆڵەوە). من دڵنیام خەڵکانێکی زۆر

لەوانەی ریشی کوردیان کەوتووەتە دەست، بێ ئەوەی ناویان بێنم ئێستا خۆیان لە بنی تەنەکەی خۆڵەکەدا دەبینن، یا شەقەکەشیان بەرنەکەوتبێ.

٢- **دووەم داوای ئەو پێشەوایانە (یەکیتیبە) (یەکیەتی بکەنە پەیڕەوی خۆیان بۆ شکاندنی تەوق)**، تەوق رەمزی دیلی و کۆیلایەتییە. ئەوە قورسترین داواکارییە بۆ نەتەوەیەک (کە هەر یەکەیان ئەوەندەی شەیتان ڕقی لەوەکەی دیکەیان دەبێتەوە) بێ گومان لە مردنیش قورسترە.

٣- **(برایان دوژمنی جەهالەت بن)، (بە هەموو تواناتان شەڕی دژی جەهالەت بکەن)، (دوای جەهالەت مەکەون)**. لە نامەیەکی یەک لاپەڕەییدا، کە لە ژووری زیندان و لە چاوەڕوانیی مەرگ و لەسێدارەداندا نووسراوە، لەژێر چاودێریی توند و بێ کاغەزیدا، لەم نامە کورتەدا سێ جار بەوپەڕی پەرۆشی و توندی و پاڕانەوە داوای دوورکەوتنەوە لە جەهالەت دەکات، دوژمنایەتیکردنی جەهالەت، دوانەکەوتنی جەهالەت. جەهالەت تاکە وشەیە کە سێ جار لەم نامە گرنگەدا سێبارە بووەتەوە. ئەرێ جەهالەت بە مانای چی دێت؟ دیسانەوە کورد نایەوێ هەرگیز لە وشەی جەهالەت تێ بگات!! ئایا هەرگیز کورد هەوڵی دا لە جەهالەت دوور کەوێتەوە؟ ئایا دوژمنایەتیی جەهالەتی کرد؟ ئایا شەڕی جەهالەتی کرد؟ ئایا دوای جەهالەت نەکەوت؟ نەخێر کورد بووە دۆستی جەهالەت و دوای کەوت! بەوپەڕی دڵڕەقییەوە دەڵێم، ئەگەر ڕەمز و سیمبولی جەهالەت ئەوکات، تەنیا نەخوێندەواری بووبێ، خوێندەوارەکان بە تیشکێک لە پەلکەزێڕینە خۆیان لە تەواوی کۆمەڵگە جیاکردبێتەوە و بووبنە (مونەوەر). بێ گومانە نەک تەنیا بەوەی (ڕەش و سپی) لە یەکتری جیاکەنەوە، نەخێر بەهۆی ئەوەوە کە ئەو مونەوەرانە دید و بۆچوون و بیرکردنەوە و ستایلی ژیانی تایبەتییشیان گۆڕی، لە کتێبەوە دەستیان پێکرد و بە کتێبیش کۆتاییان بە ژیانیان هێنا، زۆر بەداخەوە ئەمڕۆ سیمای جەهالەت بە تەواوی گۆڕاوە، دەکرێ وشەی جاهیل بۆ هەر گرووپ و کۆمەڵێک زیاد بکەی، قوتابییە جاهیلەکان، پزیشکە جاهیلەکان، حاکمە نەخوێندەوارەکان، ڕۆشنبیر و مامۆستایانی جاهیلی زانکۆکان، چونکە سەرلەبەری کتێبخانە و شوێنە ڕۆشنبیری و ناوەندەکانی کتێب بگەڕێ بە ساڵێک کەسێک لەو گرووپ و تاقمانە سەردانی ناکات، ئەگەر مامۆستایەکی زانکۆش کتێبی خوێندەوە، بەدڵنیاییەوە ئەوە لە ڕێگایەکی دیکەوە ئەو ڕێگایەی دۆزیوەتەوە نەک لە ڕێگای کارەکەیەوە و لە گرووپەکەی دابڕاوە. ئەمڕۆ جەهالەت لە هەموو ڕۆژێک زیاتر بەوپەڕی هێز و تواناییەوە کۆمەڵگەی کوردەواریی داپۆشیوە، وەک شێرپەنجە هەموو خانە و کۆئەندامەکانی تەنیوەتەوە. کارەساتی هەرە گەورەی نەتەوەیەک ئەوەیە کە خوێندەوارەکانی جاهیل بن، کە جەهالەت زاناکانی تەلقین بدات، کە پزیشکەکانی نووشتە بکەن. ئەو سەرووەرییەی جەهالەت ئەمڕۆ بەدەستی هێناوە لە مێژوودا خەونیشی پێوە نەدیوە.

زۆر سادە دەتوانین بڵێین، کورد (بۆیە دەڵێم کورد چونکە نامەکە رووی لەوە) هەرسێ وەسیەتەکەی ئەو چوار شەهیدەی تەواو پێچەوانە جێبەجێ کردووە.

(**نیکران زاتی**) گۆڕیوەتەوە بە خۆپەرستی، بە دزی و گەندەڵی، بە خیانەت و چاوچنۆکی.
(یەکیەتی) گۆڕیوەتەوە بە تەفرەقە، بە لێکترازان و پشتی یەکتر شکاندن، بە بوغز و ڕق، بە لێکهەڵوەشان.
(**دوژمنایەتیی جەهالەتی**) گۆڕیوەتەوە بە دۆستایەتیی جەهل، بە تفکردنە عەقڵ و پێشکەوتن، بە ئیهانەکردنی کتێب و زانست. بێ گومان ئەو گۆڕینەوانە ئەنجامی پێچەوانەشمان دەدەنێ. لەباتی سەربەخۆیی- ژێردەستەیی، لەباتی ئازادی – کۆیلایەتی، لەجیاتی مافی خۆبەڕێوەبردن – پاشکۆیەتی.

*****

بێکەس نەوەی ئەم سەردەمەی ئێستا نییە و ڕۆڵەی سەردەمەکەی خۆیەتی. ئەوەی بەلای بێکەسەوە گرنگە نیشتمانە شاعیرانەکەی، وڵاتەکەی ناو وشە و بەرگری لە زاکیرەی یەکەیەکەی نەتەوەکەی هەڵکۆڵێ، ئەو خەریکی دروستکردنی ئەو دنیایەیە، بڕوانە چۆن!!؟

**میللەتێ لاوی لە ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتمان**
**بێتە بەر سێدارە، بێ ترس، دەم بەخەندە و پێکەنین**
**قەومی وا نامرێ، ئەژی، با دوژمنی هەر شەق بەرێ**
**ساحێبی ڕۆڵەی نەبەردە، خاوەنی عەزمی بەتین**

## بنەماکانی دەوڵەت لە چوار دێڕدا:

**یەکەم**: وشەی میللەت یان ئومەی عەرەبی، گەل بۆ ئاستێکی باڵای خاوەن خاک و وڵات بەرز دەکاتەوە.

**دووەم**: سەربەخۆیی، بێکەس بەسەر هەموو شێوەکانی دیکەی ئامانجی تێکۆشاندا بازی داوە و (سەربەخۆیی) هەڵبژاردووە. واتا داوای یەکسانی و مافی خوێندن و بەشداریی حوکم و ئەوانە ناکات، ڕاستەوخۆ داوای سەربەخۆیی دەکات، بۆ چی؟

**سێیەم**: (لاوی) ئەو میللەتە بێ ترس بێتە بەر سێدارە، بۆ ئەوەش دوو بەڵگەمان هەیە،

**یەكەم**: ئەفسەرەكان بۆ خۆیان نووسیویانە (خۆمان بە بەختیار دەزانین، دەگەینە دنیای ئازادی).

**دووەم**: بێكەس لە پەنا سێدارە و ترس و مردن (دەم بە خەندە و پێكەنینی) بەكار هێناوە.

**سێیەم**: ئاستی قوربانییەكە و ئازایەتیی شەهیدەكان ئەوەندە بەرزە، جگە لە سەربەخۆیی، بە شایانی هیچی دیكەیان نازانێ.

**چوارەم**: (نامرێ، ئەژی) ئەم دوو وشەیە دەشێ لە مانای فەرهەنگیدا هاوواتا بن، بەڵام لە زمانی مەجازی و نیشتمانە شیعرییەكەی بێكەسدا تەواو جیاوازن. (نامرێ) واتا درێژەدان بە خەبات وەک پێچەوانەی فەرمانەكەی ساڵح جەبر، كە بڕیاری (مردنی) داون. لەلایەكی دیكەوە ئەوانە نامرن، ئەگەر لە دنیای واقیعیش بكرێنە دەرەوە، نەمر و پاڵەوان لە وڵاتە شیعری و مەجازییەكەی بێكەسدا دەژین.

(ئەژی) ئەوەیان پەیوەندیی بە وڵاتە مەجازییەكەوە نییە و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە (سەربەخۆیی)یەكەوە هەیە. ئەژی بۆ بەرەنگاربوونەوە و خۆبەختكردن، سەرسام بوونەكە لێرە دایە، مەرگ، هەڵواسین، سێدارە، گوللەبارانكردن هۆكاری (مردن) نین، ڕێگایەكن بۆ نەمری، بە پێچەوانەوە ژیان (نەوەیەک ئەژی) بۆ ئەوەی لە پێناوی سەربەخۆییدا بمرێ. هاوكێشەكە ئاڵۆزە، هەر لەبەر ئەوەشە كەس لە كورد تێ ناگات، چیرۆكی كورد لەدەرەوەی مێژووە، لەدەرەوەی جوگرافیایە، زۆر زەحمەتە بەو ئاسانییە ئەوروپییەكی سادە لەوە تێ بگات، كورد گوللەباران دەكرێ بۆ ئەوەی نەمر بێ، ئەژی بۆ ئەوەی بۆ سەربەخۆیی بمرێ. مەبەستەكە ئاسانە، بەهەشتی كورد سەربەخۆییە، ڕووحی كوژراوی كورد لە سەربەخۆییدا دەگاتە بەهەشت، بای نەمری لێرەوە هەڵدەكات.

## شیعری (داری ئازادی) گوتاری بەرگری و نیشتیمانیی شیعری کوردی گەیاندە لووتکە

### ٥

**داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ**
**سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەر ناگرێ**

مێژووی دوێنێی کورد ئەوەندە ونە، کەس بەدروستی نازانێ دوا دەوڵەتی کوردی لە چ سەردەمێکدا بووە. کەس نازانێ ئایا ڕۆژێک لە ڕۆژان کورد خاوەنی ماڵی خۆی بووە؟ سیحرەکە لێرەدایە ئەرێ کورد هەرگیز ئازادیی دیوە؟ دەشێ هەر لەبەر ئەوەش بێ کە بیشیبینێ نەیناسێتەوە! ئەرێ کورد هەرگیز بۆ تەنها جارێکیش بێت هەستی بە ئازادی کردووە؟ مێژوونووسان وەڵامی جیاوازمان دەدەنەوە. دەمانکەنە خاوەنی دەوڵەت و ئیمپراتۆری مەزن، خاوەنی مێژوویەکی پڕ شکۆ، پادشا و حوکمڕان، بەڵام بۆ یەک تاکە چرکەش ئەو شکۆیە نایەتە ناو حەقیقەتی ئینسانی کوردەوە و سەرگەردانی وەک چارەنووسێکی حەتمی بەرۆکی بەرنادات. ئەو شکۆ و هەیبەتی دەسەڵاتە بۆ چرکەیەکیش نابێتە بەشێک لە کەسایەتیی کورد، متمانەی و باوەڕ بەخۆبوونی لا دروست ناکات، ئەو خۆ بەکەم زانینەش لەبەرانبەر هەموو نەتەوە و کولتوورەکانی دیکەش هەر لەو سونگەیەوە هاتووە.

من هەرگیز نەمتوانیوە هەناسەیەک بدەم هی کەسێک بێ ڕۆژێک لەڕۆژان ئیمپراتۆریەتی هەبووبێ، پشتی بە سەربەخۆیی و کولتووری باوەڕبەخۆبوون گەرم بێ، لەو هەزاران یان ملیۆنان دەموچاوەی کورد کە لە تەمەنی خۆمدا دیومە، هەرگیز تاکە یەک ڕووخساریان ئەوەی بیر نەخستوومەوە کە لەپشت ئەو نەتەوەوە دەوڵەتێک، سەربەخۆییەک هەبووبێ، با عومرێ، با سەد ساڵیش پێشتر بووبێ. لە هەناسەی ئەو هەزاران کەسانەی گوێم لە دەنگیان بووە، هەرگیز خۆشبەختیی کەسێکم هەست پێ نەکرد کە تامی ئازادیی کردبێ.

من پسپۆڕی (زانستی خوێندنەوەی دەموچاو) نیم، یان زانستی سیماناسی، کە زانستێکی قووڵە و ڕەهەندی جیاوازی هەیە و ڕەگێکی دەچێتەوە سەر کۆمەڵناسی، زۆر پێویستم بە سەرچاوەیەکی کوردی هەبوو، سەرچاوەیەک کە لەڕووی ڕووخسارەوە کارێکتەری کوردم بۆ بخوێنێتەوە (شێوەی دەموچاوی، ڕۆیشتن و هەنگاونانی، شێوەی ڕاگرتنی سەری، قوڵی سینگی و کوڕیی پشتی کوردی بۆ ڕاڤە کردبام)، هەر بۆ نزیککردنەوەی زانستەکە لە خەیاڵی خوێنەر، ناچارم نموونەیەک بهێنمەوە. ئەو

زانستە (زانستی رووخسار یان شێوەناسی) مێژوویەکی درێژی هەیە، یەکەم رووخسار (سیمای دەرەوە بەشێوەیەکی گشتی) کە سەرنجی زانایانی ڕاکێشابێ ئەو بوونەوەرە یان مەخلوقەیە کە ناوی سیفینکسە.

{سیفینکسە (Sphinx) مەتەڵ و لوغزێکی قووڵ بووە بۆ سەردەمێکی دوور و درێژ، ئەو بوونەوەرە سەر و دەموچاوی هی ئادەمیزادە، جەستەی گایە، کلکی شێرە و چرنووکی هەڵۆیە (لە هەندێ شوێن باڵداریشە).(Ezekiel) کە پەیوەندیی ئەو بوونەوەرە بە ژیانی واقیعی گرێ دەداتەوە ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە مەخلوقەکە پێکهاتەی چوار مەخلوقی دیکەی لە خۆ گرتووە (مرۆ، گا، شێر، هەڵۆ) بە هەر چواریان سفینکسیان پێکهێناوە. هەڵۆ نیشانەی نیگا و چڵێسییە، شێر نیشانەی خاوەنداری و دەسەڵات و دەستکەوتە (پادشای جەنگەڵە)، گا نیشانەی خۆڕاگری و ئارامگرتنە، مرۆڤیش نیشانەی زانست و ڕاستی و توانایە. by Gerald Epstein.M.D}

رووخساری کوردی ئەوەندە هەڵگری نیشانە و هیمای ئاشکرا و روونە، بێگومان هەموو بە باری خەمۆکی و میلانکۆڵیدا (نەک هەر لە بواری کەسیدا، بەڵکو لە بواری گشتیدا)، کە کاریگەریی سەدان ساڵ تەریککردن و چەپاندن و ژێردەستەیی و فەرامۆشکردنی هەڵگرتووە. بازاڕەکان، هەتا سوپەرمارکێت و مۆڵە مۆدێرنەکانیش پڕن لەو دەموچاوانەی لە کاتی خۆشیدان، بەڵام تەم و غەدری مێژوو هەرگیز رووخساریان جێ ناهێڵێ. دەهۆڵ و زوڕنا نیشانەی شایی و گۆڤەندی کوردانە، لەگەڵی هەڵدەپەڕێت و سەما دەکات، بەڵام کە یەک تۆز لە رووخساری ورد بینەوە کارێکتەری کورد هەوڵی فەرهاد دەدا، شاد بێ، هەڵپەڕێ، کە تێیشیدا وەستایە، زوو بۆمان دەردەکەوێت شادی بە رووخساری کوردیدا گوزەر ناکات، دەستی، لاقی، سینگ و سەری هەڵدەبەزنەوە بەڵام رووخساری غەمبارە، قووڵ غەمبارە، بەدەگمەن کورد هەیە لە کاتی پێکەنین و شادیدا، کە بەئاشکراش نەبێ لە دڵەوە لۆمەی خۆی نەکات بەوەی کە ئەو شایانی ئەو خۆشحاڵییە نییە، کە ئەو شایانی ئەو پێکەنینە نییە، دەشێ یەکەیەکەی خەڵک هەست بە هۆکاری ئەو لۆمەیەی خۆیان نەکەن، بەس بە رووخسار و نیشانەکانی دەموچاویانەوە بەئاشکرا دیارە، بەڵام من هەمووی دەگێڕمەوە بۆ ئەو غەدرە مێژووییە قووڵەی لە مێژوودا لە کورد کراوە، یان کورد لەبەر هەر هۆکارێک بێ لە خۆی کردووە. کورد نەبووەتە کارێکتەرێک پڕ بە سینگی خۆی هەوا هەڵمژێ و ڕێزی لێ گیرابێ و بکرێ رۆژێک لە پلەیەکی بەرز خۆی ببینێتەوە، بەکورتی خاوەنی خۆی بێ. ئەوەش لە شێوەی پاشەکشەی سینگیدا، لە چەمانەوەی پشتیدا لە کاتێ ڕێکردندا، لە ڕێک ڕانەگرتنی سەریدا، لە دەیان نیشانە دیکە کە من ئێستا نایانزانم دەردەکەوێت. جا شێوەی ڕۆیشتنی ژنی کورد کە هەر کەسێک بەسەرنجەوە بۆی بڕوانێ بۆی دەردەکەوێت ئەو کائینە ناسکە چەند شکاوە. چەند کۆیلەیە .(ئای بۆ گەنجێک زانستی رووخسارناسی یان شێوەناسی بکاتە خولیای خۆی و رۆژێک لەو ڕێگەیەوە کوردم بۆ بخوێنێتەوە).

*****

**بێکەس لەناخی ئەو قوربانییەی مێژوودا شیعری (داری ئازادی) دەنووسێ:**

مێژوو هەرگیز نموونەیەکی باوەڕپێکراو و هەست پێکراوی لە دەوڵەتی کوردی نەداومێ. ئەگەر تەنها مێژووی ئەو ناوچەیە وەرگرین کە بێکەسی تێدا ژیاوە، واتا سلێمانی، نزیکترین دەسەڵاتی کورد لە بێکەسەوە، نەک هەر تەنها لە بێکەسەوە وەک تاک، لە نەوەی بێکەسەوە و تا ئێستاش، بابانەکان بوون، ئەوانیش بە کرداری ١٨٤٩ز و بە فەرمی ١٨٥١ز کۆتایی بە میرنشینەکەیان هات، ئەگەر میرنشینی بابانەکان بە جۆرێک لە سەربەخۆیی کورد و ئازادیی کورد حیساب کەین، بە بەڵگەی دەیان شیعر، **روونترین و تازەترینیان لێیانەوە شیعرەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانیە کە دەفەرمووێت:**

**لەبیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو**
**نە مەحکومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو**

**دوو سەرنجتان لەو شیعرەدا بەبیر دێنمەوە،**

**یەکەمیان**: شکۆ و سەربەرزییەک کە بە وشە و نەبرە و دەنگی شێخ ڕەزاوە دیارە. نەبرەی دەسەڵات و شکۆی خاوەنی خۆبوون.

**دووەم**: حەسرەت، حەسرەتی لەدەستچوون و حەسرەتی ژێردەستەیی.

دواتر شکۆی و نەبرەی دەسەڵات بەتەواوی لە شیعری کوردیدا کۆتایی دێت، بەڵام حەسرەتی لەدەستچوون و حەسرەتی ژێردەستەیی رۆژ بەڕۆژ قوڵتر دەبێتەوە.

دیار نییە شێخ ڕەزا (١٨٣١ - ١٩١٠ز) ساڵی چەند ئەو شیعرەی نووسیوە، ئەوەی روونە دوای رووخانی ئیمارەتی بابانەکان نووسراوە، لەویش روونتر، ئەوەی بۆ ئێمە پێویستترە ئەوەیە، لەو کاتەوەی ئیمارەتی بابان رووخاوە، تا ڕێکەوتی نووسینی ئەم شیعرەی بێکەس، ساڵی (١٩٤٨ز) نەوەتو حەوت ساڵی تەواوی نێوانە. مەبەستەکەم ئەوەیە، کە هەر بۆ تەبەڕوک ئیمارەتی بابانەکان بە دەوڵەت و بوونی سەربەخۆی کورد دانێم، ئەوە کورد تا نووسینی ئەو شیعرەی بێکەس (داری ئازادی) ٩٧ ساڵی ژێردەستەیی و دیلیەتیی تێپەڕاندووە. ئەو ماوە درێژە شکان و ملکەچی و ژێردەستەیی شوێنی خۆیان لەسەر کارێکتەر و رووخسار و رووحیەتی کورد جێ هێشتووە، لەو شکستە گەورەوە، لە ناخی ئەو هەموو ساڵە

کەڵەکەبووانەی ژێردەستەیی ئەوە بێکەسە، ئەوە رووحیەتی دیلی کوردە لەسەر زمانی بێکەس هاوار دەکات: (داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ... سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەر ناگرێ).

ئەوە چ رووحیەتێکی بەرزە دوای کەڵەکەبوونی ئەو هەموو ساڵە ژێردەستەیییە بە هاواری ئازادی دەست پێدەکات و بە سەربەخۆیی کەمتر ڕازی نابێ!

بەرانبەر ئەو شیعرە جارێک وەک کوردێک و جارێک وەک خوێنەرێک، تام دێتێ. لە هەمووشی سەختتر سەرم لەو هەموو جورئەتەی خۆم سوڕماوە کە بە چ هێز و پشت و پەنایەکەوە خۆم لە قەرەی ئەم شیعرە دەدەم و هەوڵی لێوردبوونەوەی دەدەم، تەنها دڵگەرمیم دڵبەندی و سەرسامی بەردەوامە پێیەوە، ئەگەر بێکەس لە ژیاندا مابایە، داوام لێ دەکرد خوێندنەوەی ئەم شیعرە لە کوردی ئەم سەردەمە قەدەغە بکات، تەنها لەبەرئەوەی کورد نەگەیشتووەتە ئاستی ئەو شیعرە، کە ئازادی هەتا بەردەرگەشی بێت هەر کەسەو بە بیانوویەک بە شەق لە خۆی دوور دەخاتەوە. خۆم وەک منداڵێک دێتە بەرچاو کە خەریکە بە پەنجەی گەرمی ئاگر تاقی دەکاتەوە. بیرکردنەوە لە ئازادی، پێش ئەو شیعرە و دوای ئەو شیعرە جیاوازە، ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە ئەو شیعرە لە چرکەیەکدا ئازاری هێنابێتە وجوود، نەخێر، بەڵام ئەو تەوقەی شکاند کە ئازادی ئەستەم بێ، کردیە شتێکی مومکین، لە فەنتازیایەکەوە کردی بە بیرکردنەوەیەکی واقیعی، سنوورێکی بۆ ئەو بێدەنگییە ٩٧ ساڵ قووڵە دانا.

**داری ئازادی:**

*** دار، درەخت، دەڕوێت و دێتە بەرهەم و دەژیت، ژیان تازە دەکاتەوە و بەرهەم دەدات، کورد دەیناسێت و ئەزموونی لەگەڵ هەیە، رووانددوویەتی و بەرهەمەکەی خواردووە.**

*** ئازادی، سلۆگان و هەدەفی کورد، وشە یاساغ و بقەکە، خەونە ئەزەلییەکە، چونکە ناگیرێت و بە جەستە نییە و ئەبستراکتە، بێکەس دەیناسێنێ و ئاشنای دەکات ئەویش تەنها بەهۆی وشەی دارەوە.**

*** بە خوێن ئاو دەدرێت:** ئەو دارە ئاساییەی کە کورد ئەزموونی لەگەڵ هەیە ئاو دەدرێ تا بڕوێت، خزمەت دەکرێت تا بەر بدات، بەڵام ڕووانی گومانی لەسەر نییە و تەنها ئاوی دەوێت، چونکە گەشەکردنەکەی پەیوەندیی بە سروشتی دارەکەوە هەیە. داری (ئازادی)یش دەڕوێت، تەنها بە خوێن دەڕوێت، تەنها بە خوێن ئاو دەدرێت.



سەرچاوە Serchawe

**لێرەدا بێکەس سێ مەبەست دەپێکێ،**

**یەکەمیان**، ئەوەی کە ئازادی دەڕوێت، هەڵدان بۆی بێهودە نییە و دێتە بەرهەم،
**دووەمیان**، خوێنی لاوان، خوێنی چوار ئەفسەرەکە (کە من دڵنیام بۆ نووسینی ئەم شیعرەش ئیلهامی لە خوێنی نامەی چوار ئەفسەرەکە وەرگرتووە)، خوێنی شۆڕشگێڕانی کورد بە زایە ناچێ دەکرێتە بن داری ئازادی.
**سێیەم**، ئەو خوێنەی لە بنی دەکرێ بەرهەم دەدات و دارێک پێی دەژیت کە زۆر لەو دارەی ڕۆژانە ئاو دەدرێت گرینگتر و بەبەهاترە ئەویش داری ئازادییە.

* بێکەس ئەو داری ئازادییە خەیاڵییەشی فەرامۆش نەکردووە کە لای کورد هەبووە، بەڵام نەتەوەکەی دڵنیا دەکاتەوە کەئەو دارە بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ. ئەوەی سەیرە دوای تێپەڕینی ٦٨ ساڵ بەسەر نووسینی داری ئازادییەکەی بێکەسدا ئێستا کورد پێیوایە بەبێ خوێن ( بە مەرحەبا) ئازادی بەدەست دێنێت، دەکرێ ئەوانەش ناو بنێین (شۆڕشگێڕانی مەرحەبا).

* لە نیوە بەیتی دووەمدا (داری ئازدی)یەکە دەگۆڕێت بۆ سەربەخۆیی، وەک تەواوکەری یەکتر و لە بەرانبەر یەکتر بەکاری هێناون. ڕاستە لە ڕووی فکرییەوە دوو دەستەواژەی لێکتر جیاوازن، بەڵام بۆ کورد هیچیان بێ ئەویتر نابێ. لەجیاتی (خوێن) فیداکاری و لە شوێنی (قەت بەر ناگرێ) (ئەبەد سەر ناگرێ)ی بەکارهێناوە.

**پیاو ئەبێ بۆ سەندنی حەققی لە مردن سڵ نەکا**
**هەر (برووخێ) بەس نییە، تاکو نەسەنرێ نادرێ.**

زۆر لە لێکۆڵەر و نووسەران بەکارهێنانی (پیاو) وەک تانە و فەرامۆشکرنی ژن تەماشا دەکەن، ئەوە لەگەڵ زۆر لە شیعری شاعیرانی دیکەشدا دەکەن. من ئەو ڕەخنەیەم قبوڵە و پەسندی دەکەم، بەڵام ناکرێ تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی خۆشمی لەسەر نەنووسم،

**یەکەم**، لێرەدا بێکەس وشەی پیاوی لەباتی (مرۆڤ) بەکارهێناوە، وەک چۆن لە زمانی ئینگلیزیدا تا ئێستاش زۆر جار وشەی مان (Man) کە بە کەپیتاڵیان نووسی بۆ مرۆڤی بەگشتی بەکار دەهێنن.



سەرچاوە
Serchawe

**دووەم**: مامەڵەکردن لەگەڵ واقیع وەک خۆی، کە پیاوی سەرانسەری چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی داپۆشیوە.

**سێیەم**: پێشتر بێکەس وەک رەخنەگرێکی گەورەی کۆمەڵایەتی دەرکەوتووە و خۆی سەلماندووە، کە من بۆخۆم یەکەم جار بێکەس وەک رەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی دەبینم نەک شتێکی دیکە، کە مەبەستی سەرەکییشم هەر ئەو بوارە بووە لە ژیانی بێکەس کە دواتر دێمە سەری. ناکرێ و نابێ خاوەنی ئەو بیرکردنەوەیە ( نێرومێ هەردوو بەجووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن) هەروا ئاسان تومەتباری کەین بەوەی ژنی فەرامۆش کردووە.

**چوارەم**: (پیاو) لەو شیعرەدا زۆر زاتییە و مەبەستی ڕاستەوخۆی خۆیەتی، بەو بیانووەی بۆ کارێکی وا گەورە و گیانفیدایی بۆ خۆی لە پێشەوەیە.

هەموو دێڕێکی ئەو شیعرە پەیام و گوتاری تایبەت بە خۆی هەیە، ڕاستە پێکەوەش پەیامێکی گەورەتر و فراوانتر. (کورد ئەگەر چی موددەتێکە دیل و داماوە) بێکەس بۆ ماوە دووردرێژەی ژێردەستەیی (موددەتێک)ی بەکارهێناوە، ئەو دەزانێ(زەمەن) بەشێکە لەو تێچوونەی نەتەوەیەک دەیدات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی. جگە لەوە ڕێخۆشکردنێکیشە بۆ نیوە دێڕی دووەم (ڕۆحی میللی هەر ئەمێنێ و نامرێ). ئەگەر بگەڕێینەوە سەر چەمکی گشتیی ئەم وتارە (نیشتیمانی راستەقینە ئەو نیشتیمانەیە کە شیعر لە زاکیرە نەتەوەدا هەڵی کۆڵیوە نەک ئەو نیشتیمانەی سیاسەت وێرانی کردووە). جگە لەو جورئەتە گەورەیەی لەپشت ئەو شیعرەوەیە، جگە لەو هێزی داهێنانە نەمرەی لە قوڵایی ئەو شیعرەدایە، لە دێڕبەدێڕ و وشە بەوشەیدا هەوڵی تەواوکردنی نیشتیمانی فەنتازی و ناو شیعر و ناو زاکیرەی نەتەوەکەی دەکات (هەر بڕووخێ، دیل و داماوە، نامرێ، بەبێ شۆڕش، بیری ئازای جیهانی گرتەوە،..هتد) بەکورتی ئەو شیعرە لە ناوەرۆکی خۆیدا هەڵگری بنەمای ئازادی و سەربەخۆییە.

شیعری (داری ئازادی) و بێکەس لەو وتارەدا تەواو نابن، دەکرێ کتێبی مانفێستی ئازادیی کورد لەسەر ئەو شیعرە بنووسینەوە. لێرە من بەرەو مەبەستە دڵگرەکەی خۆم دەڕۆم ئەویش بێکەسی ڕەخنەگرە، لەوێشدا کارم بەو شیعرە دەبێتەوە و دەگەڕێمەوە سەری. ئەوە بێکەسە بەسەر جەهالەتدا هاوار دەکات و بەرگەی ئەو دواکەوتنە بێ ئامانەی کۆمەڵگەکەی ناگرێ. سڵاویش لەو کۆمەڵگەیەی کە گوێی لە بێکەس گرت و ڕەخنەکانی خستە سەر دڵی.

## تووڕەترین ڕەخنەگرە کە سلێمانی لە دروستبوونییەوە تا ئەمڕۆ بەخۆیەوە دیبێ

### ٦

ئیتیفاقێ گەر نەکەی، لەم جەهلە خۆت ڕزگار نەکەی
پاشەڕۆژت قەڵپە بەخوا عەیش و نۆشیت زارییە
(پەیامی بێکەس بۆ سەرانی هەر پێنج حزبەکە)

### لەنێوان لۆسەر و بێکەسدا

ڕاستە بێکەس نابێتە مارتن لۆسەری کورد، نە کوردستان ئەمەریکایە و نە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەکەی مارتین لۆسەرە، لۆسەر دژی کۆیلایەتیی ڕەشپێستەکان، دژی نادادی، دژی زوڵمی کەنیسە، شۆڕشێکی نەرم و ناتوندوتیژی بەرپاکرد، لە وڵاتێکی خاوەن دەستوور و مافی مەدەنی و وڵاتێک کە نیشتمانی زۆرێک لە فەیلەسوف و لێکۆڵەرە ئازادیخوازەکان بووە، نەک هەر ئەوە، لەو وڵاتە بووە داواکردن و جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ، تا ڕادەیەکی زۆر چووەتە پێشێ، بەڵام لەو پێناوەشدا کوژرا.

مەبەستم لە مارتین لۆسەر کینگە (Martin Luther King j r) کە لە ٢٩ی مانگی ١ی ١٩٢٩ز لە ئەتلەنتا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەدایک بووە. لە ٤ی نیسانی ١٩٦٨ لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا لە مێمفیز (Memphis) هەر لە ئەمەریکا کوژراوە (Assassinated)، لەو تەمەنە کەمەیدا مارتین لۆسەر کینگ، کاری زۆری کرد، چالاکیی بەردەوامی هەبوو، بزووتنەوەکەیشی بە (بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان) و (بزووتنەوەی ئاشتی) ناسرابوو. هەر لەو پێناوەشدا خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی لە ساڵی ١٩٦٤، واتا چوار ساڵ پێش کوشتنی، پێ بەخشرا، ئەوەش لەبەر (بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی و نایەکسانی بە شێوازی ناتوندوتیژ). دوای کوژرانیشی چەندان خەڵاتی دیکەی پێ بەخشرا، گرنگترینیان مێدالیای سەرۆکایەتی بۆ ئازادی لە ساڵی ١٩٧٧ز، خەڵاتی مێدالیای زێڕی کۆنکریسی ساڵی ٢٠٠٤ (سایت و کتێبی شەهیدانی مافەکانی مەدەنی (Civil Rights Martyrs).

**بەڵام بێکەس کێیە؟** من لێرەدا بێکەس وەک (تاکەکەس یان هاووڵاتی) ناناسێنم، ئەوەندەی دەکرێ لە وتارەکانی پێشوودا لەو لایەنە دواوم، ئەوەش مەبەستی من نییە، بەڵکو بێکەس وەک نەتەوە، وەک وڵات، وەک کۆمەڵگە، وەک شوێنی ڕۆشنبیر

و ئاستی تێگەیشتنی گشتیم مەبەستە، لەو ڕووەوە بێکەس کێیە؟

بێکەس سەر بە کام کۆمەڵگەیە کە لەگەڵ کۆمەڵگەکەی مارتن لۆسەر گینگ بەراوردی کەین؟ ئەوە بۆ ئێوە جێ دەهێڵم، چونکە من چەند لەو بابەتەم کۆڵییەوە بێ هیوا و بێ هیواتر دەبووم. ئەوەی بابەتەکەشمی بەو ڕێیەدا برد دوو هۆ بوون، کە هەردووکیان پەیوەندییان بە بێکەسەوە هەیە:

**یەکەم**: شیعرێکی بێکەس خۆیەتی کە داوا دەکات (خوایە لۆسەرێک بنێری)، باوەڕم وایە کە بێکەس هەم زانیاریی لەسەر لۆسەر هەبووە و هەم رووحیەتی ڕەخنەگرتنی کۆمەڵایەتیی بێکەسی دەوڵەمەندتر کردووە، کە دواتر باسی دەکەم.

**دووەم**: ڕەخنەکانی بێکەس لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ناو خودی نەتەوەکەی خۆی، ئەگەر ئەوەش بزانین کە بەشێکی دیاری چالاکییە گرنگەکانی لۆسەر لەو کاتەدا بووە کە بێکەس لەوپەڕی جۆشوخرۆشی خۆیدا بووە.

## بێکەس و ڕەخنەی سیاسی

بێکەس یەکەم شاعیرە کە بەو شێوە راستەوخۆ و ئازایانە و کاریگەرانە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە خودی کورد دەگرێ. ئەو باوەڕی وایە کە دەبێ راستەوخۆ نەخۆشییەکە دیار بکرێ و دەستی بخرێتە سەر، تا چارەسەر بکرێ. راستە شاعیری ڕەخنەگری دیکەی زۆر گرنگمان هەن، قانیع نموونەیەکی دیارە، ڕۆڵی گرنگی لە رووبەڕووبوونەوەی جەور و ستەمدا هەبووە، ئەزموونی ژیانی خۆی کە دەوڵەمەندە، کردووەتە ئاوێنەی گەلەکەیشی، سەردەمێکی درێژ شیعری (قوڕ بەسەر ئەو میللەتەی هیوای بە بەندیخانەیە) وێردی سەر زاری لاوان بوو.

بێکەس لە شاردا ژیاوە و راستەوخۆ ڕەخنەی توندی لەو دیاردانە گرتووە کە لەگەڵ رووحی دادپەروەری و ڕێڕەوی شارستانیدا ناگونجێن. کە ئەو باسە دەکەم ناتوانم داوای لێبوردن لە جەمیل سائیب نووسەری کورتە ڕۆمانی (لەخەوما) نەکەم، کە هەر لە یەکەم کاریەوە شەرەفی ڕەخنەگری سیاسی لە خودی کورد داوەتە ڕۆمان، دەشێ لە شوێنێکی دیکە ورتر لێی بدوێم.

**هەموو شیعرێکی بێکەس روحیەتی ڕەخنەگرتنی تێدایە، بۆیە ڕەخنەگرتن بەسەر هەموو شیعرەکانیدا بڵاو بووەتەوە،**



سەرچاوە Serchawe

ئەوەندەی ڕەخنە لەناو شیعرە سیاسییەکانی ڕەنگی داوەتەوە، کە پێش ئەوەی ئەو شیعرانە وەک شیعری بەرگری تەماشا بکرێن ڕەخنەی سیاسین و ئاڕاستەی میللەتەکەی خۆی کردووە. هەر لە یەکەم شیعریدا کە لە دیوانەکەی بڵاو بووەتەوە، دەردە قووڵەکانی کورد دەخاتە بەرچاو (قەومی کورد ئەمڕۆ کە دائیم وا لە حاڵی حەسرەتە... باعیسی فیتنە و فەساد و دوودڵیی ناو میللەتە...\ دیوانی بێکەس.لا ٥٣)

ئەو بەشەی دیوانەکەی کە لەژێر ناوی (کوردایەتی)دایە، لە بیست شیعر پێکدێت، نۆ شیعریان بەتەواوی بۆ ڕەخنەی سیاسی لە خودی میللەتەکەی تەرخان کراوە. شیعرەکانی (ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم، داری ئازادی، قەومی کورد، بۆ شەهیدانی ١٩ی حوزەیران، بیست و حەوت ساڵە، بۆ شێخ مەحموود جەودەت) ئەو شیعرانەم وەک بەرگری و ستاییشی نیشتمان و سروودی ئازادی پۆلێن کردووە. شیعرەکانی دیکەی ئەو بەشە بەتایبەتی (فیکری سەرکەوتن، ئامۆژگاری بۆ میللەت، وەفدی کوردستان، ئەی کورد بەسیەتی، دەردی دەروون، سەدەی بیستەمە، چاو بەست) ئەو شیعرانەن کە بێکەس ڕاستەخۆ ڕەخنەی توندی لە گەلەکەی خۆی گرتووە، دەردە قووڵەکانی دەستنیشان کردووە، کە تائێستا کورد بە دەستیانەوە دەناڵێنێ.

هەر کاتێک ئەو شیعرانەی بێکەس دەخوێنمەوە، سروشتی کۆمەڵی کوردەواریی ئەودەم دەهێنمە بەرچاو، دەشێ ئەو وێنانەی وەک ئەرشیفیش ماون یارمەتیمان بدەن بۆ زیاتر تێگەشتنی کەسایەتیی تاکی کورد، گرنگترین ئەو کەلوپەلانەی کە هەمیشە لەگەڵیان بووە، کیسەی تووتن، تەسبیح، گۆچان، هەندێ جار تفەنگ و فیشەکدان. بە دیوی گشتیدا واتا لە دەوروپشتی چەند دوکان و خانوویەکی قوڕ، عەرەبانەی ئەسپ، یان تراکتۆر و جێب. ڕاستە ئێستا وێنەکان گۆڕاون، کەلوپەلە کەسییەکان بوونە ئایفۆن و ئایپاد و کۆمپیتەر و ئەنتەرنێت، کەلوپەلە گشتییەکان بوونە مۆڵی گەورە و خانووی ئەلیکۆبۆن و شووشەبەند، مۆنیکا و هەمەر و زۆر جار جاکوار و لیمۆزین، پرسیارەکەی من ئەوەیە: بۆچی هەموو شتەکان گۆڕان و کۆمەڵگە لە ڕووی عەقڵییەوە چەقی؟ نەک پرسیارەکانی بێکەس، نەک ڕەخنەکانی وەک خۆی ماون، بەڵکو جورئەتی پرسیارکرنەکەش کەم بووەتەوە، نەک هیچ هاندانێک نییە بۆ پرسیارکردن، بەڵکو زەمینەی هێرش بۆ سەر مانای پرسیارەکان فراوانترە. ئەرێ کەس پرسیاری ئەوەی کردووە؟ ئەرێ ئێستا (کەسایەتیی بێکەس)ئاسا نە لە ڕووی شیعرەوە، بەڵکو لە ڕووی فیگەری کۆمەڵایەتییەوە بۆچ هەڵناکەوێ؟ کە هەیە و هەڵدەکەوێ بۆچی بواری دەرکەوتنیان نییە؟ ئایا هەیکەلی کەسایەتیی کوردی گۆڕاوە و جیناتی شێوازێکی تازەی وەرگرتووە، یان پانتایی کۆمەڵایەتی بە جارێک داگیر کراوە و بووەتە یەک ڕەنگ؟ ئەوە بابەتێکە چەند پەیوەندیی بە ڕەخنەکانی بێکەسەوە هەیە، سەد ئەوەندە پەیوەندیی بە بونیادی کۆمەڵایەتیی کورد و بنەماکانی پرسیارکردن و سەرچاوە فکرییەکانی کۆمەڵگاوە هەیە. من تەنیا داوا لە ئێوە دەکەم تا بوار دەبێ و بەدرێژی ئەو بابەتە بەسەر دەکەمەوە، با هەموومان بیر لە (سەرچاوە فکرییەکانی) کۆمەڵگەی کوردی بکەینەوە، چین و کوێن؟ وردتر، کۆمەڵگەی کوردی پشت بە چ سەرچاوەیەکی فکری دەبەستێ بۆ گەشەی مەعریفە و



سەرچاوە
Serchawe

زانستی؟ بۆ گۆڕینی ستایلی ژیان؟ بۆ..و بۆ؟

**شیعرە سیاسییەکانی بێکەس سەرچاوەیەکی زیندوون بۆ تێگەیشتن لە بێکەس و ئاستی بیرکردنەوەی دەوروبەری و رەخنەکانیشی. هەر لەو ڕێگایەوە دەردە قووڵەکانی کۆمەڵگەکەشی دیار کردووە.**

**شیعری (فکری سەرکەوتن) نمایشێکی سەرکەوتووی بیرکردنەوەی گشتی لەلایەک و رەخنەکەی بێکەس نیشان دەدات لەلایەکی دیکەوە. چۆن؟ ئاوا دەست پێدەکات (فکری سەرکەوتن بەبێ شک، ئەی ڕەفیقان غیرەتە) بێکەس دەماری کوردی خێڵەکی دەناسێت و دەزانێ (غیرەت) چ کاریگەرییەکی گرنگی لە ژیانیاندا هەیە. بۆ سەرکەوتن بە غیرەتەوە دەبەستێتەوە، لەدوای یەک دێڕ لە جووڵاندنی غیرەتیان، زللەیەکی زۆر بەهێزیان لێ دەدات:**

**قەومی کورد ئەمڕۆ کە دائیم وا لە حاڵی حەسرەتە**
**باعیسی فیتنە و فەساد و دوودڵیی ناو میللەتە.**

**(دیوانی بێکەس، لاپەڕە..٥٣)**

**حاڵی حەسرەتی کورد، یان حەسرەتی کورد بۆ سەربەخۆیییە، ئەو سەربەخۆیییە کە غیرەتی دەوێت، ئەو سەربەخۆیییەی کە کورد بەلای کەمەوە لە سەردەمی بابانەکانەوە بەخۆیەوە نەدیوە، بەستوویەتییەوە بە (فیتنە و فەساد و دوودڵی)ی ناو میللەت، ئەوە دیارکردنی هۆکارەکانی دەردەکەیە. ئەوەی روونە بێکەس نایەوێ کۆمەڵگەکەی خۆی رەخنەبارانی بێچارەسەر کات و بیرووخێنێ، هەر دوای ئەوە (قەومی کورد) کە لە نیوە دێڕەکەی سەرێدا (باعیسی فیتنە و فەساد و دوودڵیی!) بوو، هاومانا دەکاتەوە لەگەڵ (شێرانی میللەت!). بەڵام ئەو مارتن لۆسەرەی کورد باز بەسەر شێرانی میللەتدا نادات و داوایان لێ دەکات (فیکری وەحشەت) لابدەن، من نازانم بێکەس بێئاگایانە یان بەئاگایانەوە ئەو کارە دەروونییە پڕ بایەخەی لەگەڵ گەلەکەی کردووە، بەڵام نیشانەکەی پێکاوە. با دێڕەکە بنووسینەوە:**

**قەومی کورد، شێرانی میللەت! فیکری وەحشەت لابدەن**
**وەختی تێکۆشینە ئەمڕۆ، رۆژی عیلم و سەنعەتە**

**(شێر) ڕەمزی ئازایەتییە، وەک لە شیکردنەوەکەی سیفینکسدا دیتمان، ڕەمزی دەسەڵات و بەرگریشە، ڕەمزی وەحشییەتیشە وەک پادشای دارستان. لای بێکەس چۆن؟ بە هەمان شێوە ڕەمزی ئازادییە، ڕەمزی بەرگری و فیداکارییە، بە هەڵکەوت نییە لە هەمان نیوەدێڕی کە شێرانی میللەتی تێدایە، وشەی (وەحشەت)ی بەکارهێناوە، ئەو شێرێکی دەوێت کە (فکری وەحشەت**



سەرچاوە
Serchawe

لابدەن)، بەڵام کەس نکووڵی لەوە ناکات کە شێر وەک سروشتی خۆی (وەحشییە) کە کێوییە. بۆیە ئەو ڕاستەوخۆ پێیان دەڵێ دەبێ شێرانی میللەت وەحشی بوون واز لێ بێنن، چونکە (ڕۆژی عیلم و سەنعەتە). ئەو شاعیرەی داری ئازادی دەنووسێ، هەموو ئازادییەک بە خۆی دەدات، یەکەم جار بەرامبەر گەلەکەی خۆی ئەوجار نەیارەکانی، لەو ئازادی بەخۆدانە چەند کۆمەڵگە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەوەندەش شوێنی خۆی ئەو وەک باوکێک و وەک کارەکتەرێکی کۆمەڵایەتی دەخاتە مەترسییەوە، ئەوەش گۆڕانکارییەکی قووڵ لە بیرکرنەوەی گشتیدا بەرامبەر بە خۆی دروست دەکات، با ئەو گۆڕانکارییە نەشچووبێتە قاڵبێکی گوتارەوە، بە شێوەیەکی هەستپێکراو و ڕاستەوخۆ ڕێک نەخرابێ. بۆ ئەوەی مەبەستەکەم روونتر بێتەوە، ئەو کاتەی ئاڕاستەی ڕەخنەکانی بێکەس لەسەر دوو ئاستی جیاواز فۆڕمی خۆیان وەردەگرن، یەکەمیان ڕەخنەگرتن لە نەیاران و دوومیان ڕەخنەگرتن لە میللەتەکەی خۆی، بۆیە دوژمنەکانیش لە دوو بەرەوە رووبەڕووی دەبنەوە، بەرەی یەکەمی دوژمنەکەی دیار و ئاشکرایە و خۆی ناشارێتەوە، دژی دەوەستێتەوە و تانەی لێ دەدات و لە وەزیفە فەسڵی دەکات و زیندانی دەکات و دارکاری و ئیهانەی دەکات، ئەویش بەوپەڕی لەخۆبوردنەوە بەرگە دەگرێت و ملکەچ ناکات و بەسەریاندا هاوار دەکات. بەرەی دووەمی دوژمنەکانی یان گونجاوتر بڵێین (نەیارەکانی) لەناو کۆمەڵگەی خۆیدایە، هاوسێ و سیاسی و مەلای ناو شارەکەی خۆی بوون، موحافیزکار و بازرگان و تەقریرنووس، پۆلیسەکانی ئەخلاق و ژن بوون.

بە ڕادەیەک لەو وڵاتە دەوڵەمەندە نانێکی شەرەفمەندانە بۆ بێکەس دەبەنە پشتی شێر. ئەوە چارەنووسی شاعیرێکە کە داری ئازدی دەنووسێ و بۆ خۆیشی ئەزموونی ئەوپەڕی ئازادی دەکات لە شیعرەکانیدا. کە جارێ تەنیا لە شیعری (فیکری سەرکەوتن)دا بمێنینەوە، تەنیا بۆ ڕاچڵەکاندانی کۆمەڵگەی کوردی پشت بە فەرهەنگ و وشەکانی ئەو شیعرە دەبەستم، دەبینین بە چ وشەگەلێک کۆمەڵگەکەی خۆی داغ دەکات، بەو مەبەستەی هەستیان بجووڵێنێ و لە چارەڕشیی خۆیان بەئاگایان بێنێ، ئەو وشەگەلەی بەرەوڕوو کردوونەوە (فیتنەوە و فەساد، بێ عیلم و بێ سنعەت، لەژێر پێی ئەجنەبی و بێ قیمەت! سووک و بێ ناونیشان، دەرد و زیللەت). هێمنترین دێڕیش کە لەو شیعردا نووسیویەتی، دوا دێڕە، ئەو دێڕەش ڕووی لە خەڵکی گشتی نییە و ڕوو لەو کەسانەیە کە تا ڕادەیەک ناڕازین و بە جۆرێک لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی نیگەرانن، **بەڵام دیسان بە زمانی ڕەخنە ڕوویان تێ دەکات:**

**هەوڵ و تیکۆشین بە تەنیا هەر بەدەم کەڵکی نییە**<br>
**گرمە گرمی هەوری بێ باران نیشانەی زەیقەتە**

ئەو ئاگرەی دەروونی بێکەسی تەنیوەتەوە و میللەتی (بێ خەبەر) لێی بێ ئاگایە، لە شیعری (ئامۆژگاری بۆ میللەت..

دیوانی بێکەس، لاپەڕە: ٥٤) دەگاتە لووتکە. (کوردە تا کەی بێ خەبەر بی؟ نووستنت بێ عارییە)، ئەم شیعرە یەکێکە لە

شیعرە هەرە برینداره‌کانی بێکەس، ئەوندە لە قووڵایی گەلەکەیەوە دێتە گۆ، خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ. لێرە پەنا بۆ وانەگوتنەوە دەبات، نموونە دێنێتەوە و مێژوو دەکاتە بەڵگە، رەخنە دەگرێت و چارەسەر دادەنێ، رەخنەکانی (نووستنت بێ عارییە، دواکەتنت.. بێ کارییە، ئەسیری، عەبدی، جارییە. جەهل، قەڵب) ئامۆژگاری دەکات و وانە دەڵێتەوە (تاکەی بێ خەبەر بی، سەیری ئەو قەومانەکە، ئیتیفاقێ گەر نەکەی، رێی نەزانی بەربدە).

هەموو شیعرێکی سیاسیی بێکەس رەخنەی توندە لە نەتەوەکەی، هەموو شیعرێکیشی شایانی لێ وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنە، بەڵام کورد نەک ئەو کارەی نەکردووە، هەرگیز عیبرەتیشی لە شیعرەکانی وەرنەگرتووە، جورئەتی ئەوەی نەبووە بە تووڕەبوونێکیش وەڵامی بداتەوە.

**تەنیا گەر یەکەم دێڕی شیعری (دەردی دەروون) جارێکی دیکە بخوێنینەوە، کە دەڵێ:**

**کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە**
**دوودڵن، پیسن لەگەڵ یەک، بۆیە وا بێ لانەیە**
**میلەتێکن بۆ نەمانی یەکتری هەر هەولأ ئەدەن**
**داخەکەم ورد و درشتی شێت و شەیدای ئانەیە**

سێ وشەی یەکەم وەک مۆرک و تاپۆ بە بەری یەکتردا بڕاون (کورد، ئەبەد، ناگات)، ئەوە چ گەلێکە دوای تێپەڕینی نزیکەی سەد ساڵ بەسەر نووسینی ئەم شیعرەدا هێشتا بۆ یەک تاکە جار و هیچ نەوەیەک بە مەبەستی شکانی ئاوڕی لە تەلیسمی ئەو شیعرە نەداتەوە. ئەو ئەبەدەی کورد تا چەندی دی (ناگاتە مەقسەد)!. دوو دێڕەکەی دیکەش هیچ ڕاڤەیەک هەڵناگرێ و وەک ئەوەی ئەورۆ نووسیبێتی وایە،

**لەوپەڕی ڕقیدا دان بە رووحی خۆیدا دەنێ و دەڵێ:**

**میللەتی بێ عیلم و ئەخلاق چۆن بە ئیستیقلال ئەگا**
**واسیتەی بەرزی و تەرەققی هیممەتی مەردانەیە**

بەو زامە قووڵەوە بێکەس لەناو ڕەخنەی سیاسیدا بەجێ دەهێڵم و دەچمە سنوورە هەرە مەترسیدارەکە، ئەویش ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە. کە تا ئەمڕۆ هیچ کەسێک لەو بوارەدا ئەوەندە بوێرانە رایەکانی خۆی دەرنەبڕیوە، وا بە قورسی سینگی ئەو پەیکەرە کۆمەڵایەتییە تا کەمەر لە قوڕ چەقیوەی ڕانەوەشاندووە.

## یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی کۆچ ئەو کۆتوبەندەیە کە کۆمەڵگە دەیخاتە دەست و عەقڵی تاکەکانەوە

## ٧

مێژوو، ژیانی کورد وەک نەتەوە، دابەشکردن و شەڕە بەردەوامەکانی، بەکورتی باری سیاسیی کورد، (بێکەس)ی فڕێ داوەتە ناو تێکۆشان و شۆڕشگێڕی، ئەوەش وای کردووە کە بەشێکی زۆری شیعرەکانی، هەست و بیرکردنەوەی بۆ بەرگری و نەتەوەکەی دانێ، دەنا ئەو پیاوە وزە و هێز و بورکانێک بووە بۆ ڕەخنەگرتنی کۆمەڵایەتی، مامۆستایەک بووە بۆ دیاریکردنی دەردەکانی کۆمەڵگە، چالاکوان و خۆبەختکەر بووە لەو پێناوەدا.

بێکەس بەبێ ئەوەی ڕێکخراوی هەبێ، بەبێ ئەوەی حزبی هەبێ و دەست لە پشتی بدات، کۆمەڵگەکەی خۆی دەخوێنێتەوە و لە کاتی پێویستدا ئاگاداری دەکاتەوە. بێکەس یەکەم کەسە کە بەو پەرۆشی و تووڕەیی و بوێرییەوە دەردەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکات، نەک هەر ئەوە بێکەس بەسەر کۆمەڵگەکەیدا هاوار دەکات و زللەی قورس لە بناگوێی دەدات. ئەو بوێرییەی بێکەس هەیبووە، ئەو کایە و کارێکتەرە کۆمەڵایەتی و ئایینی و پیاوماقووڵانەی ئەو ڕای وەشاندوون و قۆپچەکانی هەڵوەراندوون و ناشیرینییەکانیانی نیشانی هەمووان داون، لەوپەڕی دەسەڵاتدا بوون و تا ئەمڕۆش، کە سەدەی بیست و یەکە، لەدوای بێکەسەوە هیچ کەسێکی دیکە لەو ئاستەدا نەیتوانیوە ئەو ڕەخنە توندانە ئاڕاستەی کۆمەڵگەکەی بکات. تا ئەمڕۆش کە نەوەد و سێ ساڵ بەسەر یەکەم شیعری ڕەخنەگرانەی بێکەسدا تێپەڕیوە، لە ساڵی ١٩٢٤ دا نووسیویەتی، ڕووبەڕووکردنەوەی کۆمەڵگە بەو ڕەخنە قورسانە کارێکی زۆر مەترسیدارە و خاوەنەکەی بەسەلامەتی دەرناچێ.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشێ، ئایا کورد ڕەخنەگری کۆمەڵایەتیی هەیە؟ ئایا ئەو لێشاوە جەهلەی ڕووی لەو کۆمەڵگەیە کردووە هەستی بە هیچ بەربەست یان ڕووبەڕووی هیچ بیرکردنەوەیەکی جدیی ڕۆشنگەرانە بووەتەوە؟ ئایا کە ئەمڕۆ بێکەس زیندوو بێتەوە، لەو سەدان کەناڵە تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و سایت و سەدان هۆی کاری دیکەی کۆنخواز و تەقلیدگەرایە مافی ئەوەی دەبوو ئاوا ئاشکرا دەنگ هەڵبڕێت و بڵێ سەرپۆش فڕێ دە؟ ئایا ڕۆشنبیرەکان، نووسەرەکان، یان شاعیرەکان ئەو ڕەخنەگرتنەیان فەرامۆش کردووە و بە کاری خۆیانی نازانن؟ئایا مێژوو چۆن باسی ئێمە دەکات لە کاتێکدا ڕازین لەناو ڕووباری جەهلدا بژین و دەنگمان لێوە نایەت؟ ئایا بێبەریکردنی شیعر لە سەنگەری ڕەخنەگرتن و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە کارێکی هونەری و تەکنیکی و ئیستاتیکی بوو یان خۆدزینەوە بوو لە کێشە قورسەکانی خەڵک؟ ئایا ڕووبەڕووبوونەوەی



سەرچاوە
Serchawe

سیحر و یۆتۆپیای ژیانێکی دیکە و ئیفلیجکردنی بیرکرنەوەی گشتی کاری خوێندەوار و زانا و (مامۆستایانی زانکۆ!!) نییە؟؟ ئایا تەشەنەکردنی جەهالەت شان بەشانی شێرپەنجە بەهۆی پاشەکشەی نووسەر و ڕۆشنبیرانەوە بوو، یان بەرنامەیەکی جیهانی بوو دەبوو کۆمەڵگەکان تووشی ببن؟ ئایا کە نەخۆشخانەیەک هەبێ بە ناوی هیوا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی شێرپەنجەی جەستە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شێرپەنجەی کۆمەڵایەتی چەند نەخۆشخانە پێویست بن؟ لە ڕووی فکرەوە ئێستا لە وڵاتەکەی مندا سەدە تاریکەکانی ناوەڕاستە، دەبێ چەند فەیلەسوف و ڕۆشنگەرمان پێویست بێ تا بسووتێن و زیندانی بکرێن تا تۆزێک بەر پێی خۆمان ببینین؟

**بێکەس سەرەتایەکی هێجگار گرنگ و پێویست بوو لە کاتی خۆیدا بوو، ئەوەندەی توانی سیحرەکەی شکاند و ڕێگاکەی کردەوە. بەڵام چۆن و بە چ چیرۆکێک؟**

بێکەس یەکەم شیعری ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی لە ساڵی ١٩٢٤زدا نووسیوە، پێشتر زانیمان بێکەس لە ساڵی ١٩٠٥ز دا لەدایک بووە، واتا لە کاتی نووسینی ئەو شیعرەیدا کە بە ناوی (کە پارەت بوو خزم زۆرە: دیوانی بێکەس. ئامادەکردنی: محەمەدی مەلا کەریم، ساڵی ١٩٨٦، بەغدا، لاپەڕە: ٨٧) تەمەنی تەنیا نۆزدە ساڵ بووە:

سەرم سوڕماوە نازانم چ شەخسێ بێ غەش و چاکە
لەناو ئەو قەومەدا کێیە لەگەڵ هاوجنسی خۆی پاکە

## گرنگیی پارە لە مێژوودا:

پارە شوێنێکی دیاری هەیە لە مێژوودا، پەیدابوونی، قۆناغەکانی گەشەکردنی، گۆڕینی لە شتێکەوە بۆ شتێکی دیکە، لە شتەوە بۆ کاغەز و بانکەنۆت. هەمووشی بۆ پەیداکردنی (کەلوپەلی پێویستیی ژیان، یان خزمەتگوزاری). لەگەڵ گەشەکردن و گۆڕانی شێوە و ماهییەتی پارەدا قۆناغەکەش گۆڕاوە، ڕاستە پارە ژیانی ڕێکخستووە، ڕاستە پارە ژیانی ئاسانیش کردووە، بەڵام زەحمەتیشی کردووە. سەرەتا تەنیا مامەڵە و شت گۆڕینەوە هەبووە، گەنم بە ڕۆن، پەنیر بە ساوەر. مامەڵە واتا گۆڕینەوەی شتێک یان خزمەتگوزارییەک بە شتێکی دیکە، بەبێ ئەوەی پارەی تێدا بەکار بێت. دواتر هەندێ (شت) بەهای تایبەت وەردەگرن و نرخ و بەهای کەلوپەلەکانی دیکەی پێ دیاری دەکەن، وەک ددانی فیل و مانگا، خوێ و زێڕی خۆڵ، مرواری و گەوهەر. مێژووی پەیدابوونی پارەی مەعدەنی و کاغەزیش زۆر سەرنجڕاکێش و ڕەنگاوڕەنگە. لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵگەی مۆدێرنیشدا پارە شوێنێکی هێجگار گرنگ لە نەخشەی ژیانی شارستانیدا داگیر دەکات، ڕۆژ بە ڕۆژیش شوێنی پارە

گرنگ و گرنگتر دەبێ، تا لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو بانگەشەی ئەوە دەکرا کە پارە وردە وردە خەریکە دەپەرستریَ و شوێنی خودا دەگرێتەوە.

بێکەس لە بەها و گرنگیی پارە گەیشتووە، ڕۆڵی پارەی لە کۆمەڵگە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هەست پێ کردووە. لە دێڕی یەکەمدا ناوی پارە ناهێنێ و بەڵام لەدوای وشاکانەوە، هاوناوە پێچەوانەکانیمان بیر دێنێتەوە، (چ شەخسێ بێ غەش و چاکە؟ کێ لەگەڵ هاوجنسی خۆی پاکە؟) ئەوانە ئەو پرسیارانەن کە وەڵامەکانیان لەناو خۆیاندایە.

## هۆکاری غەش و ناپاکیش پارەیە:

ئەگەر پارەت نەبێ بە خودا هەزار خزمت بێ پەشمە
کە پارەت بوو هەموو عالەم براتە و پێت ئەڵێ کاکە

لە سەردەمی بێکەسدا و لە کۆمەڵگەی کوردی سادەدا، ئەو کاتە، پارە تەنیا دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکەی دەرکەوتووە، بێکەسیش لەسەر ئەو ئاستە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەو شیعرە دیوە ناشیرنەکەی پارەمان نیشان دەدات، ئەو دیوەی کە مرۆڤەکان لە پێناوی پارەدا دەخزێنە ناو هەموو خەتایەکەوە. پارە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێک دەخاتەوە، هەموو جۆرەکانی دیکەی پەیوەندی بە پەیوەندیی خوێن و زمان و نەتەوە و دینیشەوە بەپێی پەیوەندییان بە پارەوە ڕێک دەخرێنەوە و نرخیان بۆ دیار دەکرێ. چیدی خزمایەتی و هاوسێیەتی و برایەتی پەیوەندیی پلە یەک نین، بەڵکو گرنگییان بە شێوازی پەیوەندییان بە پارەوە دەگۆڕێت. دواتر (پارە) وەک بەهێزترین ناونیشان بۆ دەسەڵاتی ئابووری گۆڕانی بەسەردا دێت و خۆی لەژێر ناوی (بەرژەوەند) و (بەش) و (سوود و قازانج) و (هاوئامانج) و (سەرمایە)دا دەشارێتەوە، یان خۆی ڕێک دەخات. ئەمڕۆ هەموو ڕەمزە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و نیشتمانییەکان بۆ ئامانجێکی ئابووریی خۆیان بۆ سوود و قازانجێکی هاوبەش و پەیداکردنی پارە، پڕۆژەی سیاسی و فکری و دینیی زەبەلاحیان وەڕێ خستووە. (هەر بۆ نموونە، شەڕی گەورەی ئێران و عەرەبستانی سعوودیە لەسەر ئیمان و خودا و حوسەینی شەهید و سوننەت نییە، بەڵکو لەسەر ئەو دەسکەوت و سەرمایانەن مەزهەبەکانیان بۆیان مسۆگەر دەکەن). ئەگەر ئەوان خۆیان لەژێر هەر ناونیشانێکدا بشارنەوە، دەکەونە ژێر چەپۆکی شیعرە سادەکەی بێکەسەوە (کە پارەت بوو هەموو عالەم براتە و پێت ئەڵێ کاکە)، ئیدی ئەمڕۆ دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتی ئایینی، دەسەڵاتی کۆمپانیا و خێڵەکان خۆیان لە قەوارە و شێوازی جیاوازدا ڕێک خستووە، بەڵام هەموو ئەوەی ئەو ڕێکخراوانە لەناوەوە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، دۆست و دوژمنیان دیاری دەکات، تەنیا و تەنیا پارەیە. تاکە هۆکاری بە یەک بەستنەوەی کۆمەڵەکەسێک لە ڕێکخراوێکدا، لە

حزبێکی دنیایی یان ئیسلامیدا تەنیا و تەنیا پارەیە.

بێکەس بەسەر هیچ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیدا باز نادات و ڕەخنەی توندیان لێ دەگرێت، بەتایبەتی لە شیعری (عەیبە.. عەیبە)دا. ڕاستە ئەو شیعرە لە ڕواڵەتدا زۆر سادەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا لە دیاردەیەکی گرنگ ئاگادارمان دەکاتەوە، ئەویش زۆر زۆر بەکورتی (ژیانی ڕۆژانەیە لەپێناو زەوقی خەڵکدا) یان(لەبیرکردنی خودە بۆ ڕازیکردنی زەوقی گشتی).

لەسەر سێ ئاست (لەو بابەتە) دەکۆڵێتەوە.:

**یەکەمیان**: (لاساییکردنەوە) کە بارێکی قورسی ئابووری دەخاتە سەر یەکە یەکەی کەسەکان.
**دووەم**: (عەیبە) تایبەتمەندیی تاک پێشێل دەکات و بواری هەناسەدانی ئازاد بۆ تاکەکان ناهێڵێتەوە.
**سێیەم**: هەڵی ڕەنگاوڕەنگردنی کۆمەڵگە لەناو دەبات و هەمووان دەکاتە یەک ستایل. ئەوەش ئەو کاتەیە کە کۆمەڵگە هەمووی دەبێتە چاوێکی گەورە و چاودێری و سیخوڕی بەسەر تاکەکانی خۆیەوە دەکات. هەر لەبەر ئەو هۆکارەشە، خەڵکانێک (ئەڕواتە غوربەت تەرکی کوردستان ئەکا)، ئەگەر لێکۆڵەرێکیش لەسەر دیاردەی کۆچکردنی گەنجان بنووسێ (هەتا لە ئەمڕۆشدا) یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی کۆچ ئەو کۆتوبەندەیە کە کۆمەڵگە دەیخاتە دەست و عەقڵی تاکەکانەوە.

لە کۆتایی ئەو شیعرەشدا بە ڕەخنەیەکی توندتر دەوروبەرەکەی ڕادەچڵەکێنێ:

بەسیەتی ئەم فکرە پیسە، غەفڵەت و نووستن بەسە
سەیری ئەقوامی غەرب کەن کەشفی ناو ئاسمان ئەکا..
سلێمانی.. ١٩٢٦).

هەرچەند دەمەوێ ئاڕاستەی بیرکردنەوەی پڕشنگداری بێکەس لەگەڵ خاوەن شەهادە و دکتۆرا و پزیشک و ئەندازیار و ئەو (گرووپ و کەسانەی) پێشکەوتنی کۆمەڵگەیان لەسەر ڕاوەستاوە بەراورد بکەم، شەرم دام دەگرێت و لەجیاتی سیستەمی کۆمەڵایەتی و یەکەیەکەی ئەو لە زانست دوورانەی ناو میللەتەکەم تەریق دەبمەوە. تەریقبوونەوەیەک کە زۆر پێدەچێ تا جورئەتی ئەوە پەیدا دەکەمەوە جارێکی دیکە قەڵەم بەدەستەوە بگرمەوە یان تێ هەڵبچمەوە.

نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە

گیرۆدەی بەندی، ژیانت زوڵمە
وا من پێت ئەڵێم چونکە لەسەرمە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە.

(سلێمانی.. ١٩٤٤).

گرنگترین شیعری بێکەس لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، شیعرە بەناوبانگەکەیەتی (نەسرین.. دیوانی بێکەس، لاپەڕە. ١٠٢).

ئەگەر پشت بە میتۆلۆژیا ببەستین، چیرۆکە ئایینییەکان قبوڵ کەین، هەموو جیهان خراوەتە خزمەت مرۆڤەوە، ئەگەر زانست و تەکنۆلۆژیا وەرگرین، دیسانەوە مرۆڤ سەرکردە و ڕابەرە و هەموو شتێک لە خزمەتی ئەودایە، ئەوەتا ( Human is the most valuable assets of an organization) مرۆڤ بەبەهاترین سەرمایەیە. مرۆڤ وەک یەکەیەکی یەکگرتوو و سەربەخۆ، نەک بەشێکی، ژن و پیاو. بێکەس ئەو ڕاستییە دەزانێ و گوێ بە ڕواڵەت و رۆتینی ئایینی نادات. بۆ بەشێکی کۆمەڵگە لە ترسی بەشەکەی دیکەی کە ناتوانێ بێ ئەو بژیت، کە هیچ کام لە بەشەکان بەبێ ئەوی دیکە ناتوانن درێژە بە ژیان بدەن. سەرەڕای هەژموونی قورسی دینی و کۆنەخوازیی کۆمەڵایەتیی ئەوکاتی کۆمەڵگەی کوردی، واتا ٧٣ ساڵ لەوەوپێش بێکەس بەوپەڕی ئازادیی شەخسیی خۆیەوە هاوار دەکات (نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە)بە ناوێکی کوردی دەست پێدەکات، (نەسرین) هەم کوردی و هەم مۆسیقی، ناوی نەوەیەکی نوێ، نەوەیەک کە بێکەس چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکات بانگی بکات و ئەرکێکی گەورەی نوێگەریی بخاتە سەر شانی، ئەوەیش فڕێدانی پەچەیە (وەک رەمزی ئازادی)، کە پەچە رەمزی ترسان و خۆشاردنەوە بێ، کە پەچە لەسەر زمانی بێکەس رەمزی (گیرۆدەی بەندی) و (ژیانت زوڵمە) بێ. بێکەس وەک مونەوەرێک، وەک سەرکردەی مونەوەرەکان بە ئەرکی خۆی دەزانێ ئاگاداریان بکاتەوە (وا من پێت ئەڵێم چونکە لەسەرمە)، ئەوە بەشێکە لە ئەخلاقی زانستی، چۆن (زانست هێزە) وەک جۆن دیوی دەڵێ؛

(..John Dewey 1859ز - 1952ز) کە فەیلەسوفێکی پراگماتیزمییە (Pragmatism) بە هەمان شێوە زانست کە هێزە!! بەرپرسیاریەتیشە. گەورەترین مەترسیی زانست ئەوەیە کە لە بەرپرسیاریەتی بەتاڵ بکرێتەوە، بێکەس باش دەزانێ دەبێ نەوەی نوێ ئەو کارە بکات، (تا خوێنی گەرمە) ئەوانەی ئەوڕۆ ئەم وتارەی من دەخوێننەوە پێیان وایە بێکەس نیشانەکەی نەپێکاوە و بە هەڵە کۆمەڵگەکەی خۆی خوێندووەتەوە. ئەگەر پەلە نەکەین و سەیرێکی پێکهاتە و گرووپ و خێزانی ساڵانی دوای چلەکان بکەین، واتا سەرەتای پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکانیش دەبینن (نەسرینەکان) چۆن ئەو ڕاستییەی بێکەس پێیان دەڵێ دەیکەن بە ئامانج و مەبەستی خۆیان، وێنەی قوتابخانەی کچان و

سەیران و وێنەی بازاڕ و شوێنە گشتییەکانی ژن و کچانی بێ سەرپۆش و مەدەنی و متمانە بەخۆبوو دەبینی، کەس نەک ناتوانێ بە کەم تەماشایان بکات، ئینسان شەرم لە ئازادی و باوەڕ بەخۆبوون و متمانەشیان دەکات:

ئەمڕۆ زەمانی عیلم و عیرفانە
عالەم شەو و ڕۆژ وا لە فرمانە
فەرقی نێر و مێ نییە بیزانە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

لە سێ دێڕی یەکەمی ئەو کۆپلەیەدا کە کۆپلەی دووەمی شیعرەکەیە، لە هەر یەکەیاندا، دووانەیەکی دروست کردووە بۆ خزمەت و چەسپاندنی بیر و بۆچوونەکەی، (ئەمڕۆ بەرامبەر عیلم و عیرفان، عالەم بەرامبەر کارکردن، نێر بەرامبەر بە مێ)، دوو دێڕەکەی دواتر کە لە هەموو کۆپەکاندا دووبارە بوونەتەوە، دیسانەوە دوو دنیای بەرامبەر یەکتر داناوە، دەکرێ وەک ئامانجی سەرەکیی شیعرەکە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. ئەوانیش (تێکۆشان بەرامبەر خوێنگەرمی و سەرپۆش بەرامبەر شەرم)، کۆی بەراوردەکانیشی لە خزمەتی ئەو بەراوردەی کۆتاییدایە و بەوپەڕی تواناوە دەیەوێ (بازنەی شەرم لای ژن بشکێنێ). پەیامە نەگوتراوەکە ئەوەیە لە زەمانی عیلم و عیرفاندا، کە عالەم شەو و ڕۆژی خستووەتە سەریەک، کە نێر و مێ جیاوازیی نییە. تۆش گەنجی و خوێنت گەرمە، هەستە و تەوقی شەرم بشکێنە و ببە خاوەنی خۆت. لێرەدا وشەی (خاوەن) لەوە گەورەترە وا بەئاسانی بەکاری بێنین، ئەوە مەسەلەی خاوەنی ئیرادەیە لای ژن، خاوەنداریی (ژنە) لای پیاو و کۆمەڵگە، ئەو شیعرەی بێکەس لە فەزایەکدا لەدایک بووە، کە فەزای خۆیەتی، فەزایەکە وەڵامی بۆ بێکەس و گۆڕانکارییە گەورەکانی دنیا هەبووە. بە سەدان (نەسرین) کە بە ڕاستی خوێنیان گەرم بوو، بە ڕاستی دژی جەهل بوون سەرپۆشەکانیان لادا، کچی شێخە هەرە گەورەکان. کچ و خێزانی پیاوە ئەشراف و بەدەسەڵاتەکان وەک خەڵکی سادە سەرپۆشیان لادا و بوونە خاوەنی ئیرادەی خۆیان، نە کەس حەیای چوو، نە کەسیش لە دین وەرگەڕا، نە کەسیش لە بەهەشت دەرکرا، لەبەرچی؟ چونکە ئەو کاتە دین هی خەڵک بوو، چونکە ئەو کاتە ئیمان و باوەڕ هی خەڵک بوون. جارێ ئیسلامی سیاسیی پسوولەی لێبووردنی بە سەرپۆش (میقنەعە) و ریش و کافرکردنی ئەوانی دیکەوە گرێ نەدابوو. جارێ ئیسلامی سیاسیی گەورەترین وەبەرهێنانی فکری لەسەر جەستەی ئافرەت ڕانەگەیاندبوو. کچانی خوێندەواری هەولێر و سلێمانی و دوورترین شارۆچکەکان ئەوەیان ڕاگەیاند کە شەرەفی ئەوان لە ناخ و ئیرادە و متمانەی خۆیاندایە نەک سەرپۆش و هیچ شتێکی دیکەی ڕواڵەتی. نەسرینەکان، شیعرەکەی بێکەس چ پەیامێکی دیکەیان بە گوێی نەوەکانی دیکەدا چرپاند؟

-----

## کەسێک سامانی ڕاستەقینەی نییە کە خۆی موڵکی خۆی نەبێ

**٨**

ئەو خشڵ و زێڕەی بۆ ژن دەکرێ، هەتا ئەوەی ناوی مارەیی و پاشەکیی لێ نراوە لە هەموو ئەگەرەکاندا دەچێتەوە خەزێنەی پیاو

مەڵێ من کچم، تۆش وەکوو منی
موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی
مەجبووری ئیش و خزمەتکردنی
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە. (دیوانی بێکەس، شیعری نەسرین.. سلێمانی..١٩٤٤)

دنیابینی ئەو شعرە سادەیەی بێکەس، لە وشە و ڕستە و فۆڕمەکەی دا نییە، دنیابینی ئەو شیعرە لە بینینی ئاسایی بێکەسەوەیە بۆ ژن. کە (کچ وەک ئەو بێ)، وەک ئەو مانای ئەوە نییە وەک ئەو پاشا بێ، نەخێر وەک ئەو کائینێکی سەر ئەم زەمینە، مرۆڤێکی ناو کۆمەڵگە، کەسێکی موحتاج، بەڵام موحتاجی چی؟ گۆڕینی ڕوانین بۆ ئافرەت، گۆڕینی دنیابینی بۆ بەشەکەی دیکەی کۆمەڵگە لێرەوە دەست پێ دەکات، لە جۆری موحتاجییەوە دەست پێ دەکات. ئەرێ ئافرەت موحتاجی ئازایەتیی پیاوە؟ موحتاجی پارێزگاری لێکردن و حیمایەتی پیاوە؟ وەک کولتوور و دین و خێزان ڕایانهێناوە؟موحتاجی سزا و فەرمانەکانییەتی؟ موحتاجی قەفەز و دیوارەکانییەتی؟

کە دەڵێ تۆش وەکوو منی (سیحری کەمتر!) سیحری کەمتربوونی ئافرەت لە پیاو بەتاڵ دەکاتەوە. چونکە وەکوو ئەویشە، بۆیە موحتاجی (عیلم و فەن و خوێندنە). وەڵامی پرسیارەکە ئەوەیە، ئافرەتیش موحتاجی عیلم و فەنن. کێن ئەو کەسانەی موحتاجی عیلم و فەنن؟ ئەو کەسە ملکەچ و ترساو و بێ مافەیە کە تەنیا دەبێ لە کونی ژووردا بێت و خزمەت کا؟ دنیابینییەکە ئاوایە، ژن و پیاو وەکو یەکن، هەردووکیشیان پێویستیان بە فێربوونی زانست و کیمیا و فیزیایە، پێویستیان بە هونەر و فەننە، هونەری ڕەنگ و وێنەکێشان، مۆسیقا و گۆرانی، وەرزش و ڕاکردن و یاری. ئەوانە بۆچی؟ ئەو عیلم و

فەننە بۆچی؟ بۆ ئیشکردن، بۆ خزمەتکردن، لە هەمووی گرنگتر بۆ ئیشکردن، چونکە مەجبووری ئیش و خزمەتکردنی. ژن کە هونەری هەبوو، کە زانستی هەبوو، کە کاری کرد و بەرهەمی هەبوو، کە بووە خاوەنی پارەی خۆی، کە بووە خاوەنی باخەڵی خۆی، ئیدی دەبێتە خاوەنی خۆیشی، ئەوە مانای چییە، کەسێک ببێتە خاوەنی خۆی؟ واتا کەس ناتوانێ بیفرۆشێ، ناکڕدرێ، ژیان و کاتی لە دەستی خۆی دایە، پێویستی بە کەس نییە ببێتە پاسەوانی، بیپارێزێ، بەرگری لێ بکات، بەو بیانووشەوە هەموو ئازادییەکی زەوت کات. ئەوە دید و نیگای بێکەسە بۆ ژن، بە لێکدانەوەیەکی سادە.

لە کۆپلەی چوارەمدا، ئەو شیعرە لە شەش کۆپلە پێکدێت، کاریگەریی ژیانی ملکەچی و خەمبارانە لەسەر جەستەی ژن باس دەکات، بە پێچەوانەی هەموو شاعیرانی دیکەوە کە باسی (بالای بەرز و پەنجەی شووش و باریک و لەنجەولار و تیشکی نێو نیگای) ژنی کورد دەکەن، بێکەس جەستەی ژن ئاوا وەسف دەکات (هێندە دانیشتی پشتت چەماوە، زەرد و لاواز بوویت هێزت نەماوە، کچی بێگانەت خۆ لەبەر چاوە). دانیشتن جۆرێکە لە فەرامۆشکردن و کەنارخستن، جۆرێکە لە بەستنەوە و گۆشەگیرکردن، کە کاریگەریی لەسەر هەموو ئەندامەکانی جەستە هەیە، تا ئێستا ئەو سزایە هەیە کە کەسێک هەڵەیەک دەکات، بەتایبەتی منداڵ و هەرزەکار ناچاری دەکەن چەند سەعاتێک بێ جووڵە دانیشێ. یان بە زمانێکی دیکە تاوانبارە هەرەگەورەکانی دنیا ناچار دەکرێن لە کونی زینداندا دانیشن. ئەوە ژنی کورد چ هەڵەیەکی گەورەی کردووە تا ناچار بکرێت بۆ تەمەنێک (تا گەنجە و خوێنی گەرمە) لە کونی ژوور دانیشێ؟ ئەو دانیشتنە پشتی چەماندووەتەوە، چەمانەوە هەم نیشانەی نەخۆشی و بێ دەسەڵاتی و ناشیرینبوونە، هەم نیشانەی کۆیلایەتی و زەبوونییە. سەرەڕای ئەوەش زەرد و لاواز بوون و هێز تێدا نەمان، ئەوە ئەو شێوەیە کە کۆمەڵگە لە ژنی دەوێت، یان پیاو لە ژنی دەوێت، بۆ ئەوەی هەمیشە موحتاجی هێز و دەسەڵات و سامانی ئەو بێت. لە بیرمان نەچێ لەسەرەتای وتاری پێشووتردا، لە سیما و رووخسارناسی دواین، لێرەدا بێکەس زۆر بە وردی پەیوەندیی دانیشتن و پاسیڤکردنی ژنی بە شێوە و رووخسارییەوە روون دەکاتەوە، ئەو دانیشتنە کاریگەریی لەسەر شێوەی ڕۆیشتن و خوار و خێچیی بالا و بێهێزبوونی ماسوولکە و ئێسقانی بەجێهێشتووە. هەر لەبەر ئەو بێ ئیرادەکردنەشە کە ئەمڕۆ زۆر بەئاسانی دەتوانی هەر لە شێوە ڕۆیشتنیان ژنێکی کورد لە ژنێکی ئەوروپایی یان تورکی هەتا فارسیش جیا بکەیەوە، مەبەستم ئەوەی بێکەس ژنی لێ ئاگادار کردووەتەوە، لەدەستدانی توانا و جوانییەکەشیتی، بەڵێ ڕۆیشتنی خەیاڵاوی و شل و شێواوی و لاربوونەوەی ژنی کورد پەیوەندیی قووڵی بەو دانیشتن و بێ ئیرادەکردن و لاخستنەوەیەوە هەیە. هەر ئەوەشە وا دەکات زۆر بەئاسانی هەنگاونانی پتەو و فراوان و جێگر و شانی ڕێک و ملی ڕێک ڕاگرتووی ژنێکی ئەوروپایی (کە ئەویش بە ماندووبوون و ئاوی رووحڕژان سەربەخۆیی و ئیرادەی خۆی لە سیستەمی ئایینی مەسیحی و پاپا ئەستاندووەتەوە) لە هەنگاوی کورت و پشتی کوڕ و ملی لاری ژنی کورد جیا بکەینەوە. (کچی بێگانەت خۆ لەبەر چاوە).

لە کۆپلەی پێنجەمدا ناچێتەوە سەر کێشەی سیما و لێو بەباری و زەرد و پەشموردەیی ژنی کورد، لە دەروونییەوە، لە بەها (هیچەکانەوە) بەها گەورەکانی ژن دەدۆزێتەوە. (خشڵ و جوانیی تۆ حەیا و فێربوونە) لە دوو بەهای زۆر گرنگ دەدوێت (خشڵ و جوانی) ئەو دوو بەهایە تاکە سەرمایە و شانازیین بەسەر ژندا براون، بێ گومان لە ڕواڵەتدا. بەو بەڵگانەوە:

**یەکەم**؛ زێڕ و خشڵ. تا ئێستا چ ژنێک بەهۆی خشڵ و زێڕی پیاوەوە بەختەوەر بووە؟ تا ئێستا چ ژنێک ئازادیی لە ڕێگای زێڕ و خشڵی پیاوەوە بەدەست هێناوە؟ خشڵ و زێڕی پیاوی بەرتیلێکە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە و وێرانە قورسانە، پیاو لە ناخی ژندا دروستی کردووە. بەرتیلێکی چاو و دڵ هەڵخەڵەتێنە. کەسێک سامانی ڕاستەقینەی نییە کە خۆی موڵکی خۆی نەبێ، چونکە سامانی راستەقینە کە موڵکی خۆت بێت، پێویستی بەوە هەیە خاوەنەکەی ئازاد بێ تا بتوانێ بەکاری بێنێت و خەرجی بکات. ژنێک نەتوانێ سەفەر بکات و لە ماڵ دوور کەوێتەوە، نەتوانێ لە چاخانە دانیشێ و هاوڕێکانی بانگهێشتی چێشتخانەی ئوتێلێکی یەک ئەستێرەییش بکات، نەتوانێ دۆستایەتی بکات، نەتوانێ ماڵ و موڵک ببەخشێ، چۆن دەتوانێ ببێتە خاوەنی خشڵ و زێڕ و بەکاریان بهێنێ؟ ئەو خشڵ و زێڕەی بۆ ژن دەکرێ هەتا ئەوەی ناوی مارەیی و پاشەکی ئەو شتانەی لێ نراوە، بەهیچ جورێک نابنە سامانی ڕاستەقینەی ژن، بەڵکو لە مەڕاسیمێکی ڕواڵەتیدا کە تەنیا بڕیاری نیکاحی تێدا دەدەرێ، لە پڕۆسەیەکی هەندێ جار ئاگراوی و هەندێ جاری دیکە پێکەنیناویدا ئافرەتەکە بە زێڕ بار دەکرێ، لە هەموو ئەگەرەکاندا ئەو زێڕە دەچێتەوە خەزێنەی پیاو.

**دووەم**؛ (جوانی): لەو شیعرەدا جوانی چەمکێکی ئیستاتیکی نییە، دەستەواژەیەکی فەلسەفی نییە. لێرەدا جوانی متوربەیە بە زەوقی پیاو، ئەو جوانییەیە کە پیاو بۆ ژنی دیار کردووە، سیستەمێکی گشتی هەیمەنەی بەسەر بیرکردنەوە و هەستی ژندا کردووە، بە جۆرێک ژن جلێک لەبەر ناکات کە پێی ئاسوودە بێ، پێڵاوێک لەپێ ناکات کە پێیەکانی بپارێزێ و تێیدا ئارام بێت، نا، ژن جلێک لەبەر دەکات کە بەدڵی پیاوە، پێڵاوێک لەپێ دەکات، کە سەرنجی پیاو ڕاکێشێ، با هەموو نینۆکەکانی داغان کات و پاژنە پێی بریندار کات. ئەوەتا ئەمڕۆ بە هەردوو بارەکەدا بەردەوامە، واتا کە ژن خۆی دادەپۆشێ سەرمای نییە، تۆفان و کرێوە نییە، ئەو شێوازە تاوڵییەشی لە دیزاینەکەدا بەدڵ نییە و بەلاشیەوە جوان نییە، بەڵکو تەنیا مەبەستی ئەوەیە کە پیاو حەز لەو ستایلە دەکات، ئەو کولتووری خوێندووەتەوە، دەزانێ کولتوور هی پیاوە، دەزانێ دەسەڵات و پارە، ئایین هی پیاون. لەو نێوانەدا ئەوەشی بۆ دەردەکەوێ کە پیاو چ جۆرە ژنێکی بە دڵە، کام ژنەی بۆ ماڵ دەوێت و کامیانی بۆ ڕابوادن بەدڵترە، مەبەستی ژن لەو کارەدا ئەوەیە پەیامێک بداتە دەوروبەرەکەی کە ئەو ئەخلاقی خۆی پاراستووە، ئەوەش بەدڵی پیاوە. دەشێ لەو ڕێگەیەوە سەرنجی زۆرترین کەس ڕاکێشێ. ژنێک، تاکە ژنێک ئەگەر بەرنامەشی بۆ ئەوە دانەنابێ، ئەوە بەرنامەیەکی گشتی هەیە کە ئەو پڕۆسەیە بەوردی بەڕێوە دەبات، دەکرێ ناوی بەکاڵاکردنی ژنیش لێ بنرێ. بەداخەوە لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا هەمان مامەڵە لەگەڵ جلی مۆدەش دەکەن، واتا مەرج



سەرچاوە
Serchawe

نییە ژنان بەو پێڵاوە بەرز و جلە تەسک و ترووسکانەوە ئاسوودە بن، نەخێر ئەوان تەنیا بە مەبەستی سەرنجڕاکێشانی پیاوان ئەوانە هەڵدەبژێرن. من لێرە، لەگەڵ نووسینی ئەو دێڕانەدا، شەرم دەکەم و هەست دەکەم غەدر لە هەست و بیرکردنەوە و توانای بڕیاردان و هەڵبژادنی ژنان دەکەم، بەپێی ئەو تەفسیرە بێت، ژنان جلک و پێڵاو لەبەر سەلیقە و زەوقی خۆیان هەڵنابژێن، بە مانای ئەوەی ژنان دەستبەرداری کەسایەتیی خۆیان و ویستی ناوەوەی خۆیان بوون، بەڵێ ڕێک ئەوە مەبەستی منە. سەرکوتکردنی ژنان لەلایەن کولتوور و بیروباوەڕ و کۆمەڵگەیەکەوە بەتەواوی ماهییەتی بوونی ژنی شێواندووە، ڕێگرتنی سەدان یان هەزاران ساڵ لە ژن، کە خۆی بێت، بەتەواوەتی ژنی خستووەتە پەراوێزەوە، زانست ئەوەی سەلماندووە، کارنەکردن بە ئەندامێکی جەستە، یان فەرامۆشکردن و سڕکردن و سەرکوتکردنی (هەست و ئارەزوویەک) بۆ ماوەیەکی درێژ و بەردەوام ئەو ئەندامەی جەستە یان ئەو هەست و ئارەزووە ئەگەر بەتەواویش لەناو نەبات، ئەوها گرنگیی نامێنێ. ڕێک ئەوە بەرامبەر ژن کراوە، کۆمەڵگە پلەبەندی و پێناسی ستانداری بۆ ژن داناوە، بە تایبەتی لە بواری ئەخلاقدا و ئەوەشی توند بە جلوبەرگ و جوانی و جەستەی ئافرەت بەستووەتەوە، نەک هەر ئەوە، کولتووری ئایینیی دەستدرێژیی کردووەتە سەر پێکهاتەی جەستەی ئافرەت و بەشێکی لێ بەنەفرەت کردووە و خستوویەتییە بەر چەقۆ.

تا ئێرە گەڕانەوە بوو بۆ فەزا و دنیای ژن، تا ئێرە (خشڵ و جوانی) بوو، بێکەس خشڵ و جوانی بە چی دەگۆڕێتەوە، بە (حەیا و فێربوون)، حەیا تەنیا وشەیەک نییە و بەس، حەیا وەک چەمکێکی ئایینییش چووەتە ناو فەرهەنگی ئەخلاقەوە. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا بێکەس حەیا وەک چەمکێکی ئایینی ناو دەبات؟ ئەوە لێکۆڵینەوەیەکی ورد، بەڵام کورتی دەوێت، بۆ ئەوەش تەنیا پشت بەو شیعرە دەبەستم (نەسرین..دیوانی بێکەس، لاپەڕە ١٠٣). نەسرینێک کە دەمێکە داخی کردووەتەوە دڵی بێکەسەوە، بێ گومان بەوەی ژیانی خۆی (گیرۆدەی بەندی) و (زوڵم) کردووە، ئەویش ئەرکی خۆی بەجێ دێنێ و پێی دەڵێ، هەستە تێکۆشە. یەکەم کاریشی (سەرپۆش فڕێدان) و وازهێنانە لە شەرم. یەکەم شیشەکانی قەفەزی دیلیەتیی ژن لەسەر ئەو دوو شتە وەستاوە.

**یەکەم**: سەرپۆش وەک ڕەمزی بەستنەوەی جەستە.
**دووەم**: شەرم وەک ڕەمزی کۆنترۆڵکردنی دەروون و هەست.

بە هەردووکیان (هەم جەستە و هەم ناخ) کۆنترۆڵ دەکەن. بێکەس لەو دوو دێڕەدا دەیەوێ ئەو دوو کۆتە قورسەی ئایین بۆ ژنی کردووەتە دیاری، بشکێنێ. کەواتە بێکەس (حەیا)ی وەک چەمکێکی ئایینی بەکار نەهێناوە. بەڵگەی دیکەشمان زۆرە، وەکو هاندانی ژن بۆ (عیلم و عیرفان. خوێندن و فەن (وەرزش و وێنە و مۆسیقا)، ئیشکردن و خزمەت) و چەندانی دیکە، هەموو ئەوانە هاندانە بۆ ڕزگارکردنی ژن لە کۆتوبەندی ئایینی. کەواتە بێکەس (حەیا) بە مانا ئایینەکەی بەکار

ناهێنێت، مەبەستی کارێکتەر و هەیبەتی ژنە وەک خۆی. ئازایەتی و ڕێزگرتن لە جەستە و ناخی خۆی. ئەو خشڵ و جوانی گۆڕیوەتەوە بە حەیا و فێربوون. خشڵ بە حەیا. خشڵ کە هەرگیز هی ژن نەبووە، یان پیاوە خاوەن بڕیارەکانی دەوری ژن داگیریان کردووە، یان بووەتە میرات. سەرەڕای ئەوەش بێکەس باش دەزانێ لە فەزای کوردیدا کە ژن موڵکی خۆی نییە، باشیش دەزانێ کە شتە بە بەهاکان ئەو شتانە نین کە دەفرۆشرێن، بەڵکو ئەوە ئیرادەیە کە نافرۆشرێ، وەک حەیا کە بە مانای هێز و باوەڕ بەخۆبوون بێت. (جوانی)شی گۆڕیوەتەوە بە فێربوون. فێربوونیش کە دیسانەوە لەو بەهایانەیە نەکەس دەتوانێ لێت بستێنێ و نە دەشفرۆشرێ، وەک کەرەسەیەکی ماددی دوای فرۆشتنی لەدەست خاوەنەکەیدا نەمێنێ. واتا فێربوون بەهایەکە دەکرێ ببێتە سەرچاوەی بەدەستهێنانی سەرمایە، بەڵام بەوە لەناو ناچێت و لەدەست خاوەنەکەی دەرناهێنرێ وەک خشڵ و جوانی. بێکەس بەو ژنانەش کە خشڵیان بە فێربوون گۆڕیوەتەوە دەڵێ (پاشەڕۆژیشت هەر بەوان ڕوونە، کچی بێ عیلم دیل و زەبوونە).

**بێکەس وەک ڕەخنەگرێکی گەورەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، بەوردی کۆمەڵگەی کوردیی سەردەمەکەی خۆی خوێندووەتەوە، ڕەخنەی توندیان لێ دەگرێت، هەر لە تیاترۆوە تا فیز و لەخۆبایی بوون و قومار و قەرز و ...**

بۆ وتاری داهاتوو لەسەر خاڵێکی زۆر گرنگ لە ژیانی بێکەس دەوەستم، ئەویش ڕەخنە توند و ڕەقەکانیەتی لە سیستەمە ئایینی و کارێکتەرە دیارەکانی ئەم سیستەمە.



سەرچاوە
Serchawe

## تووڕەبوونی بێکەس، تووڕەبوونی ڕۆحیەتی برینداری شیعرە لە خوێنەر و گوێگرەکانی

### ٩

### ڕەخنە لە کولتووری ئایینی

ڕەخنەگرتن لە ئایین و کولتوور و دیاردە ئایینییەکان، مێژوویەکی قووڵ و دوور و درێژی هەیە، نەک هەر ئەوە، نووسەران و شاعیران و خاوەن فکران ڕەخنەی توندیان لە کرۆک و خودی ئایین و دەقەکانی گرتووە. لە ئەنجامی دیالۆگ و موناقەشەی فکری لەنێوان خودی ئایینەکان و بێ باوەڕەکاندا، چەندان ڕێڕەو و ڕێبازی ئایینی و تاکەکەسی دروست بوون و سەرەڕای توندوتیژی و خوێناویبوونی ڕێگاکە، لەکۆتاییدا هەموویان ناچار بوون یەکتر قبووڵ بکەن و ڕێز لەیەکتر بگرن. ڕاستە ئایینەکان بەپێی سروشتی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا بوون ڕەخنەیان لێ گیراوە،

**بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو ڕەخنانە لەسەر چەند بنەمایەک بوون:**

**یەکەم**: ئەو ئایینە تا چەند (تاک)ی وەک کارێکتەرێکی سەربەخۆ و ئازاد، ئازار داوە، سەربەستیی لێ زەوت کردووە، یان دژی حەز و ئارەزووەکانی تاک وەستاوەتەوە.
**دووەم**: ڕێسا و یاسا بنەڕەتییەکانی ئەو ئایینە تا چەند زیانی بە کۆمەڵگە گەیاندووە، تاچەند ئازاری داوە، تا چەند دژی گەشەی کۆمەڵ و گۆڕانکارییەکانی ناخی وەستاوەتەوە، قۆناغەکانی گەشەکردنی ڕاگرتووە یان شێواندوویەتی.
**سێیەم**: تا چەند ڕێگر بووە لەبەردەم پێشکەوتنی زانستی، فکری، هونەری، قبووڵکردنی داهێنانەکان و ئاسانکردنی ژیانی ئینسانەکان.
**چوارەم**: تا چەند کارێکتەرە دینییەکان خۆیان کردووەتە سەرچاوەی ئەخلاق و پیرۆزی و بچووککردنەوەی ئەوانی دیکە.
**پێنجەم**: کارێکتەرە دینییەکان تا چەند سیاسەت و سەرچاوەکانی دیکەی هێزیان کردووەتە ئەداتێک بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە، کوشتنی گۆڕانکاری.

لەو سەرزەمینەی ئێمە هەموو بیروباوەڕە ئایینییەکان ئەمڕۆ پێکەوە هەن و دەبێ یەکتر قبووڵ کەن، ئەگەر هەر کامێکیان لەو قەناعەتە گشتییە لادات و هەوڵی لەناوبردنی ئەوانی دیکە بدات، ئەوە سیستەمی گشتیی دنیا دەشێوێنێ، زوو یان

درەنگ لەو سیستەمە گشتییەی دنیا دەکرێتە دەرەوە، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ هاوسەنگیی دنیای ڕاگرتووە، ئایینەکان نین، بەڵکو سیستەمێکە زۆر لەوان فراوانترە و بەرهەمی فکری هەزاران فەیلەسوف و زانا و بەرهەمی گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی دنیایە (سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکیش)، لەو بیروباوەڕانە (تەنیاگەری، باوەڕبوون بە یەک خودا} Monotheism}، باوەڕهەبوون بە چەند خودایەک Polytheism} {.یەکیەتیی بوون} { Pantheism . هەندێ لەو ئایینانەی ئەمڕۆ هەن پێیان وایە بیروباوەڕ و یاساکانیان لەدەرەوەی کاتە (outdated)، کێشە هەرە گەورەکەش لێرەوە دروست دەبێ. لەوانەش کریستیانی و ئیسلام و جوولەکە و بوودیزم دیارتیرینیانن. یەکەم ڕەخنەگری ئایینیش شاعیری گەورەی یۆنانە، لوکریتی، کە لە سەدەی یەکەمی پێش زایین ژیاوە. ساڵی ٩٩ی پێش زایین لەدایک بووە.

(Titus Lucretius Carus) کە ئەویش وەک ئەبیکۆر باوەڕی وابووە کە ترس و نەزانی ئایینەکانی دروست کردووە. (کتێبی Lucretiu شاعیر و فەیلەسوفی لاتین.. نووسینی Arthur Frederick Wells).

**دیارە شتێکی سەیر نییە کە یەکەم ڕەخنەگری ئایینیی یۆنانیش شاعیر بووە.**

بێکەس وەک کارێکتەرێکی کۆمەڵایەتی سادە ژیاوە و بەشی زۆری ژیانی لەدەرەوەی چوارچێوەی ماڵدا بووە، سەفەر و دوورکەوتنەوەی لە سلێمانی و کارکردن تا ئاستی پاکەتفرۆشی و کرێکاری، ئەوە جگە لە سروشتی تێکەڵاوی و گاڵتەکردن و دۆستایەتی و خواردنەوە، کە هەموو ئەوانە لە ماڵ و چواردیوارەکەی دای دەبڕێت و دەیهێنێتەوە ناو خەڵک و کۆمەڵگە.

کۆمەڵگەی کوردی سادە و گیرۆدەی خوڕافە و نەخوێندەواری و مەراسیمی ڕواڵەتی گشتی، لاسایکەرەوە و تەقلیدگەرای ئایینی و دەیان نەخۆشیی دیکە، بێکەس دەکاتە کارێکتەرێکی تووڕە و قسەکەر و بیرکەرەوە بە دەنگی بەرز. تووڕەبوونەکەی بێکەس تەنیا تووڕەبوونی ئەندامێکی کۆمەڵ نییە لە خەڵکی دەروبەری و سروشتی ژیانی، بەڵکو تووڕەبوونی بێکەس تووڕەبوونی ڕوحیەتی برینداری شیعرە لە خوێنەر و گوێگرەکانی، تووڕبوونی ڕۆشنبیری و وشەیە لە کاغەزەکەی بەردەستی، تووڕەبوونی خوێندەوار و منەوەرە لە ئەندامانی خێزانەکەی خۆی، تووڕەبوونی دڵسۆزان و خومخۆرانە لە گەلە بەدبەخت و خەواڵووەکەی خۆی. بێکەس کەس نابوێرێت و یەکەیەکە کارێکتەرە پۆخڵەواتەکانی کۆمەڵگە بە زللەی ئەخلاق دەدات.

سەرچاوەی فکری و زانیاریی بێکەس بابەتەکانی قۆناغەکانی قوتابخانە بووە، لەگەڵ ئەو کتێب و نامیلکانەی بە عەرەبی دەستی کەوتوون، سەرەڕای دیوانە کوردییەکان و ئەو چەند کتێبەی ئەو کات لە کتێبخانەی کوردیدا هەبوون. ڕاستە سروشتی ژیانی و هەژاری و کرێچییەتی و ڕاوودونان و گرتنی، بواری ئەوەیان نەداوە کە ببێتە خاوەنی کتێبخانەیەکی فراوان و



سەرچاوە
Serchawe

دەوڵەمەند. بەپێی هەموو لێکدانەوەکان، بە وردبوونەوە لە فەرهەنگ و توانا و تیمەی شیعرەکانیش ڕا دیارە کە بێکەس وەک بەشی زۆری نووسەر و شاعیرانی سەردەمەکەی لە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی سەردەمی خۆیان دوور بوون، بێبەش کراون، بەڵام زانینی زمانی عەرەبی و دەرکەوتنی شاعیرانی بەتوانا و تازەبوونەوەی شیعری عەرەبی، بەتایبەتی نازک مەلائکە (٢٣ی ئابی ١٩٢٣ز...٢٠ حوزەیرانی ٢٠٠٧ز) و بەدر شاکر سەیاب (٢٥ی کانوونی دوومی ١٩٢٨ز..٢٤ی کانوونی دوومی ١٩٦٤ز) (هەرچەند بێکەس فریای ئەوە نەکەوت دەرکەوتن و گەشانەوەی ئەوان بەتەواوی ببینێ. بۆ نموونە نازک مەلائیکە تەنیا سێ ساڵ پێش مردنی بێکەس یەکەم دیوانی خۆی لە ١٩٤٥ بڵاو کردووەتەوە، بەڵام ئاگاداریی بێکەس لێیان کەم نەبووە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانیان لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا)، دەرگایەکی تازەیان بەسەر دنیابینی بێکەسدا کردووەتەوە. قسەی من لێرەدا ئەوەیە سەرەڕای هەموو ئەو هۆکارانەی سەرەوە، بێکەس پێنج هۆکاری لەوانەی گرینتر لەپشتەوە بووە، کە وەک سەرچاوەیەکی زانستیی گەورە لە ئاگایی و بێئاگاییدا هزر و بیرکردنەوەی بێکەسیان فراوانتر کردووە.

**یەکەمیان**: دەرکەوتنی ئینگلیزەکان لەسەرەتای گەڕانەوەی بێکەس بۆ سلێمانی و ئەو کایگەرییە گەورە ڕۆشنبیرییەی هەیانبوو، بەتایبەتی بەسەر ناو شاری سلێمانیدا، دەرکەوتنی ئینگلیز وەک توخمێکی جیاواز ئینجا خوێندەوار، ئینجا کراوە لەبیرکردنەوەدا و سەرەڕای گرنگیدانیان بە ڕۆژنامە و خوێندەواری.

**دووەم**: بوونی پیرەمێرد و دامودەزگای چاپ و بڵاوکرنەوەی ڕۆژنامە، کاریگەرییەکی ڕاستەخۆیان بەسەر چالاکی و توانای نووسینی بێکەسەوە هەبوو. سەرەڕای ئەوەش مێژووی کوردی ڕێکەوتی ئەوەی نەکردووە شارەزا و دانا و پیاوێکی دیکەی مەوسوعی وەک پیرەمێرد سەرپەرشتیی دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە بکات.

**سێیەم**: بێکەس لەگەڵ بەشی هەرەزۆری نووسەران و شاعیرانی سەردەمەکەی خۆی (لەسەروو هەمووشیانەوە گۆران) پەیوەندیی نزیکی هەبووە، ئەوانیش بوونە سەرچاوەی زیندوو، یان کتێبی مرۆیی و دەنگدار کە هەمیشە بۆ بێکەس کراوە بوون.

**چوارەم**: شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و چالاکییە سیاسییە فراوانەکان و پێکدادانە بەردەوامەکانیش وەک دەفتەرێکی کراوەی ڕۆژانەی پڕ زانیاری بوون بۆ بێکەس.

**پێنجەم**: سەرەڕای هەموو ئەوانە، زیرەکی و خەمخۆری لەپێش هەمووشیانەوە هەست و عەقڵی ڕەخنەگرانە و بوێرییەکەی، بێکەسی کردە دیاردەیەکی دەگمەنی ڕەخنەگرتن لە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی، ڕەخنەگرتن لە ئایین.

هەموو ئەوانەش ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە کە بێکەس ڕەخنە لە ئیسلام وەک دەق ناگرێت و لەو دەرگایە نزیک نابێتەوە (بەپێچەوانەی شاعیرە فەیلەسووفە یۆنانییەکە). بەڵام دینی ڕواڵەتی و کارێکتەرەکانی دەخاتە سەر شانۆ و بەرگە موقەدەس و ڕواڵەتییەکانیان لەبەر دادەکەنێ.

ڕاستە بێکەس بە جۆرێک لە جۆرەکان لە بەشی هەرەزۆری شیعرەکانیدا ڕەخنەی لە دەسەڵاتی ئایینی گرتووە، بەرامبەر نادادپەروەرییەکانی کۆمەڵگە، بەرامبەر سەرکوتکردنی ژن و بەکاڵاکردنی، بەرامبەر برەودان بە زوڵمی فیودال، بەرامبەر ڕەتکردنەوەی زانست و هونەر، بەرامبەر برەودان بە خورافە، ئەوانی بە هۆکار و داهێنەر زانیوە.

بەهەشت کە پڕ بێ لە وشکەسۆفی
ئاواتەخوازم کە لە سەقەڕ بم
نامەوێ بەرگی ڕیا و زاهیدی
ئەگەر بەو بەرگەش زۆر موعتەبەر بم.

(دیوانی بێکەس..لاپەڕە..١٣٨ سلێمانی..١٩٤٣).

لێرەدا بێکەس بوونی بەهەشت ڕەت ناکاتەوە، تەنیا ئەو نایەوێ بچێتە بەهەشتێکەوە کە پڕ بێ لە وشکە سۆفی (ئەوەیە ڕەتنەکردنەوەی دین و دژایەتیکردنی کولتووری دینی)، ئەوانەی لەو دنیایەدا لە ڕەتکردنەوەی زوڵم لەسەر گەلەکەی هاوکاری نین و بوونە پاسەوانی ئەخلاقیی خەڵکیش. (بەرگی ڕیا) کە پەیوەندییەکی توندی بە ئایینی ڕواڵەتی و خوداپەرستی ڕواڵەتیی و ڕیابازییەوە هەیە. ئەو زەنگەی لێرەدا بێکەس تەنیا بۆ ئاگادارکرنەوەی خەڵکی ئاسایی نییە لەو گرووپانەی بازرگانی و ڕیاکاری بە ئایینەوە دەکەن، بەڵکو زەنگی ئاگادارکرنەوەیە بۆ هەموو ئەوانەش کە لە خەمی خودادان، کە ئایینیان بەلاوە گرنگە، ئەوەتا (ڕیا و زاهیدی) هاوشان کردووە، تا بزانن کە ئایین ناوەرۆکی خۆی ون کردووە و هەتا زاهیدەکانیش خەریکی ریاکارین. بۆ ڕەخنەگرتن لە کارێکتەرە ئایینییەکان دەستەواژەی (ڕیا)ی لە چەمکە ئایینییەکان قەرز کردووە. ڕۆژبەڕۆژیش ریاکاری و ڕیابازی شوێن بە پەرستنی رووحی و باوەڕی باتن لەق دەکەن و ئەمڕۆش بەبێ بانگەشەیەکی گشتی، کەس ئامادە نییە نوێژێک بکات، یان ڕۆژوویەک بگرێت یان دینارێک بداتە منداڵێکی هەتیو.

جوانێ لە پیرێ گەر مارە بکرێ
بێ شک زەڕبەیە لە ئەخلاق ئەدرێ.

(سلێمانی ١٩٣٢)

## جیاکردنەوەی دین لە ئەخلاق

لێرەدا شاعیر زۆر بەڕوونی دین و ئەخلاق لە یەکتر جودا دەکاتەوە. ئەوەی کە دین ڕێگای داوە بکرێ، نەک هەر ئەوە بۆ خۆی ڕێخۆشکەر بووە بۆی، شاعیر بە شکست بۆ ئەخلاقی دادەنێ. لەوەشدا هیچ گومانی نییە. چیرۆکەکانیش لەو بوارەدا هێجگار زۆرن، مارەکردنی کچێکی هەشت ساڵان لە پیرەپیاوێکی هەشتا ساڵە، نموونەی زۆر زۆری هەیە، ئەوەش هیچمان پێ ناڵێ جگە لەوەی کە جەستەی مێ کاڵایەکە بۆ بەکارهێنان، بۆ کات بەسەربردن، لە گرنگترین حاڵەتدا بۆ کارەکەری و خزمەتکار خستنەوە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بۆچی لەو هەموو سەدان ساڵەی کە منداڵی شیرەخۆرەی کوڕی تێدا مارە کراوە، کچی هەشت ساڵانی تێدا نیکاح کراوە، بۆچی لەو هەموو ساڵانەدا مامۆستایەک، زانایەکی ئایینی کورد (کە لە خەڵکی دیکە زاناتر و هۆشیارتر بوون بە حاڵەتەکە) بە هەموو دەنگی ئەو نەریتە ناشیرنە و نامرۆیانەی ڕەت نەکردەوە و بەئاشکرا بۆ نەهێشتنی خەڵکی لەدەوروەی خۆی کۆ نەکردەوە؟ ئەوەش تەنیا لەپێناو ریفۆرمی ئایینیدا نەک شتێکی دیکە؟ تەنیا لەپێناو ڕاستکردنەوەی هەڵە و خەتایەک کە بەسەر ڕێبەرانی ئایینەکەیدا تێپەڕیوە وەک ئێستا تاکوتووک بانگەشەی بۆ دەکەن، یان لەپێناو خاوێنکردنەوەی تاوان لە مەزهەبەکەیدا؟ بۆ دەبێ شاعیرێک، خوێندەوارێک، پێش ئەو، ئەو ڕۆڵە ببینێ؟ کە تاڕادەیەک وەک هێرشکردنە سەر ئایینەکە دێتە حیسابکردن. ئێستا ئەگەر ئەو جۆرە مارەکردنە لەلایەن پیاوانی ئایینییەوە ڕەتیش بکرێتەوە گرنگ نییە، چونکە ئیدی ئەخلاقی گشتی و یاسا قبووڵی ناکات. ئیدی ئەگەر ئەمڕۆ زانایەکی ئایینییش هەڵکەوێت و ئەو کار بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە بکات کارێکی مرۆڤدۆستانە و گرنگە، بەڵام داهێنان نییە و ئەرکێکی ئایینی جێبەجێ ناکات، ئەوەندەی وەڵامی هەستی گشتیی سەردەمەکەی خۆی دەداتەوە. زۆر بواری دیکەی لاوازی ئیمان و دواکەوتنی بیروباوەڕ هەن بە ڕاستی پێویستی بە ڕاپەڕینی گەنجانی موسڵمان هەیە بۆ ڕزگارکردنی ئایین لە دەسەڵاتی ئەو بازرگان و بانگەشەکەرە دینییانەی کە بیروباوەڕ و ئیمانی خەڵکی سادە بۆ پرۆژەی بازرگانی و حزبی بەکار دەهێنن.

هەرگیز ئیسلام وەک ئەمڕۆ نەبووەتە کایەیەک بۆ وەبەرهێنانی حزبی و سەرمایەکۆکردنەوە. بەکارهێنانی هەستی دیندارانەی خەڵک و خوداپەرستیی ئیمانداران هێڵی سوورە و کەس مافی ئەوەی نییە بۆ گەیشتنە دەسەڵات بەکاری بهێنێ.

جگە لەو چەند دێڕانەی سەرەوە، بێکەس لەناو بەشی زۆری شعرەکانیدا ڕەخنە توندی گرتووە. جگە لەوانە بێکەس چوار شیعری تایبەتی بۆ ڕەخنەگرتن لە کارێکتەرە ئایینییەکانی ناو کۆمەڵگەی نووسیوە. ئەوانیش بریتین لە (شێخەکان..لاپەڕە ١١٠)(ئەی مەلا..لاپەڕە١١١)(ئاخ مەلا..لاپەڕە..١١٢)(مەلا و شێخەکان..لاپەڕە ١١٥).



سەرچاوە
Serchawe

تاکە سەرچاوەی مەعریفە و زانست و سەرچاوەی فێربوونی بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەی کوردەواری ئایینە، یان کارێکتەر و کەسایەتییە ئایینییەکانن، لەپاڵ مەڕاسیم و بۆنە و ئاهەنگە دینییەکان. دین بەشی هەرەزۆری ژیانی ئینسانی کوردی داگیر کردووە. ڕۆژانە پێنج جار نوێژ و دوعا و زیکر، وتاری هەموو هەینییەک، مەڕاسیمی ژنهێنان و مردوو ناشتن و مەولوود، عاشورا و دەیان بۆنەی دیکە، سەرتاپای ژیانی موسڵمان و بەتایبەتی کوردیان داگیر کردووە. لەوەشەوە بۆمان دەردەکەوێ کە سەرچاوەی بەشی هەر زۆری کولتوور، بیروباوەڕ و چالاکیی کۆمەڵایەتیی ئینسانی کورد ئەو بۆنە و ڕێوڕەسمانەن.

ئەوانەی ئەو بۆنانەشیان بەڕێوە بردووە، بێگومان کارێکتەرە ئایینییەکانن کە لە مەلا و شێخ و دەروێش و سەید خۆیان دەنوێنن. هەر لەبەر ئەوەشە بێکەس ڕەخنە توندەکانی ئاڕاستەی ئەو گرووپانە دەکات. لە وتاری داهاتوودا هەوڵ دەدەم، لە ڕێگەی فکری بێکەسەوە کە لەو چوار شیعرەدا خستوونیە ڕوو، دیوی ڕاستەقینەی ئەو خەمخۆرانەی ئایین ببینین.

# ڕەخنەگرە گەورەکەی سەدەی ڕابردوو فایق بێکەس

## ١٠

ڕەخنەگرە گەورەکەی سەدەی ڕابردوو فایق بێکەس، چوار شیعری ڕاستەوخۆی بۆ داشۆرینی کارێکتەرە ئایینییەکان نووسیوە، بە هەر چواریان ٤٤ بەیتن، ئەو کارێکتەرانەی بەهۆی کارەکانیانەوە زۆرترین پەیوەندییان بە خەڵک و ئاراستەکرنی ژیانیانەوە هەبووە. چوار ئایینە سەرەکییەکە، کە بە ئایینە ئاسمانییەکانیش ناسراون. پەیام لەو ئایینانەدا بابەتی سەرەکییە، خالق کە دروستکەر و حاکمی گەردوونە، لە ڕێگای پەیامەوە ڕێسا و یاساکانی خۆی گەیاندووە. پەیامبەر هەیە کە بە پێچەوانەی پەیامەکەوە تەمەنی دیارکراوە و کۆتایی دێت، پەیامەکەش زەمەنبڕە (outdated)، واتا لە زەمەنێکەوە وەک خۆی دەگوازرێتەوە بۆ زەمەنێکی دیکە، لە سەدەیەکەوە بۆ سەدەیەکی دیکە. واتا ڕاستە پەیام لە زەمەن و شوێنێکی دیاریکراودا ڕاگەیەنراوە، بەڵام تەواوی کۆمەڵگەکان و تەواوی زەمەنەکان بە هی خۆی دەزانێ. باوەڕ بە گۆڕانی جەوهەری ژیانی خەڵک ناکات. ئەوەش وای کردووە واریسی ئەو ئایینانە ئەو کەسانە بن کە خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن و دواتر خۆشیان بە خاوەنی پەیامەکە بزانن. بۆ جێبەجێکردن و پەیڕەوکردنی پەیامەکە چاودێریی خەڵک دەکەن و سزاشیان دەدەن. ڕۆژ بەڕۆژیش ژمارەیان زیاد دەکات، ڕۆژ بەڕۆژ ئەرکی خۆیان بۆ سزادانی خەڵک فراوانتر دەبێ. بەڕادەیەک ئەمڕۆ پاسەوانانی ئایین لە خەمی باوەڕی خۆیاندا نین ئەوەندەی لە خەمی ئەوەدان خەڵک بنێرنە دۆزەخ. ئەوەی گرنگە لە کولتووری ئایینیی هەر چوار ئایینەکەدا پیاوانی ئایینی پەیوەندیی خالق و باوەڕدار ڕێک دەخەن، واتا ئەو چوار ئایینە کە زۆرترین ڕێسا و بنەمای موقەدەسیان هەیە، لە جێبەجێکردنیان ئەو کارێکتەرە ئایینییانە خۆیان کردووەتە خاڵی بەیەکگەیشتنی موقەدەس و باوەڕدار. هەر بەو هۆیەشەوە پلە و هەیبەتیان گەیشتووەتە ئاستی (موقەدەس) یان خۆیان بە (پیرۆز) کردووە.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا پیاوانی ئایینی هەوڵیان داوە تەواوی پێگە و موقەدەسی ئایینی لەسەر خۆیان تاپۆ بکەن و لە ئایینەوە شەرعییەتی دەسەڵاتی خۆیان مسۆگەر بکەن، چۆن خۆیان کردووەتە ڕیش سپیی ئەو دنیا، هەروا‌ش لەسەر کاری ڕۆژانەی ئەم دنیایەش لێکۆڵینەوە لەگەڵ خەڵک دەکەن. زەقترین نموونەش دادگاکانی تەفتیشە. بێکەس زانیاری لەسەر دادگانی تەفتیش هەبووە، دەشێ دادگاکانی تەفتیش لە زۆربەی ئایینەکاندا بە شێواز و ناوی جیاوازەوە هەبوون، بەڵام وەک ئەوانەی ئەوروپا دۆکیومێنتیان لەدوای خۆیان بەجێ نەهێشتووە.



سەرچاوە Serchawe

**نووری ئازادی جیهانی گرتەوە وا تازە تۆ**
**مەحکەمەی تەفتیشی نەگبەت سەرلەنوێ ئینشا ئەکەی.**

(دیوانی بێکەس: شیعری ئەی مەلا: لاپەڕە: ١١١)

**بۆ ئەوەی لەو مەترسییە گەورەیە بگەین کە هەژموونی ئایینی خستوویانەتە سەر بێکەس، دەبێ شتێک هەروا شتێکی کاڵوکرچ لەسەر ئەو دادگایانە بزانین:**

دادگاکانی تەفتیش کە بە لاتینی دەبێتە (Inquisitios Haeretica Pravitatis) بە مانای وشە: لێکۆڵینەوە و تەحقیقە لە سیحر و جادوو (ئەوە بە رووکەش)، چالاکییەکانی ئەو دیوانە یان ئەم مەحکەمە کاسۆلیکییە تایبەتە، زیاتر لە سەدەی پازدە و شازدەی زایینیدا بوو. کاریشیان دۆزینەوەی نەیارانی کەنیسە و سزادانیان بوو. ئاواش کورت دەکرێتەوە، دادگاکانی تەفتیش دەسەڵاتێکی یاسایی تایبەت بوون کە پاپا گریگۆری نۆیەم بۆ سەرکوتکردنی نەیارانی کەنیسە لە سەرانسەری وڵاتە کریستیانەکاندا پێکی هێنابوون.

بەهۆی حوکم و توندوتیژیی کەنیسەوەیە کە ئەو سەدانە لە مێژوودا بە سەدە تاریکەکانیش ناسراون. فەیلەسووف و زانایان و ئەدیبان یەکەمینی ئەو گرووپانە بوون کە کەوتنە بەر تووڕەیی ئەوانەی خۆیان بە پاسەوانانی کەنیسە و خودا دانابوو. چیرۆکی کوشتن و سزادان و زمان بڕین و برژاندن لەسەر کورسیی بزمارڕێژکراو و پارچە پارچە کردن و سووتاندنی نەیارانی کەنیسە تا ئێستا پەڵەیەکی ڕەشە بە ناوچاوانی کەنیسەی ئەودەم و تەواوی ڕەوتی فیکری ئەورووپاوە. هونەرەکانی کوشتن لە دادگاکانی تەفتیشدا گەیشتە لووتکە. تەنیا بیرهێنانەوەی دادگاییکردنی جۆردان برۆنۆ (Giordan Bruno 1548..1600) بەسە بۆ ئەوەی لە دڕندەیی حوکمی کەنیسەی ئەودەمە تێ بگەین. جۆردان برۆنۆ فەیلەسووف و فەلەکناس و بیرکاریناس بوو. باوەڕی بە جیهانی ناکۆتا (infinite Universe) و چەندین جیهان (Multiplicity of World) هەبوو، باوەڕیشی بە جیۆسێنتریک (geocentric) واتا سەنتربوونی زەوی نەبوو. کە ئەوەش لەگەڵ بیروباوەڕی هەژارانەی کەنیسە (بە جیهانی سنووردار و زەوی بە سەنتەری جیهان زانین) یەکی نەدەگرتەوە. لە کاتێکدا جۆردان بەسەر دەزگا زانستی و زانکۆ و ئاکادیمییەکانی ئەورووپادا دەگەڕا بۆ گەیاندنی بیروباوەڕکانی و وانەوتنەوە و بەشداریکردن لە دۆزینەوە زانستییەکان، دەسەڵاتدرانی ئیتاڵیا بە بیانووی خزمەتکردن بە نیشتمانەکەی و ڕێزلێنانی بردیانەوە بۆ ئیتاڵیا، لەوێش لەژێر بیروباوەڕی قورسی کەنیسەدا کە کورت کرابووەوە لە (کە حەز دەکەم بە ئینگلیزی بیگوازمەوە) بریتییە لە Anyone who attempts to construe view of God which conflict with church dogma must be burned without pity کە دەشێ ئاوا بینووسینەوە (هەر کەسێک هەوڵی

ڕوونکردنەوەی بیروڕاکانی دەربارەی خودا بدات، کە دژی باوەڕ یان ڕێساکانی کەنیسە بێ، بەبێ هیچ سۆزێک دەسووتێنرێ (W.J Bethancourt from The Cristian) Enterprise

جۆردان برونۆ، لەژێر زەبری بێ سۆزی ئەم یاسایە، لە دادگاکانی تەفتیش لە ئیتاڵیا دادگایی کرا و لە 1ی کانوونی دووەمی ١٦٠٠ز بە کوشتن و سووتاندن حوکم درا، چونکە کاری ئەو ڕۆشنکردنەوەی دنیا بوو بەهۆی قسە و زمانەوە، بۆیە سەرەتا زمانیان بڕی، جا سووتاندیان (جۆردان برونۆ فەیلەسووفی ئیتاڵیایی. بە قەڵەمی Aquilecchia Giovanni).

ئەو شێوازی سزادانە و توندوتیژی لە ئان و سەردەمی دەسەڵاتداریی هەر چوار ئایینەکەدا کە ناویان دەنێم ئایینە (پەیامییەکان) یان (Outdated Religions) لە کات و شوێنی جیاوازدا دووبارە بووەتەوە، دژی نەیار و مەزهەبە جیاوازەکانی ناو خۆیان، دژی یەکتر و دژی زانا و فەیلەسووف و خەڵکی ئاسایش، بەڵام قوربانییەکان هەمان گیانداری دوو پێ، ئینسان بووە.

**دەبێ بێکەس بۆن و سیمای دادگاکانی تەفتیشی لە هەژموونی ئایینیدا دیبێ، بۆیە زۆر ڕاشکاوانە دەڵێ:**

**خوایە یەک (لووتەر) بنێری بۆ گەلی کوردی فەقیر**
**با نەجاتی دا لەژێر دەستی مەلا و شێخان و پیر..**

(دیوانی بێکەس: شیعری ئاخ مەلا: لاپەڕە ١١٣).

بێکەس ئەو دێڕە شیعرەی هەروا نەنووسیوە، ئەو بۆ وەڵامدانەوەی ئەو هەموو بێدادییە کە دەسەڵاتی ئایینی دروستی کردووە، هەم وەڵامدانەوەی دێڕە شیعرەکەی پێشووتری خۆیەتی کە باسی (مەحکەمەی تەفتیش دەکات). بێکەس هەڵبژاردنێکی زۆر جوانی کردووە، داوای لووتەرێک دەکات، چونکە ئەو ڕاستییە دەزانێ کە ڕیفۆرمی ئایینی تەنیا بە زانایانی ئایینی دەکرێ، تەواو وەک مارتن لووتەر (Martin Luther) کە بە مارتن لووتەری ڕێنیسانس ناسراوە، لە ١٠ی نۆڤێمبەری ١٤٨٣ز لە ئەڵمانیا لەدایک بووە و لە ١٨ی فێبریوەی ١٥٤٦ز کۆچی دوایی کردووە. مارتن پرۆفیسۆرێکی ئەڵمانی ئایینناسی (theology)، قەش، مۆسیقازانیش بووە، ئەوەندە کاریگەریی هەبووە کە بەرامبەر کەنیسەی کاسۆلیکی و بێدادییەکەی، (کەنیسە لووتەری) دروست کرد. ئەوەندە بەسە کە لە (Encyclopedia of World Biology) نووسراوە (بە مارتن لووتەرەوە شتەکان جیاوازتر بوون لە دنیادا، بەبێ ئەو، دەشێ نەکرابایە ژیانمان ئەوەندە مۆدرێنایز بکرابایە. هەتا لە ڕێنیسانسدا ئەو یارمەتیی خەڵکیدا زیاتر بەرەو دنیای مۆدێرن بڕۆن). لووتەر بەڕاستی نەک هەر گەلی ئەڵمانی، بەڵکو تەواوی گەلانی ئەورووپا و مەسیحیانی دنیایی لە زوڵمی ئایین و جەلادەکانی کەنیسە ڕزگار کرد. بەڵام


سەرچاوە Serchawe

زۆر بەداخەوە داواکارییەکەی بێکەس نەهاتە دی و لووتەری کوردی دروست نەبوو، تا ئەمڕۆش دەسەڵاتی ئایینی پەرە بە خورافە و کردنە مێگەلی خەڵک دەدات، دەشێ ئەو زەمەنەی ئێستا دوا دەرفەت بێ بۆ دەرکەوتنی لووتەری کوردی.

پیاوانی ئایینی ناو کۆمەڵگەی کوردی، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە تاکە سەرچاوەی فکری و بیرکردنەوەی ئینسانی کورد بوون، ئەو کاتانەی کە جێگەی متمانە و دڵنیایی خەڵک بوون، بووبوونە دیوارێکی تاریک لەنێوان کورد و زانست، کورد و دنیای دەرەوە، کورد و کرانەوە. بەرامبەر هەموو هەنگاوێکی زانستی یان داهێنانێکی تازە لەجیاتی یارمەتی و ڕوونکردنەوە، کێشەی زۆر قورسیان بۆ خەڵکی دروست کردووە، بەتایبەتی ئەوانەی باوەڕیان پێیان هەبووە و هەواداریان بوون. زۆر جاریش قوربانی لێ کەوتووەتەوە (لێردا مەبەستم ئەو چەند مەلا و کەسایەتییە ئایینییە منەوەرانە نییە، کە هاوکار و پەنای خەڵک بوون و ڕای جیاوازیان هەبوو، هەر چەندە دەگمەنن ئەو زانا ئایینییانەی دژی ڕەوتی باوی ئایینی بوون و توانیبێتیان دەنگ هەڵبڕن). دەشێ ئێستا زۆر کەس لەوانە لەژیاندا مابن کە چۆن دەسەڵاتی ئایینی ڕێگری لە کردنەوەی قوتابخانە و نەخۆشخانە کردووە، کە چۆن زانستی کیمیا و فیزیای بە زانستی شەیتان زانیوە. کە چۆن هاوکاریی دەسەڵاتی فیودالی کوردی کردووە بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە بازنەی ژێردەستەیی و جەهالەتدا. چیرۆکە سەیر و سەمەرەکان هەر ماون، ئەو چیرۆکانەی باس لە سزادان و گاڵتەکردن بەو کەسانە دەکات کە باوەڕیان بە خڕیەتیی زەوی و سووڕانەوەی بەدەوری خۆردا هەبووە. یان ئەو کەسانەی باسی مانگ گیران و خۆر گیرانیان دەکرد چۆن کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی بە کافرکردن و گومڕابوون. مێژووی قبووڵکردنی بەرهەمەکانی زانست و کارپێکردنیان لە کوردستان مێژوویەکی قورس و هەندێ جار هەزەلییشە. ئەوەش لە کاتێکدا کە پیاوانی ئایینی دەسەڵاتی سیاسییان بەدەستەوە نەبووە، بەڵام هەمیشە و تا ئەمڕۆش دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و کولتووری لەژێر هەژموونی ئەواندا بووە. تەنیا ئەو وتارانەی بۆ دژایەتیکردنی سەتەلایت و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی تەرخان کران، دەشێ هەزاران سەعات بن. کە بە ئامێرێکی فاحیشە و فاسید و گومڕا دانرا. (ئەگەر چاوەڕێی ڕەزامەندیی گشتیی زانایانی ئیسلامی بکەین، تەنیا لەسەر ئەوەی وێنەگرتن حەڵاڵە یان حەرام، کە لە هەموو داهێنراوەکان زیاتر پێویستترە و تەنیا وێنەی فۆتۆگرافی، ئەوە تەمەنی دەبێتە دووسەد ساڵ، دووسەد ساڵی دیکەش وەڵامێکی ئەرێنی و گشتگیرمان دەست ناکەوێ). کورد مێژووی کۆمەڵایەتی ناخوێنێ، نەک هەر ئەوە، باوەڕیشی پێی نییە، دەنا تەنیا هەڵدانەوەی مێژووی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو، تەواو ئەوە سەردەمەی بێکەسی تێدا ژیاوە، تەنیا گوێ لە مێژووی زارەکیی ئەو سەردەمە بگرێ، ئەو مێژووەی کە تا ئێستا کاریکتەرەکانی ماون، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە کولتووری دینی چەند قووڵ هەستی دنیابینیی ئینسانی کوردی شێواندووە، لەجیاتی تاقیکردنەوەی دەرمانی سروشتیی جیاواز، یان قبووڵکردنی چارەسەری مۆدێرن، پەنای بۆ نووشتە و تفکردنە خواردن، کوتانی قشپل، لە سەردەمی ئەلیکترۆنیشدا بۆ میزی حوشتر بردووە. بە ڕێنوێنی کاریکتەرە ئایینییەکان. تا ئەمڕۆ لەژێر کاریگەریی کولتووری دینیی لێدان و فەلاقەکردن و داغکردنی کەسانی هەست شێواو، یان شلەقاو لە باری دەروونییەوە (کە ناوی شێتیان لێ ناون) بەردەوامە.

بێکەس خۆی بە بەرپرس لە هەموو کێشەکانی کۆمەڵەکەی خۆی زانیوە، ئەو کاتیش کە بێکەس لە گەرمەی چالاکیی خۆیدا بووە، (واتا لە ساڵانی بیستی سەدەی ڕابردوو، بۆ کۆتایی چلەکانی هەمان سەدە، واتا بۆ ماوە بیست و پێنج ساڵ) کاریکتەرە ئایینییەکان گرنگترین ڕۆڵیان هەبووە و جێگای متمانە و باوەڕی خەڵکیش بوون، جارێک بە حوکمی ئەوەی خوێندەوار و دیار بوون و جارێک بەهۆی ئەوەی دیوی دەرەوەی ئایین و عەقدەی خەڵک بوون، تا ئێستاش پێیان دەگوترێ واریسی پەیامبەر. هەموو ئەوانە وای کردووە کە بێکەس بەدوای سەرچاوەی نەزانی و کڵۆڵیی و نەهامەتیی نەتەوەکەیدا بگەڕێ. ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە سەرچاوەی فکر و زانیاری و متمانەی خەڵک شێخ و مەلا و کاریکتەرە ئایینییەکانی دیکەن. هەر بۆیە ڕوو لە ئەوان دەکات و بەوپەڕی توندی و بەوپەڕی دڵشکانیشەوە زللەی هۆشیارکردنەوەیان لێ دەدات. ئەوەش لەو چوار شیعرەی خوارێ:

(شێخەکان..لاپەڕە ١١٠) (ئەی مەلا..لاپەڕە١١١) (ئاخ مەلا..لاپەڕە..١١٢) (مەلا و شێخەکان..لاپەڕە ١١٥)

تێبینی: ئەوەی لای من و تەواوی زانایان و ڕۆشنبیرانیش روونە، بێکەسیش ئەوەی زانیوە کە ئەو کاتە بەشێکی باش لە مەلا و شێخەکان خەڵکانی منەوەر بوون و لە جووڵانەوەی فکری مۆدێرن ڕۆڵیان هەبووە، بەشێکی زۆریشیان زیاتر چوونە پێش، هەتا لەنێو شۆڕش و لە حزبە مارکسی و نەتەوەییەکاندا بەشداریی کارایان هەبووە و سەرکردەش بوون. ئەوەی بێکەس مەبەستیەتی ئەو گرووپە فراوانەیە کە باوەڕ و عەقیدەی خەڵکیان بۆ دەسکەوتی ماددی بەکار دەهێنا و لەو ڕێگایەشدا باوەڕداری سادە کە زۆرینە بوون، بوونەتە قوربانی.

شێخ خیلافی ئەمری باری هەرچی فیعلێکی هەیە
گشتی بۆ تەحسیلی پارە تا لە خەلقی وەرگرێ
کەی خودا فەرمووی کە وەک گا بۆرە بۆڕ دەست پێ بکەی
ورگی خۆت ڕووت کەی بە شمشێر لێی بدەی تا هەڵدڕێ.

(دیوانی بێکەس: شێخەکان: لاپەڕە: ١١٠)

شێخ کە دەسەڵاتدارە و دەسەڵاتەکەشی لە ئایین وەرگرتووە، کرداری ئەو شێخە هەمووی پێچەوانە یان دژی ئەمری (باری) واتا خودایە. هەمووشی بۆ پەیداکردنی پارە و بەرژەوەندیی خۆیەتی، کێشەکە لێرەدایە، گۆڕینەوەی عەقیدەی خەڵک، بیروباوەڕی ئیمانداران بە پارە. ئەوەش کە تەنیا بۆ یەک جار و یەک کەس ئەو ڕەفتارەی کردبێ، لەگەڵ زەمەن لەبیر دەچێتەوە، یان بە سزادانی کەسەکە کۆتایی دێ، ئەی ئەگەر ئەو ڕەفتارە بۆ ماوەی سەدان ساڵ و لەلایەن ئەو کاریکتەرە ئایینییانە بووە عادەت!؟ لە وتاری داهاتوودا باسی ئەو چوار شیعرە دەکەین، کە ئەوپەڕی تووڕەیی بێکەس لە سیستەمی دینی و کۆمەڵگامەی نیشان دەدا.



سەرچاوە
Serchawe

## ئەم شیعرە لە دیوانەکەدا ڕێکەوتی نووسینی لەسەر نییە.

**١١**

**ئەی مەلا دیارە خەریکی فیتنەیەک بەرپا ئەکەی**
**دەوری پاپا و عەسری ئیرهاب لێرەدا ئیحیا ئەکەی.**

(دیوانی بێکەس: شیعری ئەی مەلا: لاپەڕە ١١،١سلێمانی)

ئەم شیعرە لە دیوانەکەدا ڕێکەوتی نووسینی لەسەر نییە. لە یەکەم دێڕەوە تا کۆتایی، کە هەمووی هەشت دێڕە، باسی بابەت یان ڕووداوێکی تایبەت دەکات. بەهۆی نەبوونی دۆکیومێنت، دۆکیومێنتی ڕووداوەکانی شارێک کە پڕە لە سەرچڵی، یان نەنووسینەوەی مێژووی کۆمەڵایەتی، یان هەتا نەنووسینەوەی مێژووی مزگەوت. لەبەر ئەوانە من چیرۆکی ڕاستەوخۆی پشت ئەو شیعرە نازانم. لە پشت شیعرەکەوە دوو کێشە هەیە،

**یەکەمیان؛** کێشەیەکی گشتی.
**دووەمیان؛** کێشەیەکی تایبەت و دیار هەیە.

کێشە گشتییەکە، کێشەی منەوەرەکانی سەرەتای سەدەی ڕابرووە لەگەڵ عەقڵیەتی ئایینی دۆگما. دوای یەکەم شەڕی گەورەی جیهان، تەقینەوەی شۆڕشی بەلشەفیک، قسەوباسی ئازادی و ئازادیی گەلان، کرانەوەیەک لە فکری ڕۆژهەڵات دروست بوو، کوردستان ئامادەیی وەرگرتنی ئەو فکرەیەی هەبوو. سەرەتا نەوەی یەکەمی قوتابخانەی مۆدێرن و دواتر دروستبوونی گرووپ و ڕێکخراوی سیاسی، کێشەی نێوان نوێنەرانی دۆگما کە خۆیان لە پیاوانی ئایینی و بەرخۆرانی نەزانیی خەڵک و سیستەمی فیوداڵی ئەوکات و دەسەڵاتدارانی سیستەمی پاشایەتیدا دەبینییەوە. واتە کارێکتەرە ئایینییەکان لە هەموو کەس دیارتر بوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی فکری ئازادی و تاکی ئازاد، بیرکردنەوەی ئازاد و ژنی ئازاد.

کێشەکە لەو چەند دێڕەی من قووڵترە، زۆر قووڵتریش. کێشەی دووەم، ئەو ڕووداوە تایبەتەی بێکەسی لەو کاتەدا هەراسان کردووە. مەبەستم، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دیارکراو هەبووە، ڕووداوێکی دیارکراو هەبووە، ئەو ڕووداوەی کە ڕاستەوخۆ

بێکەسی نیگەران کردووە و باسی دەکات، ئەو ڕووداوە دیار نییە، ئەو ڕووداوەی کە لەناو ئەو شیعرەدا تەقیوەتەوە ڕوون نییە. بەڵام دڵنیام یەکەم: کێشەیەک هەیە، ئەو کێشەیە ڕەگی لە شیعرەکانی دیکەشدا هەیە و دەکرێ بزانرێ و ڕوونتر بکرێتەوە (وەک ئەوەی سەرەوە)، بەڵام مەبەستی من ئەو ڕووداوەی کە ڕاستەوخۆ بێکەس باسی دەکات، کاری لێ کردووە و نیگەرانی کردووە، لای من ونە. زانینی ئەو ڕووداوە هەم مێژووی کارێکتەرە ئایینییەکانی بۆ ڕوون دەکردینەوە، هەم ڕەهەندەکانی شیعرەکەمان زیاتر دەدی. ڕاستە سروشتی ڕووداوەکە بە وشەکان و تۆنی شیعرەکەوە دیارە. ئەگەر لە وشەسازی ئەو دێڕەی سەرەوە بچینە ناو ڕووداوەکەوە:

(ئەی) ئەداتی ئاگادارکردنەوە و وشیارکردنەوەیە، هەندێ جاریش ئەداتی هەڕەشەیە. لەو شیعرەدا بە هەرسێ مەبەست بەکار هاتووە. مەلا کەسێکی دیارکراو نییە، بەڵکوو دەلالەتە بۆ گرووپێکی دیارکراو کە سەردەستەی زانایانی ئایینین. (خەریکی) چەند دەلالەتی ڕووداوی هەیە، ئەوەندەش دەلالەتی کاتی لەپشتەوەیە (جارێ نەکراوە، کارەکە لە کردندایە. مەترسی لە کارەکەدایە (بەرپاکردنی فیتنە) کە هەموو وشەکان ئەکتیڤ دەکات. مەلا بەو هەیبەت و ڕێز و تا ڕادەیەک پیرۆزییەی خۆیەوە چۆن خراوەتە پارسەنگی کرداری (فیتنەوە)؟ ئەرێ دەکرێ گرووپێک وا ئاسان ئاستی کۆمەڵایەتیی خۆی لەدەست دا؟ تەنیا لە یەک حاڵەتدا کە تا ئەمڕۆ عیبرەت لەو شیعرەی بێکەس وەرنەگیراوە، بە قسەی دوژمن و ئیهانە تەماشا کرا. ئەو حاڵەش چییە وا بەخێرایی ئاستی مەلای گۆڕی؟ تاکە یەک شتە، ئەویش تێکەڵکرنی دین بوو بە سیاسەت، گواستنەوەی مەلا بوو لە کارێکتەرێکی ئایینی، دین و ئینسانپەروەر بۆ سیاسەتپەروەر و لایەنگر و هەڕەشەکەر، کە دواتر ناوی بانگخوازیشی لێ نرا. ئەو کاتە مەلای کورد ئایینی بەکار هێنا بۆ دژایەتیی گرووپێک و پشتگیریی گرووپێکی دیکە، ئەو کاتەی مەلای کورد ئایینی بۆ دژایەتیی زانست و بەرهەمەکانی بەکارهێنا، ئەو کاتەی ئامانجە نەتەوەییەکانی نەدی، دژی ئازادیی تاک وەستایەوە، پیرۆزی و ئاستی کۆمەڵایەتیی خۆی لەدەست دا. لەو کاتەشدا ئایینیان لە فریادڕەسێکی ناخ و ئەزەلییەوە گۆڕی بە ئەداتێکی سیاسی.

دین وەک کایەیەکی کۆمەڵایەتیی گشتی، وەڵامدەرەوەی ناخی ئینسانەکانە. پەیوەندیی ئینسان بە دنیای نادیار لەلایەک و پەیوەندیی ئینسان و ناخی خۆی ڕێکدەخات. مەلایەکانی ئەو کاتە چییان کرد؟ هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیان دا کە لە ناخی ئینسانی کورددا دروست ببووبوو؟ ئەوەتا زووی خرە، لە کاتێکدا ئەوان دەیانگوت تەختە و وەک لەپی دەستە. ئەوەتا دەرمان چارەسەری نەخۆشییەکانیان دەکات، لە کاتێکدا ئەوان پەنایان بۆ نوشتە دەبرد. ئەوەتا ئامێرێک ڕەگەزی کۆرپەی ناو ڕەحمی دایکان دوای چوار مانگ ئاشکرا دەکات، لەکاتێدا لای ئەوان ئەوە کاری ئینسان نەبوو، بەڵکوو غەیبی بوو. ئەوەش بۆشاییەکی قووڵی خستە رووحی ئیماندارەوە، نیگەرانییەک کە پێشتر هەستی پێ نەکردبوو، لەباتی پڕکردنەوە و ئارامکردنەوە و پەنا بردنە بەر دین و عیرفان بۆ دەوڵەمەنکردنی گیانی تەبایی و خۆشەویستی، جێهێشتنی

دنیا بۆ زانست، نا، بەپێچەوانەوە کەوتنە دژایەتییەکی قووڵی خوێندەواری و پێشکەوتن.

ئەوانە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە ئەوەی مەلایەکان پێشتر ناویان نابوو (بەردی گەورە و بچووک) تا ئەو ڕادەیەی کە بەردی گەورە و بچووک لە دنیای دیکەشدا (واتا قیامەت) هەر هەیە، ڕێگایان بۆ چەوسانەوەی بێ سنووری ڕەشوڕووتی کورد خۆش کردبوو. بەو بیانووەی (ڕسق لەسەرەوە دیار کراوە و مرۆڤ ناکرێ کاریگەری لەسەری هەبێ). بەڵام مێژووی سیاسی دەریخست کە دەکرێ بەردەکان هەرچەند گەورە بن، بچووک بکرێنەوە. یاساش ئەوەی خستە ڕوو کە ڕسق بە بڕیارێکی دەوڵەت دابەش دەکرێ.

هەموو ئەوانە، واتا بەکارهێنانی دین لە پرۆژەی سیاسیدا، جا سیاسەتی مۆدێرنیش (کە بەڕاستی حەیابەرەیە)، سەرمایەگوزاریی بە ئایینەوە، دینی لە پرۆژەیەکی رووحی دوورخستەوە و کردی بە شەرکەری دەستەویەخە. (بێکەسیش ئەو بەکارهێنانەی ئایینی لەلایەن مەلاکانی ئەو سەردەمەوە بە فیتنە ناو بردووە، یان زانیوە). وریایی بێکەس لێرەدا لەوەدایە لە بەکارهێنانی وشەدا پەنای بۆ فەرهەنگی دینی بردووە، کە هەم فەرهەنگی گشتی بووە و هەم چەکی دەستی مەلاکان.بە پشتبەستن بە ڕوونکردنەوەی دکتۆر تاها جابر، ئەندامی کۆمەڵەی فیقهی ئیسلامی و سەرۆکی زانکۆی قورتبە لە ئەمەریکا دەڵێ (فیتنە، هەوڵدانی نانەوەی فەسادە لەسەر زەوی"{وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَاداً} نانەوەی فیتنە لەناو خەڵک، شێواندنی ئاساییشیان، هاندانیان بۆ ململانێی توندوتیژ و کوشتار).

لە نیوەدێڕی هەمان شیعرەکەی سەرەوە ئەو فیتنەیەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بەرپای دەکات (دەوری پاپا و عەسری ئیرهاب لێرەدا ئیحیا ئەکەی). لە وتاری پێشوودا ڕۆڵی پاپا ڕوون کراوەتەوە بەتایبەتی لە (عەسری ئیرهابدا) کە مەبەستی سەردەمی دادگای تەفتیشە. زیندووکردنەوەی دادگاکانی تەفتیش و دادگایی و سزادانی خەڵک و کافرکردنیان چ فتنەیەکی گەورەیە!

ئەگەر تەنیا پەنا بۆ دەستەواژە و سیمبولەکانی شیعرەکە بەرین دەشێ شتێ! لە هۆکاری تایبەتی پشت گوتنی ئەم شیعرەوە بزانین (**تۆ کە هیچ کەڵکت نەبێ، تۆ لەباتی وەعز و ئیرشاد، بوویتە شەیتانی عەوام، جاهیلان ئیغوا ئەکەی) تا دەگاتە:**

**گا بە نووسینی مەزابیت. گەە بە تەحریکاتی خەڵک**
**بۆ ڕەزای شەخسێ هەزاران ئیشی بێ مەعنا ئەکەی.**



سەرچاوە
Serchawe

وەگەڕخستنی دین لە پێناو کەسێکدا، بۆ ڕەزامەندیی تاکەکەسێک مێژوویەکی دووردرێژی هەیە و هەر ئەو بەکەسیکردنەی ئایینە زامێکی قورسی بە ئاستی ئایین لە کولتوور و لەناو کۆمەڵگەدا گەیاندووە. چیرۆکی دەسکاریکردنی بنەماکانی دین لەلایەن قەیسەر و پادشاکان و پۆپ و قەدیس و قەشەکانەوە تا دەگاتە کارمەندە هەرە سادەکانی کەنیسە، هەر ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی هەر گرووپ و دەسەڵاتدارێک ڕێسایەکان بەو شێوەیە لێک بداتەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندی و مەرامەکانی خۆیدا بگونجێ. بە چاوخشاندنەوەیەکی خێرا بە مێژووی ئیسلامدا، کاریگەریی ئەو (ڕەزای شەخسێ)یەی بێکەس باسی دەکات بە جەستەی ئەو ئایینەوە بە ئاشکرا دیارە. هەر لەسەرەتای کۆکردنەوەی قورئان و ڕازی نەبوونی بەشێک لە موسڵمانان بەو قورئانەی کۆ کرابووەوە و بە قورئانی قورەیش یان عوسمانیان ناو دەبرد، لەپێش هەمووشیانەوە سەعدی کوڕی عیبادە دەیگوت من باوەڕم بەو قورئانە هەیە لە سینگمدایە و لە پێغەمبەرەوە فێری بووم. بەهۆی ئەو ڕایانەی و نەیاریی لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەبوبەکر و عومەر بە خەلیفە لە شام کوژرا (مێژوونووسانی ئیسلام، لەناویاندا ئیبن کەسیر دەڵێ سەعدی کوڕی عیبادە جن کوشتیان، کاتێک کە بەپێوە میزی دەکرد. ابن كثير. البداية والنهاية).

چەند ئیسلام وەک ئایین لەڕێگەی بەشێک لە پیاوانی ئایینییەوە لە ئیمان و خوداپەرستی دوور بخرێتەوە، دەکرێتە ئەداتێک بۆ داگیرکاری، ئەوەندە بەرژەوەندیی کەسی زیاتر باڵی بەسەردا دەکێشێ و لە ئەنجامدا دەیان ڕێڕەو و مەزهەب و عەقیدەی جیاوازی تێدا دروست بوو، کە زۆریان دژی یەکترن و یەکتریش کافر دەکەن، بە ڕادەیەک ئەو موسڵمانانەی بە دەستی برا موسڵمانەکانیان کوژراون بە هەر بیانوویەک بێ سەدان بگرە هەزاران جار لەوانە زیاترن کە بە دەستی ناموسڵمانەکان کوژراون. بێکەس بە روونتر پێیان دەڵێ (ئالەتی دەستت...دینە) جارێک بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە و (ڕۆژی دەستدارییش سیلاحتە و خەڵقی پێ ئیمحا ئەکەی).

قۆناغەکانی بەکارهێنانی ئایین لەو شیعرەدا ئاشکرایە تا دەگاتە (مەلعەنەت بەسیە هەتاکەی..) ئەوەی زیاتر لەو ڕاستییە نزیکمان دەکاتەوە کە بەشێکی گرنگی هۆکاری نووسینی ئەو شیعرە ڕووداوێکی ئەو ڕۆژانە بووە و ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە چالاکیی کۆمەڵایەتی یان سیاسیی بێکەسەوە هەبووە (من ئەزانم تۆ بە فیتی کێیە کەوتوویتە سەما)، لەو شوێنانەدا کە بێکەس لە دین و کارێکتەری ئایینی دەدوێ زۆر هەوڵی داوە کە دەستەواژە و چەمکی ئایینی بەکار بێنێ، بەڵام لەو نیوە بەیتەی کۆتاییدا زمانێکی بازاڕیی بەکارهێناوە، بە جۆرێک تامی گاڵتەپێکردن دەدات. بەتایبەتی لە هەردوو وشەی (بە فیتی، سەما) ئەوەش لە ئەنجامی ئەوەوە دێت کە کارێکتەرە ئایینیەکە (مەلا) خۆی وەکو نوێنەری دین خزاندووەتە ناو کایەیەکی دیکە کە لە ئاستی ئەو زمانەی بێکەس دایە. (بە فیت)ی بە پیلانی، بە نەخشەی (فێڵبازانە).

(سەما) وشەیەک نییە لێرەدا بۆ نمایش و سەماکردن و ئاهەنگێڕان بەکاربێت، بەڵکوو جۆرێکە لە ڕۆڵگێڕانێکی سووک و

ڕیسوایانە، کە سەرەتا بینەران دەزانن ئەوە چەواشەکارییە و هونەر نییە. ئەوە پیلان و نەخشەیەکی فێڵبازانەیە بۆ هەڵخەڵەتاندن، بۆ دابەزاندنی دین بۆ ئاستی فێڵکردن و بەلاڕێدا بردن. بێکەس لەوپەڕی ئازایەتیدا، تەنیا بە قەڵەمەکەی، بە هەمان چەکی خۆیان وەڵامی داوەنەوە، ئەمڕۆ بازرگانەکانی عەقیە و مەزهەب ئایینیان بردووەتە ئاستێکی زۆر نزمتر و ترسناکتر، بە مەبەستی خزمەتکرنی کەسێک یان گرووپێک،

**بەڵام بەداخەوە ئێستا کەسێک نییە وەک بێکەس بە هەمان چەک وەڵامیان بداتەوە.**

**هەردوو گوێم پڕ بوو لە باسی وەعز و سەرفیترە و زەکات**
**هەر هەواڵی حەشر و نەشرم پێ ئەڵێی تاکوو مەمات**
**بەسیە لەم مەوزوعە لادە فێری نوێژ بۆ کائینات**
**خوتبەیەکی ئیجتیماعیم پێ بڵێ بۆ ڕێی حەیات**
**ئەی مەلا تۆ بی و خودا لەم فیکرە کۆنە لابدە**
**فەننی تازەم پێ نیشاندە بۆ تەرەققی و ڕێی نەجات.**

(دیوانی بێکەس: شیعری، ئاخ مەلا: لاپەڕە: ١١٢).

ئەگەر ئەم شیعرەی بێکەس بە تانە و تەشەر وەرنەگیرابا، نیو سەدە دژایەتی نەکرابا، وەک ڕەخنە و پێشنیارێکی جدی و دڵسۆزانەی خوێنەدەوارێک و کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و ئامۆژگاریی شاعیرێک سەیر بکرابا، چی ڕووی دەدا؟ من مەبەستم هەم لەسەر ئاستی دەوڵەت و هەم لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی. دێڕی یەکەم (سەرفترە و زەکات) دوو بواری گرنگن بۆ یارمەتیدانی هەژاران، لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوویدا خزمەتی هەژارانیان کردووە، کەمێک لەو چاڵە گەورەی نێوان دەوڵەمەندان و هەژارانیان پڕ کردووەتەوە. هەرچەندە ئێستا زانستی کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژی ئەوەیان سەلماندووە کە ئەو کەسانەی بە پارەی خێر و زەکات بەڕێوە دەچن، بۆ هەمیشە کەسایەتیی خۆیان لەدەست دەدەن و ملکەچی ئەو دەستە دەبن کە پارەکەیان دەداتێ، ئەوەش هێنانەخواری ئاستی ئینسانە بۆ پلەی سواڵکردن و دەست پانکردنەوە، لە وەختێکدا دەبێ هەمووان لە خێروبێری وڵاتدا بەشیان هەبێ و دەیان لێکەوتەی دیکە. پرسیارەکە ئەوەیە، دوای تێپەڕبوونی هەزار و چوارسەد ساڵ بەسەر پەیڕەوکردنی ئەم ڕێسایەدا، ئایا سەرفترە و زەکات چارەسەری هەژاریی کردووە؟ ئایا لە هەموو ئەو وڵاتانەی پەیڕەوی لەو ڕێبازەیەدا دەکەن ڕێژەی هەژاری ساڵ بەساڵ بەرز بووەتەوە یان نزم؟ ئایا ئەو وڵاتانەی پەیڕەوی ئەو ڕێسایە ناکەن ڕێژەی هەژارییان زیاترە؟

نیوە دێڕی دووەم (هەر هەواڵی حەشر و نەشرم پێ ئەڵێی تاکوو مەمات) ڕۆژی حەشر، هەموو ژیانی باوەڕداری دیاری

کردووە، (بە دیوە ترسناکەکەیدا)، بەڵام با بپرسین: ئەو ترسە گەورەیە بووەتە هۆی نەهێشتنی تاوان، قەلاچۆکردنی کوشتن، فێڵ لەیەکتر نەکردن، نەفرۆشتنی کەلوپەلی ئێکسپایەر، نەخواردنی ماڵی هەتیو. دەکرێ ئەوەش لەگەڵ هەر سیستەمێکی دیکەی وڵاتاندا بەراورد کەین. ئایا بە بەراورد لەگەڵ هەر کولتوور و سیستەمێکی دیکە، ڕێژەی کوشتن لە وڵاتی ئێمەدا کەمترە؟ ئایا دکتۆر و ئەندازیار و بازرگانە باوەڕدارەکان لە ترسی حەشر و نەشر سەرڕاستترین و بێ فێڵترین ئینسانەکانی دنیان؟ ئایا باوەڕدارە موسڵمانەکان لەدوای کەڵەکەبوونی ئامۆژگاری و باسی (حەشر و نەشر) سەدان و سەدان ساڵی مەلا و زانایان بوونە پەپوولە؟ لە وڵاتەکانیاندا ساڵانە یەک تاقە کەسیش ناکوژرێ مەگەر بە هەڵە؟ ئەوەیە ترسی پیرۆزی شاعیر لە ئایندەی گەلەکەی، وڵاتەکەی و هەتا لە ئیماندارەکانیشی.

هەتا لەو کاتەشدا بێکەس کە لەسەر ئەو شیعرە دژایەتی کرا، ڕۆڵی پیاوانی ئایینی نەسڕیوەتەوە و داوایان لێ دەکات (فەننی تازەم پێ نیشان دە بۆ تەرەققی و ڕێی نەجات). واتا هێشتا فەن و تەرەققی و ڕێی نەجات لەوان داوا دەکات.

نەک مەلای کورد، دەبوو تەواوی زانایانی ئیسلام سوود لەو شیعرەی بێکەس وەرگرن و بیکەنە خاڵی وەرچەرخان، واز لە ترساندن و تۆقاندنی خەڵک بێنن و (تەحسیلی فەن و مەعریفەت ناکەن حەرام). بەڵام بەپێچەوانەوە، وەختێک ڕێگای زانست دەدەن بێتە ناو وڵاتانی ئیسلامەوە کە بەتەواوی لە هێزە شۆڕشگێڕی و عەقڵی و داهێنانەکەی بەتاڵ دەکەنەوە، هەر بۆیە (دائیمەن مەحکوومی جەهلن، سووک و ڕیسوا و ناپەسەن).

ببوورن من ئەو جورئەتەی بێکەسم نییە تا هەموو ئەوەی ئەو گوتوویەتی ئاشکرای کەم، بۆیە ئێوە لە قووڵایی ڕەخنە ئایینیەکانی جێ دەهێڵم. لە وتاری داهاتوودا لەو نائومێدییە قورسە دەدوێم کە نەتەوەیەکی نووستوو بەسەر داهێنەرەکەیدا دەهێنێ.



سەرچاوە
Serchawe

## دوو دیوی دیار لە ژیانی بێکەسدا هەیە

**١٢**

**زەحمەتە بێ مەی ژیانم بەم دڵەی تاریکەوە...**

**سلێمانی ١٩٣٩**

دوو دیوی دیار لە ژیانی بێکەسدا هەیە، یەکەمیان ژیانی تایبەتی و دووەمیان ژیانی گشتی، ڕاستە ئەو دوو دیوە وەک دوو هێڵ هاوتەریبن، تەنها پێکەوە دەڕۆن، بەڵام بە پێچەوانەی یاساکانی ئەندازە و لە بەدبەختیی بێکەس بۆ یەکەم جار دوو هێڵی تەریب بە یەک دەگەن. سەرەتای ژیانی تایبەتی بێکەس بە دوورکەوتنەوەی عەبدوڵا بەگی باوکی و خنکانی حەمەسەعیدی براگەورەی لە رووباری دیجلەدا و کۆچی دوایی دایکی و مردنی خاڵی دەست پێدەکات (ئەوانە هەمووی لە ماوەی دوو ساڵدا). بێکەس لە ژیانی گشتیدا لەگەڵ تەواوی دانیشتوانی سەرزەمین لە گەورەترین دەروازەوە دەچێتە ناو شەڕی یەکەمی جیهان و لە وێشەوە بەرەو گرانیی گەورە و برسیەتیی ڕەش دەکەوێتە ڕێ. هەموو ئەوانەش لە سەرەتای سەدەی بیستدا، کە چەرخی ئەو سەدەیە بەوپەڕی بێ ڕەحمی کەوتبووە هاڕینی تەنها هەست و نەست نا بەڵکوو ئێسقانی ئینسانەکانیشی.

ئەوەندی بواریش هەبووبێ بەهۆی شیعرەکانییەوە چووینە ناو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بێکەسەوە، ئەو هێزەی، کە لە زمان و نەبرەی بەرزی شیعرەکانی بێکەسدا هەیە ورە دەداتە میللەتێک. ئەی ئەو نائومێدییە چییە کە بە (ڕەنگی پەشیمانییە) دەچێتە ناو وشەکانییەوە؟ من دەمەوێ بە هەمووومان بچینە ژێر باری ئەو پرسیارەوە، فایق بێکەسێک! بەرگەی نەهامەتیی بێ باوکی، مردنی بەسەریەکەوەی ئەندامانی خێزانەکە و برسیەتیی ڕەش و هەژار تۆقێنەری گرتبێ، چی گەیاندوویەتیە ئەوەی بڵێ (شەرتە کەر بم)؟ بۆ ئەو بابەتە من دوو شیعر دەکەمە نموونە، یەکەمیان (بەهار نامەوێ دیوانی بێکەس، لاپەڕە: ١٦٥) دووەمیان (تووشی لافاوی عیلم بووم، لاپەڕە: ١٦٦)

**ڕاستە ئەم دوو شیعرە یەک ئاڕاستەیان هەیە، نائومێدی و شتێک لە پەشیمانی، بەڵام ئاست و ڕووداو تێیاندا تەواو جیاوازن.**



سەرچاوە
Serchawe

**یەکەمیان** لە کەسی یەکەمەوەیە بۆ سروشت، بۆ جوانی، بۆ بەهار.

**دووەمیان** لە (من) کۆوەیە بۆ مەعریفە، بۆ زانست.

بەهار نامەوێ جوانیت ببینم
ئەمڕۆ من بەدڵ پەست و غەمگینم
دوورم لە خۆشی، خەریکی شینم
زار و بێزارم تاریکە ژینم
دوژمنی لالەو گوڵ و نەسرینم
بەهار نامەوێ جوانیت ببینم

بۆ نیشاندانی ئەو خەمە قورسی و نائومێدییە قووڵەی ناخی بێکەسی تەنیوە، دەبێ ئاستی ژیاندۆستی و خۆشمەشرەبی و لەزەت پەروەری بێکەس بیر خۆمان بێنینەوە. دەکرێ یەکێکی دیکە لە ناوەکانی بێکەس (شاعیری عەرەق) بێت، چونکە بەشی زۆری شیعرەکانی بۆنی عەرەقی لێ دێت، پێش ئەو هیچ کەسێک وا بە موحیبەت و عاشقانە و ڕاستەوخۆ باسی عارەقی نەکردووە.چەند شیعرێکی تایبەتیشی لە ستایش و گفتوگۆ لەگەڵ عەرەق و قومار و تیاترۆ و خواردن و سەیران و بەزمی برادەران نووسیوە (تالیبی بەزم و ڕەزم، مائیلی چاڵغی و کەمان).

هەموو ئەو ناونیشانانە هی کەسێکن کە ئومێد لە ژیاندا بانگی دەکات، تەمەنی وەک ئەوەی پێویستە بەکار دێنێ. دڵی بە ژیان خۆشە (هەتا شیعرێکی تایبەتی بۆ لاوانەوەی پانتۆڵێکی نووسیوە کە خۆشی ویستووە، ئاە چ پانتۆڵێکی نایاب بوو لە بەرما بێ نەزیر. شینی پانتۆڵ،لاپەڕە: ١٧١). ئەوە جگە لەو هەموو حەماس و کەفوکوڵەی بۆ باشترکردنی ژیان و سیاسەت و دین و پەیوەندیی ئینسان هەیبووە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا چیرۆکەکانی ژیانی چیرۆکی کەسێکی ژیاندۆست و خۆش ئومێدە، با چیرۆکی قورسیش بن. چونکە جیاوازیەکی قووڵ هەیە لە نێوان ئەوانەی هەوڵی فەرهاد دەدەن بەڵام ژیان لەگەڵیان دڵڕەقە لەگەڵ ئەوانەی نائومێدی لە ناخیاندایە و(خەمۆکن). یان هەر ژیان بە بێهودە دەزانن. دیسانەوە دەبێ هەموومان بێینەوە سەر ئەو پرسیارەی، بێکەسێک بەو هەموو ئومێدەوە چی فڕێی دەداتەوە ناو پەشیمانی و تاریکییەوە؟

لە شیعری (بەهار نامەوێ جوانیت ببینم)دا دڵتەنگی بێکەس پەیوەندیی بە پەشیمانی و نائومێدییەوە نییە، ئەوەندەی پەیوەندیی بە حاڵەتێکی تایبەت و کاتییەوە هەیە. هەر بەکارهێنانی (بەهار) کە یەکەم کاتی و وەرزییە، دووەم ڕەمزی ژیانە. (ئەمڕۆ من بەدڵ پەست و غەمگینم) ئەمڕۆ ماوەکە بۆ تاکە ڕۆژێک کەم دەکاتەوە، بەڵام دڵتەنگییەکە پەست و غەمگینیشی دێتە سەر.(دوورم لە خۆشی، خەریکی شینم. زار و بێزارم، تاریکە ژینم).بەرانبەر جوانییەکانی بەهار،کە



سەرچاوە
Serchawe

بێکەس ئاڵودەی جوانیەکانیەتی، پەنا بۆ هەموو وشە پڕحوزنەکان دەبات، تا دەبێتە دوژمنی لالە و گوڵی نەسرین. لەو کۆپلەیەدا بێکەس لە نادیاردا دەمانهێڵێتەوە، ناهێڵێ پەی بە نهێنیی دڵتەنگییەکەی بەرین، بە وشەی (بەهار و ئەمڕۆ) بەهەڵەشمان دەبات و هەست بەوە دەکەین کە دڵتەنگییەکە کاتییە و بۆ تەنها حاڵەتێکە. لە کۆپلەی دووەمدا بە هەمان شێوە بە بێباکی جوانیەکانی بەهار دەژمێرێ (بەهار بولبولت با هەر بخوێنێ، گوڵ خۆی بنوێنێ و کانی هەڵقوڵێ) بە سەرکەشییەوە دەڵێت: (ئەوانە دڵی من نابزوێنێ) دیسانەوە نهێنیەکە ونترە. بێکەس بەو هەموو عەشقەوەی بۆ ژیان دڵی نابزوێ. شیعرەکەش بە لوغزێکی دراماتیکی لەنێوان وێنە جوانەکانی بەهار و حوزنی دڵی بێکەس لە نیگەرانیدا دەمانهێڵێتەوە، تا دوا دێڕ، پەنجەرەیەکی گەورەمان بە روودا دەکاتە و بەس مەرج نییە ئاشکراکردن و کردنەوەی ئەو پەنجەرەیە بە ڕووماندا ئاسوودەمان کات، نەخێر بە پێچەوانەوە، نیگەرانتر دەبین،

**بەڵام نیگەرانییەکی مانادار، دەشێ نیگەرانییەکی شەرمەزاریش کە ئێمە بۆ دڵخۆشین!**

**پەشمە لای کەسێ سەراپا ژینی**
**پڕ بێ لە دیلی و دەرد و غەمگینی.**

بەڵێ هەموو جوانییەکانی بەهار پەشمە لای بێکەس چونکە دڵی پڕە لە دیلی و دەرد و غەمگینی. ئەوەش دەرگایەکی دیکەیە بێکەس دەیکاتەوە کە جوانیەکانی سرووشت، گەنجی و هێزی ئینسان، توانا و بیرکردنەوەی هیچ سەمەرێکیان نییە کاتێک ئینسانەکە ئازادیی لێ زەوت کراوە، بەڵام من لەو دەرگایەوە ناچمە ژووری و دەچمە سەر شیعری دەووەمی نائومێدی بێکەس کە نائومێدییەکی پڕگریان و هاوارە.

**دیوی دووەمی نائومێدی بێکەس، پەشیمانی دڵشکێنی ئەو منەوەرە گەورەیەی کورد لە شیعری (تووشی لافاوی عیلم بووم:**

دیوانی بێکەس: لاپەڕە: ١٦٦)دایە. هەر لەو شیعرەدا ئەوە بەڕوونی دەبینین کە بێکەس هەرگیز ژیانی تایبەتی نەبووە، .ئەو ماڵی لەناچاریدا هەبووە، دەنا بۆ شارەکەی ژیاوە. ئەو ژنی هەبووە و منداڵی وەک کارێکی ڕۆتینی خستووەتەوە، دەنا گەلەکەی بە کەسوکاری خۆی زانیوە. دەتوانم بڵێم بێکەس لەناو جیهانە یۆتۆپیایەکی خۆیدا ژیاوە کە تا ئێستا وێنەی نەبووە، هەر بۆیە گەلەکەی دەتوانێ تووشی نائومێدیی بکات.

**وڵاتەکەی دەتوانێ ڕەنجی بەبا دا، ئەوکاتەش ئەو لە هەموو شتێک پەشیمان دەبێتەوە و نائومێدی تا قوڕقوڕاگەی دێ.**



سەرچاوە
Serchawe

**تووشی لافاوی عیلم بووم و بەڵام زوو دەرپەڕیم**
**سواری پاپۆڕی جەهل بووم و بەناویا تێپەڕیم.**

دەمەوێت وەکو ڕاستی یان حەقیقەت ئەو شیعرە بخوێنمەوە، چونکە دەکرێ بە دیوی دیکەشدا لێک بدرێتەوە. لەدوای ئەو هەموو شەڕە قورسانەی بێکەس لەگەڵ کۆمەڵگەکەی خۆیدا، لەدوای ئەو هەموو پاڕانەوە و نەوازشە، لەدوای ئەو هەموو تەنز و گاڵتە پێکردنە، بەکورتی بۆ ئەوەی کورد لە خەو هەستێ چونکە ئەویش دەزانێ (خەو زەرەریانە)، بێکەس هەموو ڕێگایەک تاقی دەکاتەوە. هاوار دەکات و دەگریا، ڕۆژانەش سینگ بە گوللەوە دەنێ، خۆپیشاندان دەکات و سەرکردایەتیی گەنجان دەکات و هانا بۆ ژن و نەسرینەکان دەبات و هانیشیان دەدات، بەڵام بەداخەوە گەلێکی نووستوو ئاگای لە دڵی گڕگرتووی ئەو نییە. (بەبێ خەم سەر دەنێنە سەرسەرین) نەک ئەو ئاگایان لە دیلیەتی خۆشیان نییە. تەواو وەک ئەو زیندانیانەی ناتوانن بەبێ قەفەزەکەیان بژین، تا ئێستاش.کورد ئەو دیلەیە هەرگیز ناتوانێ بەبێ قەفەزەکەی خۆی بژیت، ئەوەش نە ئەدەبیاتە و نە فەنتازیا و نە چیرۆکی گەلێکی ناو حیکایەت و ئەفسانەیە. ئەوە ڕاستییە، ئەوەتا قەفەزەکە عێراقە، کورد دیلی ئەو قەفەزەیە، چەندان جار دەرگای ئەو قەفەزە کراوەتەوە یان شکاوە، هەموو جارەکان کورد بۆ خۆی قەفەزەکەی چاک کردووەتەوە و دەرگاکەی لەسەر خۆی داخستووەتەوە. ئەوەش جۆرێکە لە دیلی ئەبەدی، ڕاستە کەمە، بەڵام نموونەی لە مێژوودا هەیە. من ناوی دەنێم دیلیەتی لەدڵەوە، وابەستەیی لە ناخەوە. کە مەترسیدارترین جۆری دیلیەتییە. ئەو دیلە بۆ خۆی دەبێتە پاسەوانی خۆی، بۆ خۆی مەسرەفی خۆی دەکات، بەوپەڕی قەناعەتەوە چاوەڕێی مەرحەمەت و لووتفی ئاغاکەی یان خاوەنەکەیەتی.

ئەوە چیرۆکی پشت شیعری (تووشی لافاوی عیلم بووم..)ە، ئەی شیعرەکە، بە چ تەکنیکێک ئەوەمان پێ دەڵێ؟ لە نیوەدێڕی یەکەمدا (لافاوی عیلم)، لە هیچ دەقێکە ئەدەبی یان ئەفسانەییدا لافاو نیشانە و ڕەمزی چاکە و سەرکەوتن و خۆشی نییە. دەشێ گرینگترن لافاو (لافاوەکەی نوح) بێت، مەترسیدارتینیشیانە چونکە ئەرکی لەناوبردنی تەواوی مرۆڤ و ژیانە، ئەرکی سڕینەوەی زیندەوەرە لەسەر زەوی. ئەویش بە هۆی تورەبوونی خوداوەیە لە مرۆڤ، دەشێ ئەو لافاوە تەواو پێچەوانەی پرۆسەی (خەلقکردن) بێ. بۆ ئەوەش ئاماژەیەکی زۆر خێرا دەدەم: لە خەلقکردندا خوداوەند خودا هەموو زیرووح و گژوگیابە زەوی و ئاسمانیشەوە بۆ دڵنەوایی ئینسان دروست دەکات، کەچی لە لافاوی نوحدا بە پێچەوانەوە بەڵام بە هەمان هێزەوە دەیەوێ تەواوی مرۆڤایەتی بە هەموو زیرووح و گژ و گیا و درەخت و زەوی و ئاسمانیشەوە لەناو بەرێ. لەیەکەمیاندا لە خۆشەویستیی مرۆڤ و لە دووەمیاندا لەڕقی مرۆڤ.

کەواتە بێکەس کاتێک ناو لە جوڵانەوەی عیلم و زانست دەنێت (لافاو)، ئاماژە بە وێرانکردن و کاولبوون دەدات لەسایەیان.

ناکرێ چاویش لەو فرمانە بپۆشین کە بەکاریهێناوە (تووش) سەرچاوەی تووشی و ناخۆشییە. لە نیوەدێڕی دووەمدا بەرانبەر (لافاوی عیلم)، (پاپۆڕی جەهل)مان هەیە. دیمەنەکە بەم شێوەیەیە بێکەس تووشی لافاوی عیلم دەبێت و خەریکە بخنکێ، بەڵام پاپۆڕی جەهل ڕزگاری دەکات، سواربوونیش بەرانبەر فرمانی (تووش) بەکارهاتووە کە نیشانەی ڕزگاربوون و سەرکەوتنە. دیوە تەنزەکەی لێرەدایە زانست و عیلم دەبنە مایەی مردن و لەناوچوون، ئەوەی ڕزگارمان دەکات پەپۆڕی جەهلە و نەزانییە. قبووڵکردنی ئەو دیمەنە لەسەر کاغەز تۆزێک قورسە، بەڵام دیتنی لە واقیعدا ئاسانترە. بە گشتی کۆمەڵگەی کوردی عیلم بە مەترسی و لافاو دەزانێ بۆیە ژمارەی ئەو کەسانەی بەڕاستی ڕۆژ بەڕۆژ سواری پاپۆڕی جەهل دەبن زیاترە. پاپۆڕی جەهل سەرتاپای کۆمەڵگەی کوردیی داپۆشیوە بە دەزگا زانستی و مەعریفییەکانیشەوە. ئەو وێنەیەی بێکەس دروستی کردووە تا ئەمڕۆ کاریگەرترین و گونجاوترین وێنەیە بۆ جەهل و زانست لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

**دوای ئەو شیعرە کورد بەشێوەیەکی گشتی سواری پاپۆڕی جەهل بوو و خۆی لە دەریا و لافاوی زانست رزگار کردووە، بووە مشەخۆر لەسەر داهێنانە زانستییەکانی دنیا.**

**سەد شوکر ئۆخەی نەجاتم بوو لە باسی عیلم و فەن**
**نامگرن جارێکی تر بۆیە لە کەیفا هەڵپەڕیم.**

ئەم دێڕە ئاراستەی شیعرەکە لە تەنزەوە دەگۆڕێت بۆ تراژیدیا، دەشێ وەک کۆمیدیای ڕەشیش(Black comedy) بخوێندرێتەوە .کە دوورکەوتنەوە لە عیلم و فەن بە ڕزگاربوون ناو دەبات، وەک پاداشتێکیش ئیدی زیندانی ناکرێت، ئەوەش پێویستی بە سەما و هەڵپەڕینە.

**هەر بۆ پشتگیریی ئەو ڕایەش، ئەو دێڕە دەخەمە بەرچاوتان:**

**گەرچی تا ئێستا وتوومە: تێ بگەن زوو پێ بگەن**
**بەو قسانەم قەتعییەن باوەڕ مەکەن، سەگ بووم وەڕیم**

تراژیدیا گەورەکە لێرەدایە، منەوەرێک لەدوای ئەو هەموو هەوڵ و قوربانییدانە، هەوڵی بەردەوام بۆ وریاکردنەوە و پێگەیاندنی گەلەکەی، دژایەتیکردنی تاریکی و جەهل، ئەوەتا زۆر بەئاسانی دەڵێت (سەگ بووم وەڕیم). ڕاستە دەسەڵاتی فاشستی بەغدا شۆڕشگێڕ و سیاسیەکانی ئەشکەنجە دەدا لەپێناوی ئەوەی تۆبە بکەن و پاشگەز ببنەوە. بێکەس وەک شۆڕشگێڕێک وەک کوردێک زیندانی کراوە و گیراوە، ئەشکەنجە دراوە، کارکەنار کراوە و دەرکراوە بەس بۆ چرکەیەک دوودڵ

نـەبووە و چـۆکی دانـەداوە. کـەچی لەبەرانبـەر رووحـی فەرامۆشـکارانەی کـورد، لەبەرانبـەر تـورەیی و ئیهانەکردنـەکانی نەتەوەکەی خۆی، بێباکی و جەهالەتەکەی وەڕس و بێزار و ماندوو دەبێت و دەڵێ: (بەو قسانەم قەتعییەن بـاوەڕ مەکەن)، ئەگەر نیوەی ئەو پاشگەزبوونەوانەی لە زیندان و لەبەردەم کاربەدەستانی دەوڵەت بکردبا هەرگیز لە وەزیفە دەرنەدەکرا و ناچـار نـەدەبوو لەسـەر جادەکـانی بەغـدا پاکـەت بفرۆشـێ. بـەڵام بێکـەس، ئـەو قارەمانەیـە کـە چۆکدادانیشـی لەبـەردەم نەتەوەکەی بە شانازی زانیوە، نەتەوەیەک تا سەر ئێسقان سووکایەتیی پێکردووە، بۆ چرکەیە دوای زانست نەکەوتووە، تـا بینـەقاقا چووەتـە نـاو جەهالەتـەوە. ئـەو شـیعرەی بێکـەس لـەناو نەتەوەیـەکی وشـیاردا دەبـووە خـاڵی وەرچـەرخان و بەخۆداچوونەوە. با بچینە ناو قوڵایی شیعرەکەوە تا بـزانین لـە چ زامێکـی قووڵـەوە ئـەو ڕستانەی هەڵێنجاوە. زامێک وەک تـاعوون لـە نـاخی بێکەسەوە گواسترایەوە بۆ سەر سینگی هەموو منەوەر و رووناکبیر و خەمخۆرێکی وڵات. زامێک زەمەنی بێکەسـی بـڕی، بـووە هـاودەمی هـەموو زەمەنـەکان، تـەواوی جەسـتەی ئێستاشـی داگیـر کـردووە.لـە وتـاری داهـاتوودا دەردی نائومێدی و پەشیمانی لە وردەکاریی شیعرەکەدا هەڵدەهێنجین.

## تووڕەییەی بێکەس بەرامبەر جەهلپەرستیی نەتەوەکەی ڕۆژ بەڕۆژ فروانتر بووە

### ١٣

**خوێندەواری شێتییە، هەر جەهلە ئینسان سەر ئەخا**
**گەر لەمەولا ناوی عیلمم برد بزانن سەرسەریم**
**خوێندەواری و داڕشتنەوەی کەسایەتیی کورد**

تراژیدیای ئەو دێڕە زۆر لەوە قووڵترە وێنای بکەی، بێکەس یەکەم پۆلی مامۆستایانی نیشتمانییە، ئەو پۆلە مامۆستایەی خوێندەوارییان خستە خانەی پیرۆزەوە، وەک ئەرکێکی هەرە لەپێش خستییانە لیستی ژیانەوە، خوێندەوارییان وەک ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی تەماشا دەکرد و دەناساند. ئەو نەوە نوێیەی مامۆستایان خەمخۆری داڕشتنەوەی کەسایەتیی کورد بوون لە ڕێگای خوێندەوارییەوە.

ئەگەر سەرنج لەو دەستەواژەیە بدەین (داڕشتنەوەی کەسایەتیی کورد) بێ کۆتا جورئەتی دەوێت، پرۆژەکە پرۆسەی بنیاتنانەوەی کەسایەتیی ئینسانە، کە هیچی کەمتر نییە لە خەڵقکردنی ئینسان. (جورئەتێک کە لەماوەی بیست و شەش ساڵ لە دەسەڵات، کورد دەستی بۆ نەبردووە). بێ کۆتا دەلالەتی هەیە، یەکێک لە دەلالەتەکانی کە سادەترینیانە مانادانە بە وشە (واتا خوێندنەوەی ئەلف و بێ)، کردنەوەی چاوی کورد بەسەر لاپەڕەدا، یەکێکی دیکەیان کۆکردنەوەی زانیاری و شارەزابوونە بە زانستەکانی سەردەم. خۆناسینە، گێڕانەوەی هەیبەتە بۆ زمانی کوردی، هەوڵدانە بۆ گواستنەوەی کورد لە کارێکتەرێکی زارەکی بۆ پشتبەستن بە نووسین و تۆمارکردن، ناسینی دەوروبەر و جوانی ناسییە. ڕاستە داڕشتنەوەی کارێکتەری کورد زۆر بواری دیکە دەگرێتەوە، بەڵام بەبێ خوێندەواری گۆڕینی ئەو کارێکتەرە ئەستەمە. ناکرێ کە باسی خوێندەواری دەکرێ سەربازی ونی پەروەردە نەجمەدین مەلامان لە یاد بچێ، کە کەشتیی نووحەکەی ئەوەندەی توانی خەڵکی لە تاریکییەوە بۆ دنیای ڕووناکی گواستەوە.

مەبەست ئەوەیە خوێندەواری کە تاکە چەکی کاریگەری دەستی بێکەسە، بێکەس هەموو چەکەکانی دیکەی واز لێ هێناوە بۆ غەنیمەکەی، جەهل و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و دەسەڵات و سەرمایە و پیلان و گەلەکۆمەکی داوەتە دوژمنەکانی میللەت، بۆ خۆی یەک تاکە چەکی بەدەستەوە گرتووە و بەوپەڕی تواناوە کاری بۆ دەکات. تراژیدیایەکە لێرەدایە، ئەو بێکەسەی کە



سەرچاوە Serchawe

خوێندەوارییەکەی هەموو کەسیەتی بڵێ (خوێندەواری شێتییە)، نەک هەر ئەوە (هەر جەهلە ئینسان سەر ئەخا). ئەوە چ نائومێدییەکە؟ چ پەشیمانییەکی تەمەنە!

دیوی یەکەمی ئەو شیعرە تووڕەییەکی بێ کۆتایی بێکەسە، تووڕییەک کە ئامادەیە لە ناخی خۆیدا قبووڵی بکات و وەک موڵکی خۆی بۆ ئەبەد بیهێڵێتەوە. تووڕەیی کەسێکە کە دەستی لە مێژووی خۆی هەڵگرتووە. (هەرگیز داخی ئەوەم ناچێ کە ئامادەکاری ئەم دیوانە (کاکە حەمەی مەلا عەبدولکەریم) کە پیاوێکە بۆ من لە ریزی کەسایەتییە هەرە پیرۆزەکانە، رێکەوتی نووسینی ئەم شیعرەی بۆ نەنووسیوین، دیارە لەکاتێکە کە لە ساخکردنەوەیدا ساڵێکی بۆ دیار نەکراوە) من وای دەبینم کە بێکەس ئەو شیعرەی لە ساڵەکانی کۆتایی ژیانیدا نووسیبێ، هیچ بەڵگەیەک نابینم کە ئەو تووڕەییەی بێکەس بەرامبەر فەرامۆشکاری و جەهلپەرستیی نەتەوەکەی تا کۆتایی ژیانی کەمی کردبێ یان گۆڕابێ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە رۆژ بەرۆژ بەهێزتر و فروانتر بووە. ئەوەی زیاتریش لەسەر ئەو رایە سوورم دەکات، دێرە شیعرێکی دیکەیەتی، هەرچەند ئەو دێرە بەشێکە لە شیعرێکی جیاواز، بەڵام بە هەمان تووڕەبوونەوە نووسراوە، لەوە دەچێ ئەو دێرەش بەشێک بێت لە شیعری (تووشی لافاوی عیلم بووم...) لە نائاگایی بێکەسدا تێکەڵ کرابێ، ئەوە هەر وەک فەنتازیا نەک حەقیقەت.

**تف لە عیلم و سەنعەت و سەد کارەبا**
**مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا**

(بەبۆنەی بۆمبای ئەتۆمەوە: دیوانی بێکەس: لاپەڕە: ١٦٧)

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ئەو شیعرانەی بێکەس کە لە یەک کاتدا تەنز و تراژیدیا و کۆمیدیای ڕەشن، بە تێگەیشتنی من هەموویان لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا نووسراون، لە ڕواڵەتدا سادەن، هەم لە تەکنیک و هەم لە دەربڕین و هەم لە چەمک و وشە بەکارهێناندا، لە ڕواڵەتدا کە من مەبەستم رووکاری گشتیی شیعرەکەیە، کە دەشێ لە رووکاری گشتیدا هێشتا ئێمە توانای لێکدانەوەی ئەو شیعرانەمان نەبێت و جگە لە سەرسامبوون هیچمان لەدەست نایەت.

دیوی دووەمی (دەشێ ئاواشی لێک بدەینەوە) شیعرەکە بەکارهێنانی دوا چەکە بۆ وشیارکردنەوەی گەلەکەی، بەوەی هەست و شعوری بخەیتە ژێر پێ و دەماری بگری، وەک چۆن زللەیەک لە کەسێک دەدەی کە لە تووڕەییدا عەقڵی لەدەست داوە تا بێتەوە هۆش خۆی. بێکەسیش هەر بە هەمان شێوە ریسک بە کەسایەتیی خۆیەوە دەکات، ریسک بە خوێندەواری و عیلم و سنعەت دەکات، تا گەلەکەی ڕاچڵەکێت و بێتەوە سەر خۆی. ڕاستە ئەو شیعرە وەک پاکانە دەچێ، بەڵام بە ڕوانینێکی دوورتر هێشتا ئومێد لەپشت ئەو دەربڕینانەوە هەیە. هەڵەی بێکەس لەوەدایە تا لەحزەی نووسینی ئەو شیعرەش تروسکەیەک باوەڕی بەوە ماوە کە دەشێ کۆمەڵگەکەی، شاعیرەکەیان بەلاوە گرینگ بێت و بەتەنیا لەناو ئەو هەموو

دەهریبوون و لافاوی نائومێدییە جێی نەهێڵن. هێشتا ئومێدی ماوە پێی بڵێن، تۆ هەڵەی کوا (خوێندەواری شێتییە!)، پێی بڵێن (کوا جەهل ئینسان سەر ئەخا!)، (ئەوەی باسی عیلم بکات کوا سەرسەرییە؟). چاوەڕوانی بێکەس بێهودەییە. دەشێ خۆشی هەر ئەوەندەی ئەو ماسیگرە ئومێدی هەبووبێ کە تۆڕەکەی فڕێ داوەتە ناو بیابانەوە.

**هەر چەند قووڵیش بچینە ناو شیعرەکەوە هێشتا هەست بەو ئازارە گەورەیە ناکەین کە بێکەس بە دەستییەوەوە ناڵاندوویەتی.**

**هێندە تەعقیبی حەقم کرد تاکو نانی خۆم بڕی**
**سووک و ڕیسوا بووم لەناوا گیرۆدەی ئاخرشەڕیم**

پرسیارەکە ئەوەیە، فایق بێکەس لە ڕێگەی چییەوە تەعقیبی حەقی کردووە؟ ئەو بەدواکەوتنەی بۆ حەق بۆچی بووەتە هۆی نانبڕینی؟ کە ژیانی بێکەس دەخوێنمەوە، یان لە شیعرەکانی ورد دەبمەوە هەمیشە سەدەکانی ناوەڕاستم بیر دەکەوێتەوە، بێ گومان بە جیاوازییەوە. لەوێ لە ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەسەڵاتی ئایینی هەبوو، دادگای تەفتیش هەبوو، لەبەرامبەردا فکری ڕۆشنگەر و جۆردن برۆنوەکان هەبوون. ئەی لای کورد دەسەڵاتی ئایینی بەتەواوی کارێکتەری کوردی کۆنترۆڵ کردبوو، بێ دادگا و بێ تەفتیش، فکری ڕۆشنگەری نا، خوێندەوارییەک لەوپەڕی سادەییدا دەستی پێکردبوو.

خوێندەوارییەکی سادە، بێ قووڵایی داهێنان، چەند خەمخۆرێکی وەک بێکەس لەبەرامبەر دێوەزمەی جەهالەتدا چییان پێدەکرێ! لە هەمووی سەیرتر بەریتانیای مەزن کە سەرزەمینی زانست و داهێنانە لەگەڵ دەسەڵاتی ئایینی نەریتی ناوخۆ، هێزی فیودالی مفتەخۆر دەستی تێکەڵ کردبوو بۆ بەزاندنی ئەو چەند بێکەسەی نوێنەری جۆرێک لە بزووتنەوەی ڕۆشنگەری بوون. ئەوەی دەبێ بگوترێ کۆمەڵگە پەراوێزەکان (کورد وەک نوێنەریان) لەدەرەوەی گەشەی فکری جیهانن و ئەو دەستەواژانەی کە بەکاریشیان دەهێنین لە ڕۆشنگەرییەوە تا جووڵانەوەی فکری و چاکسازیی ئایینی و عیلمانیەت و دیموکراتیەت و تا دەگاتە دامەزراوە دەوڵەتی و کۆمەڵایەتییەکان وەکو زانکۆ و پەرلەمان و وەزارەت و تا بچووکترین ڕێکخراوی ئافرەتان، هەر هەموویان لە دوور و نزیک زادەی کۆمەڵگەی کوردی و هیچ کۆمەڵگەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نین، نەک هەرئەوە، لەو هەموو ماوە دووروودرێژەشدا هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەقینەیان بە کۆمەڵگەکانیانەوە نییە، نەیانتوانیوە بچووکترین کاریگەرییان لەسەر وشیارکردنەوە، یان چاوکردنەوەی ئینسانی کورد لەسەر دنیای دەرەوەدا هەبێ.

ئەوەی جێی پرسیارە لەو هەموو ماوەیەدا، لەو هەموو قەیران و ژێنکوشتن و کۆچ و خۆکوشتنی گەنجان و گەڕانەوە بۆ جەهالەت، بڵاوبوونەوەی فکری سەلەفی بەوپەڕی بەهێزی دەیان دەردەی دیکەی مەترسیدار، هیچ دامودەزگایەکی زانستی یان



سەرچاوە
Serchawe

هیچ زانکۆیەک نەچووەتە ژێر باری لێکۆڵینەیەکی ئەکادیمی، یان لێکدانەوەیەکی فکری نەک بۆ چارەسەرکردنی، تەنیا بۆ بەرچاوڕوونیی خۆیان پێشکەش کەن. ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە بڵێین کە ئەو دامەزراوانە تەنیا کۆپی و تەقلیدیکن و تەواو، دەنا پێویستییەکی خودی کۆمەڵگەکە نین. هەر لەبەرئەوەیە لەو وڵاتەی ئێمەدا پەروەردە لە داڕشتنەوەی کاریکتەری ئینسانی مۆدێرن هیچ ڕۆڵێکی نییە، زانکۆ هەرگیز نەبووە و نابێتە مەڵبەندی زانست و پێشکەوتن، نابێتە مەڵبەندی عیرفان و داهێنان. ڕێکخراوەکانی پاراستنی ژنان هەرگیز توندوتیژی دژ بە ژنانیان پێ کەم نابێتەوە.

دادگاکان هەرگیز دامەزراوەیەک نین بۆ بەدیهێنانی عەدالەت ئەوەندەی دامەزراوەی دیکۆری و مشەخۆرن لەسەر کۆمەڵگە، دەتوانن سزا بدەن، بەس هەرگیز ناتوانن دادپەروەری بۆ تاکە یەک کەس بهێننە دی. مافی مرۆڤ و دیموکراتی و دادپەروەری لە کۆمەڵگەی کوردیدا و لە تەواوی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتدا گاڵتەیەکی بێ مانا و بێ متمانە و قێزەونن. من ناو لەو کۆمەڵگەیانە دەنێم کۆمەڵگای کۆپی یان تەقلیتگەرای پووچ، بەس لە خراپترین حاڵەتدا.

هۆکاری هەرە سەرەکی سووک و ڕیسوابوونی بێکەسیش ئەوەیە کە تەعقیبی حەقی کردووە، وای زانیوە کردنەوەی قوتابخانە، فەرمانگە و دادگاکان، دامەزراندنی (مجلس نواب) ڕاستییە و دەشێ ئەویش وەک نوێنەری منەوەر و خوێندەوار دوای حەق کەوێ، لە دروستکردنی کۆمەڵگەی مۆدێرندا ڕۆڵی خۆی بگێڕێ. خەتایەکەی ئەوە بوو، نەیزانی ئەوانە هەمووی گاڵتە و کۆپیکارین، نەیزانی خۆرهەڵات تەنیا دەیەوێ لە ڕواڵەتدا مۆدێرن بێ، دەنا لە ناخی خۆیدا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لە مێژووی موقەدەس و ڕابردووپەرستیی خۆیدا نقووم دەبێ.

**من کە زانیم حاڵی زانا نەفیە، حەپسە، یا شەقە**
**هەر کتێبێکم هەبوو دوێنێ لەداخانا دڕیم**

ڕاستە من لەناو ئەم شیعرە و شیعری (بەهار نامەوێ جوانیت ببینم)دا بۆ ڕایەڵەمانی نائومێدی یان پەشیمانی دەگەڕێم، لە زۆر باریشدا دەستم کەوتوون، دەشێ ئەو دێڕەی سەرەوەش نموونەیەکی روونی ئەو حاڵەتە بێ، بەڵام بە بارێکی دیکەدا، جگە لە نائومێدیی ئەو دێڕە ڕاستییە (حاڵی زانا نەفیە، حەپسە، یا شەقە) (نەفی) دوورخستنەوە، دەرکردن و ڕاونان، شاعیرانامان لە تاراوگە دێتە بەرچاو، نالی لە تاراوگە کۆچی دوایی دەکات، حاجی و پیرەمێرد و بەشی هەرەزۆری زانایانی کورد بەشێکی زۆری ژیانیان نەفی بوون و لە تاراوگەدا ژیاون. کەم نووسەر و زانا و ڕۆشنبیر دەبینی لە سەردەمی بێکەس و دواتریش ڕێیان نەکەوتبێتە زیندانەکانی وڵات، مۆتەکەی زیندان بەسەر تەواوی شیعری کوردیدا بڵاو بووەتەوە. بۆ شەق و لێدانەکەش ئەو دیمەنە بەسە کە محەمەدی مەلا کەریم بۆمان دەگێڕێتەوە کە چۆن (گۆران)ی ڕۆشنگەریان بە

زنجیر بە پەنجەرەوە بەستووەتەوە و هێلانەی زەردەواڵەیان وروژاندووەتە گیان، ئەویش بە شیعر هۆنینەوە فەرامۆشی دڵی خۆی داەتەوە، دواتریش شیعرەکە ون بووە. نموونەکان هێجگار زۆرن. هەموو ئەوانە ڕەگی نائومێدی لە ناخی بێکەسدا قووڵتر دەکەنەوە و ژیانی لێ دەکەن بە دۆزەخ، هۆکارەکەشی باش دەزانێ کە خوێندەواری و کتێبەکانیەتی (هەر کتێبێکم هەبوو دوێنێ لەداخانا دڕیم).

**شەرتە کەر بم بارە گوێزم لێ بنێن خڕڕەی نەیێ**
**با دەمێ زۆر و کەمێ وەک بێ غەمێ بۆ خۆم بژیم**

ئەوە دوا دێڕی شیعری (تووشی لافاوی عیلم بووم..)ە، کە تەواوی شیعرەکە هەشت بەیتە، لە هەمان کاتدا رووحی شیعرەکەشە، رووحی شیعر بەو مانایەی کە تەواوی ئەرکی شیعرەکە و کرۆکی هەست و نەستی بێکەسی تێدا چڕ کراوەتەوە، ئەرکی شیعرەکە بەنەفرەتکردنی هەموو ئەو ماوەیەیە کە شەڕی لەسەر بڵاوبوونەوەی زانست و خوێندەواری کردووە، لەو ماوەیەدا چالاک و سرک بووە و تەسلیمی هەڕەشە و نانبڕین و ئیهانەکردن نەبووە، لێرەدا جگە لەوەی خوێندەواری بەنەفرەت دەکات، وازی لە چالاکیی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەهێنێ، شەرتی ئەوەش دەکات کە (شەرتە کەر بم بارە گوێزم لێ بنێن خڕڕەی نەیێ)، ئەوەش تەواو ئەو کارێکتەرە نموونەیەیە کە کۆمەڵگەکەی دەیەوێ.

بێکەس کە زۆر بەدەگمەن پەراوێزی بۆ شیعرەکانی نووسیوە، دەتوانم بڵێم هەر نەینووسیوە، پەراوێزێکی هێجگار برنداری بۆ ئەم شیعرە تۆمار کردووە (تەمسیلێک کرا بۆ مەنفەعەتی مەکتەبەکانی سولەیمانی، لەو حەفلەیەدا بەناوی (زانستی)یەوە چەند شیعرێکم لەلایەن مەعاریفەوە خوێندەوە. لەدوای ئەوە بە چەند ڕۆژێک لەسەر ئەو شیعرەم نزیکەی ٢٠ ڕۆژ تەوقیف کرام، بە هەزار حاڵ ڕزگارم بوو. کە لە حەپسخانە دەرچووم ئەم شیعرەی سەرەوەم نووسی.. بێکەس. دیوانی بێکەس، پەراوێزی لاپەڕە: ١٦٦).

**چەند ئاسانە گرتن و تەوقیفکردنی شاعیرێک، شکاندن و وردکردنی ناخی، بەجۆرێک کێوێکی وەک بێکەس کە هەم نیشانەی نیشتمانپەروەرییە و هەم نیشانەی بەرگری و ڕەمزی قوربانیدانە، هەم سەربازی بڵاوکرنەوەی خوێندەواری و زانستە، لەسەر خوێندنەوەی چەند شیعرێک لە مەدحی زانستدا زیندانی بکرێ. ئەوەش ئەو بێ ئومێدییە قورسەی لا دروست دەکات.**

(تووشی لافاوی عیلم بووم) وەرچەرخانێکی گرنگە لە دنیای شیعری بێکەسدا، شایانی هەڵوەستە لەسەرکردن و لێکدانەوەیە. ناکرێ تەنیا وەک شیعرێکی شاعیرێکی تووڕە سەیر بکرێ، نەخێر، ئەوە مانفێستی تەسلیم بوونە بە جەهالەت، ئاڵای

سپیی خۆبەدەستەوەدانی رووناکییە بە تاریکی، پاشەکشەی عەقڵە بەرامبەر گەمژەیی، کۆتایی بەرەنگاربوونەوە و رووحیەتی داهێنانە. لەو کاتەوەی بێکەس ئەو شیعرەی نووسیوە، لەوکاتەوەی بێکەس ئەو بانگەی بە گوێی کۆمەڵگەدا داوە، تا ئەمڕۆ ئەو تەسلیمبوونە بەردەوامە و جەهالەت لەوپەڕی توانای خۆیدایە. لەو هەموو ماوەیەدا بۆ تەنیا جارێکیش زانست و داهێنان، عەقڵ و خوێندەواری پڕکێشیی ئەوەیان نەکرد بگەڕێنەوە پێش دۆڕانە گەورەکە، پێش نووسینی ئەو شیعرە.

ڕاستە دەکرێ ئەو شیعرەی بێکەس وەک تەنز بخوێنینەوە، ئەوەش تەنیا لەسەر رووپەڕی کاغەز و دنیای فەنتازییدا، لە کتێب و دیوانەکەیدا، بەڵام لە دنیای واقیعیدا حەقیقەتە. لە دنیای واقیعیدا (پیاوی زانا، عەقڵی دانا، زانی بۆی ناچێتە سەر..بەرگی نادانی لەبەر کرد، بوو بە خاوەن زێڕ و سیم).

**میللەتێک بەو شیعرە ڕانەچڵەکێت و هەر لەکاتی خۆیدا داوای لێبوردن لە شاعیرەکە نەکات و ئیعتیباری بۆ نەگێڕێتەوە، هەرگیز جێگای ئومێد نییە.**

## من ئەوە چواردە هەفتەی تەواوە لەگەڵ بێکەسدا دەژیم

**١٤**

من ئەوە چواردە هەفتەی تەواوە لەگەڵ بێکەسدا دەژیم، لەو ماوەیەدا ئەوەندەی ئەو وێنای کۆمەڵگەی کوردی نیوەی سەدەی ڕابردووەی بۆ کردووم هیچ بابەتێکی دیکە بۆی نەکردووم. لەو بەشەشدا هەوڵ دەدەم ئەنجامەگرنگەکانی هەر سێزدە بەشی ڕابردوو بنووسم.

**یەکەم**: من ویستم لەسەرەتاوە بێکەس وەک شاعیری بەرگری بناسێنم و بۆ پشتگیریی وتارەکانم لەسەر کۆرۆنوالیس پشتی پێ ببەستم، بەڵام هەر لە یەکەم هەنگاوەوە شیعرە ئیستاتیکییەکانی سەرنجان ڕاکێشام و لەگەڵ خۆیان بردم. من نەمتوانی بەرامبەر شیعرە هەرە بەناوبانگەکەی (ئەی مانگ من و تۆ هەر دوو هاودەردین، هەر دوو گرفتار یەک ئاهی سەردین)، وەک پارچەیەک لەو سیمفۆنیایە سەیر نەکەم، کە هاوسەنگیی جوانیی دنیای لەسەر ڕاوەستاوە. هەر ئەو شیعرەش وای کرد پێش هەر شتێک ئاوڕ لەو شیعرانە بدەمەوە کە پڕن لە رووحیەتی شیعر، وەک چون بەهۆی ئەو شیعرەوە مانگێکی جیاوازمان دیت، هەر بەهۆی ئەو شیعرەشەوە بێکەسێکی جیاواز و مانگێکی دیکەی شیعرمان دیت. هەر لەو شیعرەدا لە ڕێگای (personification) واتا بەکەسکردنەوە، واتا هێنانی (شت) بۆ ئاستی ئینسان لە تێگەیشتن و هەستکردنەوە، مانگ جارێکی کە بۆ کورد پێناسە دەکاتەوە، بۆ یەکەم جاریش بێکەس ڕەنگ زەردیی مانگ بە غەمبار و دەردەوە دەبەستێتەوە، کە پێشتر مانگ رووی درەوشاوەی یار بوو، گەڕانی مانگ لەناو سیستمێکی فەلەکی دەهێنێتە دەرێ و (دەیکاتە وێڵ و ڕەنگ زەرد بە ئاسمانەوە) هەر لەو شیعرەشەوە مانگ دەبێتە هاودەم و هاودەردی کورد.

**دووەم**: ئەوەی سەرنجی هەر خوێنەرێک ڕادەکێشێ شیعرە نیشتمانییەکانیەتی. بەبێ بێکەس زۆر زەحمەتە باسی شیعری نیشتمانی کوردی بکەین. ڕاستە پێش بێکەس ڕەگی شیعری نیشتمانی لە ئەحمەدی خانی و مەلای جزیرییەوە تا حاجی قادری کۆیی درێژ دەبێتەوە، بەڵام بێکەس مانایەکی ڕاستەوخۆ و پڕ شانازی و مرۆڤدۆستانەی دایە شیعری نیشتمانی. لەو بوارەدا تاقە دووشیعری دەکەینە نموونە (ئەی وەتەن، سلێمانی ١٩٣٠)، (داری ئازادی، سلێمانی ١٩٤٨). ئەو دوو شیعرەی بێکەس وەک مانفێستی نیشتمانی یان (پەیماننامەی نیشتمانیی کوردە)، پێش ئەو شیعرە مانایەک بۆ پاڕانەوە لە دەسەڵات و بەیاننامە دەرکردن و شاندناردن مابوو، بەڵام دوای ئەو شیعرە ئیدی هیچ بیانوویەک نەما بۆ بەدەستهێنانی ئازادی (بە



سەرچاوە
Serchawe

قسەی گەورە)، چونکە (داری ئازادی بەخوێن) ئاو دەدرێ. ئەوەی جێگای پرسیار و هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەوەیە، ئێستا دوای تێپەڕینی شەست و نۆ ساڵ بەسەر ئەو ئاگادارکرنەوە گرنگەی بێکەسدا، نەوەکانی بێکەس واتا (نەتەوەی کورد) هەر بەنیازن بە قسە و لە دیوەخان ئازادی وەرگرن.

**سێیەم**: شیعرە بەرگرییەکانی بێکەس، من شیعرە نیشتمانییەکانیم لە شیعرە بەرگرییەکانی جیاکردەوە. بەو بەڵگەیەی کە دەڵێ (ئەی وەتەن مەفتونی تۆم)، مەرج نییە وەتەن لەژێر هەڕەشە دابێ، ئەوە خۆشەویستییەکی ئەزەلییە، باڵندە و مار و دووپشک و ورچیش بۆ نیشتمان و خاکەکەیان هەیانە، بۆقیش بۆ زەڵکاوەکەی، خۆشەویستیی نیشتمان هەستێکی نۆستالۆژییە بۆ زێدەکەی، بۆ شارەکەی، بۆ وڵاتەکەی، (هەر چەند بۆ کورد من بۆ خۆم گومانم لەو خۆشەویستییەی هەیە)، بەڵام رووحیەتی بەرگری جیاوازە، رووحیەتی بەرگری کە لای بێکەس شیعری بەرگری نوێنەریەتی، خۆبەختکردنە لە پێناوی وڵاتدا، تیمارکردنی برینەکانی وڵاتە، شۆڕشکردنە، خۆخستنە سەر نووکی چەقۆیە. هەست بە لێپرسراوێتی کردنە بەرامبەر وڵاتەکەت، شەریک بوونی ئازاری یەکە یەکەی ئەندامانی نەتەوەکەتە. دیارترین شیعری بەرگریی بێکەس (قەومی کورد)ە، کە بۆ چوار ئەفسەرە قارەمانەکەی نووسیوە، کە بەهۆی بەشدارییان لە دروستکرنی کۆماری کوردستان لە مهاباد، لە بەغدا لەسێدارە دران، (قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر رووی زەمین). ئەم شیعرە پێمان دەڵێ کە بێکەس ئەوەندەی هەموو کورد هەستی بە ئازاری چوار ئەفسەرەکە کردووە و شانازیشی پێوە کردوون، بۆ بێکەسیش بووەتە ئەو پلکانەیەی کە گیانی فیداکاریی خۆی پێدا بەرزتر بکاتەوە، بەڕادەیەک کە حەپس و تێهەڵدان و زیللەت ببنە جێگای شانازی. رووحیەتی قوربانیدان و بەرگیریی بێکەس لە شیعری (بیست و حەت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم. سلێمانی، ١٩٤٦) دەگاتە لووتکە.

هەر ئەو شیعرەش دەبێتە نوێنەری شیعری ڕووبەڕووبوونەوە و پەنجە لە چاو خستن، هێنانە خوارەوەی دەسەڵاتە لە بورجی عاجەوە بۆ بەردەمی فایەقە فەنیی خاکی و کلۆڵ. بیست و حەوت ساڵە گرنگترین و ڕاستترین و ڕاشکاوانەترین دۆکیومێنت بوو ئینگلیزەکان لەگەڵ خۆیان بردەوە. ئەوەش لەسەر حیسابی دەرکردن و نەفیکردن و برسیکردنی شاعیرەکە. ئەوانەی دەستیشیان بۆ ئینگلیز بە سینگەوە گرت، دواتر بوونە خاوەن موڵک و دەمڕاست و ئەشرافی شار.

**چوارەم**: بێکەس پێش ئەوەی شاعیر بێت ڕەخنەگر بووە، بە وردی سەیری دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە و ڕەخنەی لێ گرتوون، ئەو باش ئەوەی زانیوە دیارهدە کۆمەڵایەتییەکان لە نەزانی و نەخوێندەواری سەرچاوە دەگرێ، هەر لەبەر ئەوەش بووە هەوڵی بەردەوامی داوە ئەوەندەی دەکرێ لە سەرچاوەوە دەردەکان چارەسەر بکات. وەک دەزگایەکی وشیارکەرەوەی گەڕۆک ڕەخنەی گرتووە و هەوڵی داوە.



سەرچاوە
Serchawe

**پێنجەم**: یەکەم ڕەخنەکانی بێکەس رووی لە نەوتەوەکەی خۆیەتی، هەموو ڕێگایەک دەگرێتەبەر بۆ چارەسەر کردنیان، هەنگاو بەهەنگاو، پیشاندانی کەموکوڕییەکان، ئاگادارکرنەوە، هاوارکردن، تا دەگاتە هەست بریندارکردن و جنێودانیش، کە من حەزدەکەم پێی بڵێم زللە لێدانی وشیاری، یان زللەی وشیاری. دەستنیشانکردنی دەردەکانی گەل، سیمای شیعرە هەرە سەرەتاییەکانیەتی وەک شیعری (فیکری سەرکەوتن... سلێمانی.. ١٩٢٥)

(باعیسی فیتنە و فەساد و دوودڵی)، (سووک و بێ ناونیشان) تا دەڵێ،

میللەتی بێ عیلم و سەنعەت باوەڕت بێ دائما
وا لەژێر پێی ئەجنەبیدا ناوی هەر بێ قیمەتە

ئەو شیعرانەی کە ڕەخنەی توند لە کۆمەڵگەکەی خۆی دەگرێت پانتاییەکی فراوانی دیوانەکەیان داگیر کردووە. شیعری (ئامۆژگاری بۆ میللەت ..دیوانی بێکەس، هەولێر، ١٩٢٨)یش دەکەمە نموونە:

ئیتیفاقێ گەر نەکەی، لەم جەهلە خۆت ڕزگار نەکەی
پاشەڕۆژت قەڵبە بە خوا عەیش و نۆشیت زارییە.

**شەشەم**: من هێشتا باوەڕم وایە کە بێکەس پێش ئەوەی شاعیر بێت ڕەخنەگرە، وەک کۆمەڵناسێک کۆمەڵگەکەی خۆی باش ناسیوە و لەو سۆنگەیەشەوە ڕەخنەی لێ گرتووە، نەخۆشییەکانی دەستنیشان کردووە. ئەگەر بەختی یار بوایە و کۆمەڵناسی خوێندبایە دەشێ ببوایەتە زانایەکی کۆمەڵناس و لەو بوارەدا چەندن کتێبی گرنگی بۆ جێ هێشبااین. بە پلەی دووەم ڕەخنەکانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتین، ئەو شیعرانەی دەشێ لەو بوارەدا ناویان بێنین (کە پارەت بوو خزم زۆرە..سلێمانی، ١٩٢٤) (عەیبە..عەیبە، سلێمانی، ١٩٢٦) تیاترۆ و قومار و فیز و لەخۆبایی و قەرزداری، نەخوێندەواری، جەهالەت) و دەیان دەیاردەی دیکە.

**حەوتەم**: ڕەخنە لە کارێکتەرە ئایینییەکان، جێگا و پایەی ڕەخنە ئایینییەکانی بێکەس لەناو دیوانەکەیدا بەرز و فراوانە، هێزێکی تایبەتی بە کەسایەتیی شیعرەکانی داوە. ئەو سەرچاوەی نەزانی و دواکەوتنی کۆمەڵایەتی دۆزیوەتەوە. بەوپەڕی تواناوە لێیان دەدات و کارێکتەری ڕواڵەتیان رووت دەکاتەوە و ئاشکرایان دەکات. ئاگاداریان دەکاتەوە و وەک مەترسی نیشانیان دەدا.



سەرچاوە
Serchawe

**هەشتەم**: ئەگەر بە چاوێکی فراوانتر بڕوانینە شیعرەکانی، لەوێشەوە بۆ تووڕەبوون و شەڕ و جنێو و هاوار هاوارەکانی، ئەوەمان باشتر بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بێکەس هەموو ئەوانەی بۆ وشیارکردنەوەی یەکە یەکەی هاووڵاتییان کردووە، لەبەر ئەو خەمە قورسەی بۆ ئینسانبوونی ئەوانی هەبووە، ئەو لە پێش خەڵکەوە بووە و زووتر هەستی کردووە ژیان تەنیا یەک جارە، یەک هەلە و تەواو ئیدی ناکرێ ئەوەندە مەلولانە و خەمساردانە ڕۆژەکان بەرێ بکەی. هەموو ڕەخنە و شیعرەکانی لە پێناوی ئەو پەیامەدا بووە.

ئەوەی گرنگە، ئایا کۆمەڵگەی کوردی ڕەخنەکانی بێکەسی وەک سەرچاوەیەک بۆ چاکسازی و بەخۆداچوونەوە بەکارهێنا و سوودی لێ وەرگرت ؟ ئایا ئەو شیعرانەی کە هەموو ژیانی خۆی لە پێناویاندا بەخشی بەرهەمێکی لێ کەوتەوە، سەمەرەیەکی هەبوو؟ ئایا کارێکتەری کوردی لەسەر بنەمای خوێندەواری و زانست دروستکرایەوە، وەک بێکەس دەیویست؟ زانست بووە سلۆگان و ئاواتی کۆمەڵگە تا خۆی لەسەر ئەو ڕێک خاتەوە؟ ئایا یەک هەنگاو لە جەهالەت دوورکەوتەوە؟ ئەو پرسیارەشمان زۆر نالۆژیکییە، چونکە ئەوە کۆمەڵگەیە جەهالەت بەرهەم دێنێ نەک بە پێچەوانەوە.

ئەنجامی ڕاستەقینە لەپشت وەڵامی ئەو پرسیارانەوەیە. وەکو هەموو دیاردەکانی دیکە، بێکەس (ئەڵقەیەکی تەنیایە!!)، ئەڵقەیەکی تەنیا مانای خۆی هەیە، واتا بێکەس ئەڵقەیەک نییە لە زنجیرێکدا تا یەکتر تەواوکەن و پرۆژەکە بگەیەننە کۆتایی و هەتیو نەبێ. هەموو ئەوانەی لە جیهاندا دەرکەوتن و کاریگەرییان هەبوو، داهێنانیان پێشکەش بە دنیا کرد و ناویان لەسەر بەرد و قووڵایی فکر نووسرا، ئەڵقەی زنجیرێک بوون، زانایەکی فەلەکناس بەتەنیشت ڕەوتێکی فراوانی داهێنەرانی زووناسییەوە بووە، ئەوانیش کۆمەڵێک کۆمەڵناس و فەیلەسوف هاوکاریان بوون، هەموو ئەوانەش لە پاڵ کۆمەڵێکی سیاسیی مۆدێرن، لەلای ئەوانیش ئاڵقەیەکی دیکە باوەڕدارانی نوێخواز، ئەوانە هەموو پێکەوە زنجیر یان بازنەی گەشەکردنەکە تەواو دەکەن، واتا بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگە پرۆژەیەکی فراوان و گشتگیرە و بە کەسێک یان چەند کەسێک ناکرێ، دیسانەوە واتا ئەو کارە گەورەیەی بێکەس دەستی بۆ بردبوو (بنیاتنانەوەی ئینسانی کورد لە ڕێگای زانست و فکر و خوێندەوارییەوە پرۆژەیەکی گەورەیە و بە ئومێد و هەوڵی بێکەس و هاوڕێکانی ناکرێ، ئەو کەرەستانەی لەو بنیاتنانەوەیەدا پێویستن نەدەست بێکەس و نەدەست هیچ منەوەرێکی دیکە کەوتن. بێکەس ئاڵقەیەکی تەنیا بوو، لەدووریی چەند ئاڵقەیەکی دیکەی لەخۆی تەنیاتر،

**کە چەندین ئاڵقەی دیکەیان پێویست بوو تا زنجیرەکە یان بازنەکە یان پرۆژەکە تەواو کەن:**

**یەکەم**: دەسەڵات، کورد هەرگیز نەیتوانی دەسەڵاتێکی هەبێت و ئەو دەسەڵاتەش لە خزمەتی گەشەی کۆمەڵایەتی



سەرچاوە
Serchawe

بەکاربێنێ. واتا ئەو ئاڵقەیەی دەسەڵات ونە، کە توانا و ئابووری و متمانە دەداتە هاووڵاتییەکانی. ئەو ئاڵقەی دەسەڵاتە بەوپەڕی دڵڕەقییەوە ڕووبەڕووی بێکەس و هەر کەسێک بووەوە کە پڕۆژەی گۆڕینی کەسایەتیی تاکەکانی هەبوو.

**دووەم**: ئایین، ڕەوتی ئایینی نەک نەیتوانی کەڵک لەو بیربۆچوونانەی بێکەس وەرگرێ، بەڵکو تا توانی وەک دوژمن و نەیار تەماشای کرد، هەرگیز ڕازی نەبوون مافی ئەوەی بدەنێ گوێی لێ بگرن، فکر و بۆچوونەکانی تاوتوێ بکەن. ئەوەش نەک لەبەر ئەوەی متمانەیان بە دڵسۆزیی بێکەس نەبوو، نەک لە شێواز و توندیی ڕەخنەکانی نیگەران بووبن، نەخێر، ئەوان باش دەیانزانی پڕۆژە ئابووری و دەسەڵاتیان چۆن ژێرەوژوور دەبێ، بۆیە تا توانییان دژی وەستانەوە و بەنەفرەتیان کرد.

**سێیەم**: ڕواڵەتی دینی کە لەسەر حسێبی باوەڕ و عیرفان پایەکانی داکوتا بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر برەوی بەخۆی دەدا، بەڕادەیەک هەموو ئەرکە ئایینییەکانی لە ماهیەتی خۆیان بەتاڵ کردەوە. دەوڵەمەندی و ڕەزامەندیی ناخ لەبەین چوو، خۆنمایشکردن و ڕواڵەتبازی جێگای گرتەوە، بۆ نموونە (خێرکردن) کە دەبوو ئەو دەست بەو دەست نەزانێ، بوو بە هاوارکردن و بانگەشەی حزبی و ئێستاش گەیشتووەتە ڕاگەیاندنی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان.

**چوارەم**: ئەگەر پەیامی هەرە گرنگ و لەپێشی بێکەس خوێندەواری و زانست بێ، ئەوە لە سیحرێکدا!! ماهییەتی خوێندەواری بەتەواوی گۆڕا. ئەو ئومێدەی نەک هەر بێکەس، نەوەی بێکەس بە خوێندەوارییان هەبوو، بە کلیل و دەروازەی فێربوون و کرانەوەی عەقڵیان دەزانی، سەراوبن بوو. خوێندەواری کرایە جیاکرنەوەی ڕەش لە سپی، تەنیا لە ڕووی ڕەنگی سەر کاغەزەوە، نەک جیاکردنەوەی ڕەش و سپی لە ژیاندا، خوێندنەوەی ڕووداوەکان و گەشەکردنی عەقڵ.

**پێنجەم**: (نەسرین)ەکان ئەوانەی سەرپۆشیان فڕێ دابوو، شۆڕشی بانگخوازەکانیان لە دژ هەڵگیرسا و ئەوانیش زۆر ئاسان تەسلیم بوون. ئازادیی خۆیان بە سومعەی کۆمەڵایەتیی ڕواڵەتی گۆڕییەوە. ئافرەتانی کورد تاکە گرووپن لەوانەیە لە هەموو دنیادا، کە زۆر ئاسان و بەبێ هیچ بەرگرییەک تەسلیم بە نەزانی و هەڕەشەی نفوزی پیاوان بوون، نەک هەر ئەوە ئەوەندەی ژنی کورد دژی ئازادیی خۆیەتی، نەفرەت لە جەستەی خۆی دەکات و ناوێرێ دەریخات، وا بە ڕەهایی تەسلیمی هەڕەشەکانی پیاو بووە کە لەدنیادا وێنەی نییە. دەگمەنە لە مێژوودا کائینێکی دیکە بدۆزیەوە ئەوەندەی ژنی کورد قەفەزەکەی خۆی خۆش بوێت و ئەو هەموو شانازییە بە جەلادەکانیەوە بکات. ئەنجامەکە لێرەدایە، کاریگەریی شیعری بێکەس لەکوێدا ماوەتەوە؟ بەرامبەر هەڕەشەکانی چوونە دۆزەخ و سووتاندنی ئەو دنیا و حەیاچوونی ئەم دنیایە، شیعرەکانی بێکەس چ کاریگەرییەکیان هەیە؟

**شەشەم**: ئەنجامی شیعرە نیشتمانییەکانی لە کوێدا ماوەتەوە؟ ئایا ئەو شیعرانە ئەنجامی خۆیان پێکاوە و تاکی خۆبەختکەر و فیداکار و خۆنەویستیان دروست کردووە؟، کێ رۆژانە هاوار دەکات (ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە)؟ کێن ئەوانە لەپێناوی نیشتماندا پێیان بە بەند و کۆتە؟ ئەرێ بەڕاست ئەوە (حەپس و تێهەڵدان و زیللەتە) وەتەنی لە بیر خەڵک بردۆتەوە؟ ئەوانە تەنیا پرسیارن، چاوەڕێی هیچ وەڵامێکیش ناکەن.

**بێکەس و نەوەی بێکەس سەرەتای رێنیساسێکیان دەست پێکرد (کە غەدرمان لە وشەی رێنسانس نەکردبێ)، بەوپەڕی تواناوە بەرگرییان لێ کرد، قوربانییان بۆدا، خۆنەویستانە وازیان لە هەموو مافێکی ئینسانیی خۆیان هێنا، بریندار بوون و کەوتن و هەستانەوە، گۆڕانکارییەکانی دنیا هاڕینی، بەڵام نیەت و بەرهەم و کاریگەرییشیان مایەوە. ئێستا چی؟**

من هیچ هەوڵێک، هیچ نووزە هەوڵێک بۆ دەستپێکردنەوەی رێنیسانسێک بۆ بنیاتنانەوەی ئینسانی کورد نابینم. تاکی وشیار و گرووپی جیاواز سەرقاڵی ڕاستکردنەوەی سێبەری دارە خوارەکەن، حزبەکان سەرقاڵی رکەبەری ئایدۆلۆژی و رق و کینەی هیچ و بێ بەهان. هەرگیز لە ئاستی دروستکردنەوەی ئینساندا نین. ئەگەر بچووکترین نیاز هەبایە دەبوو ئەمڕۆ شیعرەکانی بێکەس بەتایبەتی داری ئازادی و ئەی وەتەن و ئەی مانگ و بیست حەوت ساڵە و میللەتی کورد ئیسپاتی کرد، دیواربەندیی تایبەتیان لە چوارریان و شوێنە گشتییەکان بۆ دروست کرابایە. من بەوە دڵخۆش دەبم کە بەو چواردە بەشە توانیبێتم پەیکەرێکم بە ڕەنگی خۆر بۆ فایق بێکەس لە دڵی خوێنەرەکانیدا دروست کردبێ.

**ئەم بابەتە وەک زنجیرە وتار**

**لە ١١ی دیسەمبەری ٢٠١٦ تا ١٩ی مارچی ٢٠١٧**

**لە ماڵپەڕی باسنیوز بڵاو کراوەتەوە**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**گەلاوێژی ٢٧٢٠ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe